


ڕۆمان

# پەناهەندە

ئەحمەدی مەلا

ناوی کتێب : شەپیتۆ یا دەوارەکەی برۆکسل

بابەت: رۆمان

نووسەر: ئەحمەدی مەلا

چاپو بڵاوکردنەوەی: چاپخانەی رەنج

تیراژ: ٣٠٠٠ دانە

چاپی: ٢٠٠٦

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردنی ( ٢٥٤ )ی وەزارەتی رۆشنبیری ( ٢٠٠٦ )ی پێدراوە

من ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە. واتە نووسەری ئەم ڕۆمانە. هۆی سەرەکی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەش پەیوەندی زیاتر بە دایکی کاکڵەوە هەیە. کاکل لەوەتەی لە دەرەوەیە، یا ڕوونتر لەم دە دوانزە ساڵەی دوایی، بە لایەن کەم دوو سێ ساڵ جارێک یا کاکل تەلەفۆنی بۆ کردووە یا ئەو، واتە دایکی و هەموو جارێکیش تەنها هەر هەمان پرسیاری لێ کردووم ئەویش، بە نەبرەیەکی شیرین لێی پرسیوە: "توخوا کوڕم چۆنی؟"، تەنها لە دوا تەلەفۆن نەبێت، هەستی بە نەبرەی پرسێکی تایبەت کردووە: "کوڕم توخوا چی دەکەی و خەریک چیت؟" ئەمە قورسترین پرسیار بوو کە لە ژیاندا دایکی کاکل لێی کردبێت. دەشزانم، هەر هەموومان بە شەرمەوە ئەم پرسیارە لە خۆ دەکەین، چونکە پەناهەندە خاوەن دوو ڕوخسارە، یا ڕەوانتر بڵێم، خاوەن دوو ماسکین، واتە دوو دەمامک. کاتێ سەیری باشوور دەکەین پێدەکەنین و کاتێکیش سەیری باکوور دەکەین دەگرێین.

کاکلیش لەو پەناهەندانە بوو کە بە کوڵێ خەونی شیرینەوە وڵاتی جێهێشت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش وەکو بارستاییەک لە کوڵی نەدەبووەوە. لە سەرەتای هەشتاکان بوو گەیشتە پاریس و هەر خێرا ویستی گرووپێکی شانۆ، چ کوردی بێت چ پاریسیی بناسێ. هەندەی نەبرد دومنیکی ناسی، ئەویش خولیای دونیای شانۆ بوو، بە هۆی ئەوەوە تیپێکی گەڕەکی ناسی و وردە وردە تیپێکی بچووکیان پێکهێنا، لەم ماوەیەدا دوو شانۆی دەرهێنا، یەکەمیان لە فۆلکلۆری کوردییەوە بیرۆکەکەی وەرگرتبوو، ئەویش بە ناونیشانی "حەسەنە کەچەڵ"، دووەمیشیان لە داستانە لە بنەهاتووەکی خانی وەرگرتبوو.

ئـەم دوو كـارەی لـە زەرفـی بیـست و دوو سـاڵ ئـەنجـام دابـوو.
مـاوەیـەک بـوو تیپـەکـەی هـەڵـوەشـابووەوە. فرانـسوا چـوو بـۆ ستارسبوورگ و مامـەندی سنەیی بوو بە پاسـەوانی شـەوانە و مـەگالی دەسـتی كـردەوە بـە خـوێنـدن و كاكـل و دومنیـک مانـەوە.
ئەویش ورکی لێ گرت کە ئیتر بە "هاژە" ناوی بەرێت، چونکە وەڕس ببوو لـە نـاوی خـۆی. كـاكلیش تـا دەهـات بیری لـە نـاوەكـەی خـۆم دەکردەوە. ناوێک تا بڵێی کوردییە. ئیتر لەو پاریسە زل و زەبەلاحە کاکێکی بچووک و هاژە، بە بێ تیپی شانۆ ژیانیان دەبردە سەر. لە نێـو زەخمـی حـەشـامات و گلۆبالیزاسیۆن و سـەردەمـی غـەزووی کلتووری، کاکی بچووک هەستی دەكرد تا دێت بچووکتر دەبێت و وڵاتەکەی لە دوورەوە دەبینی وەکو سیرکێکی گەورە وابوو. جڕت و فڕت و رمبـازێن بـوو لـە سـەر دوو پارچـە ئێسقان کـە بـە بـەنێکی نادیارەوە گرێ درابو، دەیان ساڵ بوو دوو خێڵێ دوای کەوتبوون.
ئـەوەی منیش دەمـەوێ لێرە تۆمـاری بکـەم، چیرۆکـی بـەرهـەمـی سێیەمی کاکلە!
ئـەم بـەرهـەمـە لـە زەنگـی تـەلـەفۆنێکـەوە دەسـتی پێكـرد. كاكـل سـەماعـەكـەی هـەڵگرت. دۆسـتێکی دێرینـی خـۆی بـوو. لـە شـاری بروكسل گرووپێکی شانۆیان پێکهێنا بوو لـە دەرهێنـەرێک دەگـەڕان. هـەر بە تـەلـەفۆنیش پێی وتبوو بە زووتری کات تـەیارە وەرگرە. سەماعەکەی داناو قەدەرێک داما. "بچم نەچم!! ئەگەر نەچم چی بکەم، ئەگەریش بچم چی بکەم؟" پێی وتبوو "سبەینێ وەڵامت دەدەمەوە."
ئـەدرەسـەكـەی لـە سـەر پارچـە كاغـەزێک نووسیبوو، دایـە سـایەق تەکسییەکە. بروکسلییەکان هـەر هـەموویان، ئـەگـەر زۆر بـە باشیش فەڕەنسی نـەزانن خـۆ بـەئاسانی کاروبـاری خۆیانیانی پێ ئـەنجام

دەدەن. سایقەکە ئاورێکی لێ دایەوە و یەکسەر سەر و رووخسارێکی رۆژهەلاتی خوێندەوە. خەلکی ساری بوو. شارۆچکەیەکی باکووری ئێرانە. بە شڕە فارسییەکەی تا گەیشتنە شوێنەکە هەندێ قسەیان کرد. موهەندیسی کشتوکاڵ بوو. پێی دەچوو زۆر دڵی بەو ئیجازە تەکسییەکە خۆش بێ کە دەمێک بوو چاوەڕوانی بوو! پێش ئەوەی دابەزێت سەیرێکی کاکلی کرد و پارچە کاغەزەکەی بۆ گەڕاندەوە و پێشی وت:" ئاگاداری خۆت بە، ئەم ناونیشانە ناچێتە عەقڵمەوە. ئێمەی خەلکی ساری بەوە مەشوورین کە داهاتوو دەخوێنینەوە. تارانییەکان هەزار و یەک حەکایەتی جادووبازیمان دەدەنە پاڵ". پەنجەی شایەتمانی لە بەردەم لووتە زلەکەی راگرت و کەمێکیش سەری شۆڕ کردەوە و ئەوجا دیققەتێکی دا و پێی وت : "ئێمە و گرێک زۆر جوداوازین. شانۆ لە عورف و عاداتی ئێمە شوومە ها...".

لە تەکسییەکە هاتە خوارێ، تالییەک مەلاشووی تەنی. سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی کرد و پێش ئەوەی لە شەقامەکەش بپەڕێتەوە، سەری هەلبڕی، گۆڕەپانێکی گەورەی بەدی کرد و دەوارێکی گەورەش هەلدرا بوو کە فەرەنسییەکان بە شەپیتۆ ناوی دەبەن ؛ لەوانەی کە بۆ سیرک دادەمەزرێن. یەک دووانێکی بینی دەچوونە ژوورەوە و ژنێکی بینی عەبایەکی رەش سەرتاپای کردبووە چنارێکی خۆڵەمێشین و چووە ژوورەوە. کاکلیش بە سڵەمینەیەکی رۆژهەلاتیانەوە لە دەرگاکە نزیک بووەوە و یەکێکی بینی دەردەچوو و پارچە کاغەزەکەی داێ و بە کوردی پێی وت :

- جەنابت بەرێز کاکلیت؟

(بۆنی قەستەقولیش دەهات)

- بەڵێ.
- فەرموو با بڕۆینە ژوورەوە.

پێشی کەوت و چونە ژێر دەوارەکە و لە ناوەندی راوەستان. سەیرێکی بنمیچی شاپیتۆکەی کرد و هەواڵی ئازادی لێ پرسی. وتی ئازاد چۆتە وێسگەی شەمەنەفەر و یەک دوو مێوانی دیکەش هەر ئیمڕۆ لە سوێد و نەرویجەوە دەگەن. ئەوها خەریکی قسە بوون، یەکێک بە دەمامکێکەوە بە رەو ڕوویان دەهات. سەرەتا سەیرێکی کاکلی کرد. دەمامکی ورچێک بوو و دەنگیشی گڕ کردبوو. سەیری ئەویتری کرد و پێی وت : "هەندە نابات هەموو ئامادە دەبن" ئەمەی بە دەنگێکی زۆر کەرخ وت. گەڕایەوە و ئاوڕێکی لێ دایەوە و وەک ئەوەی مۆرەیەکی لێکات.

ئەوەی لە تەنیشتی وەستابوو سەیرێکی کرد و بزەیەکی کرد. وتی با بڕۆین قاوەیەک بخۆینەوە تا ئەوانی دیکەش دەگەن. کاکلیش لە هیچ تێنەگەیشت.

لە سووچێک مەکینەیەکی قاوە داندرا بوو، لە دوو کووپی باغە دوو قاوەی هێنا:

- سندانم لێی دا قاوەی ئەم مەکینانەش ناخورێنەوە!

کاکلیش هەر بۆ ئاشنایەتی پەیا کردن و بە پێکەنینەوە :

- ئەم ڕەشماڵە زەبەلاحە تەنها قاوەی عارەبانی نووقسانە.

کیژۆڵەیەکی بروکسلی بە خەندەیەکی موەزەففانە بەرەو لای کاکل هات و پێش ئەوەشی دەست بۆ جانتاکەی بەرێت وتی: "روخسەتم بدەرێ با جانتاکە بەرمە ژوورەکەت، مەبەست ژووری ٧٨ ە. ژوورەکەت ئامادەیە، هەر کاتێکیش ویستت بحەسێتەوە، سەرخەوێک بشکێنی، ئەوە دەتوانی."

- مێرسی.
وەڵامی دایەوە.
حەزیشی دەکرد ئەوەی تەنیشتیشی بناسێ. وەختی تەعاروفیش کەمێ بەسەر چووبوو.
- ئەرێ دەمێکە لە دەرەوەی؟
- دوای ڕاپەڕین. بەڵام دەستی نووسینیشم هەیە!
- شانۆ؟
- نەخێر...پەخشان و ئا... شتی لەو بابەتە.
بە شەرمەوە پێی وت :
- دەقەکە باسی چ دەکات؟
بە پێکەنینەوە وڵامی دایەوە :
- عیشقە عیشق. بابەتی لە بنەهاتوو. هەموو شتێکیش نەچووەوە سەر عیشق بە فشەی وەرگرە!
روخسەتی لێی خواست و ویستی بچێتە توالێت.
- ئەو دوو گڵۆپە سەوزە دەبینی. ڕێک و ڕاست بە ناردەوانەکا سەرکەوە، پاشان بە دەستی چەپ.
پاڵی بەدەرگاکەیا نا. ژنێک خەریکی سڕینەوەی ئاوێنەکان بوو. راچەڵەکی. وتی :
- دەتوانم بچمە ژوورەوە؟
- سیلڤوپلێ! وەڵامی دایەوە.
گوێی لە دەنگە دەنگ بوو. غڕڕەی سیفۆنەکە نەیهێشت تێبگات. دردەچووە دەرێ، کابرایەکی بینی پاڵی بە پرۆژەکتەرێکی پاچکە داری بەرزەوە دەنا. چووەوە بۆ سووچی قاوەخانەکە. مەبەستم مەکینەی قاوەکەیە. ئەویش ڕۆیشتبوو. ناویشی نەزانی!

درەنگتر زانی کە کاک زەرەنگ بوو، سکرتێرەکەی کاک ئازاد.

❊❊❊❊

ئازاد هەورامی و دوو میوانەکە بەرەو شۆستەی قیتاری ناوخۆیی دەچوون. تازە گەیشتبوونە وێسگەی بروکسل نۆرد. پێی دەچوو مەسیفی و ئازاد یەکتر باش بناسن، قۆڵیان کردبووە قۆڵی یەکتر و سمکۆیش ئیجازەی ساڵانەی وەرگرتبوو و بیری لەوە دەکردەوە کە بابەتی سەفەرەکەی هۆڵێودی بۆ ئەکتەرەکان بگێڕێتەوە. مەسیفی بە تەواوی سەری ڕووتابووەوە، بەڵام رووەمەتە سێو ئاساکانی هێمای ئەوەیان دەکرد کە گەنجێکی قۆز بووە. تاکو ئێستاش ژێی گەرووی بە تەواوی نەپلاماون و دەنگێکی ناسکی هەیە. شەپقەیەکی فەڕەنسی لە سەر نابوو کە فەڕەنسییان بێری پێ دەڵێن، لە نەرویج دەژیا و سەندەوێچخانەیەکی کردبووەوە. سمکۆیش تەسویری دوو فلیمی کورتی کردبوو لە هیچ سینەمایەکی وڵاتە ئەسکەندەنافیەکان پیشان نەدران، بەڵام دڵی بەوە خۆش بوو تارکۆفیسکی لە نزیکەوە بینیبوو و لە ماڵەوەش مەکینەیەکی هەشت ملیمی هەبوو، فلیمە دە دەقەکانی بۆ میوانان عەرز دەکرد.

شەپێتۆیەکە، مەبەست لە دەوارەکەیە، تەنها چارەکێ لە ئێسگەی بروکسل نۆردەوە دوور بوو. ئازاد سێ بلیتی زەردی بە دەستەوە بوو و بەرەو فارغۆنێک دەچوون.

لە شوێنێک دانیشتن. ئازاد و مەسیفی بەرامبەر یەکتر دانیشتن و سمکۆیش بەرامبەر قەمسەڵە لەبەرێ دانیشت کە رۆژنامەیەکی هۆڵەندی دەخوێندەوە و وێنەی جەنگی لە سەر دەبینرا. سمکۆ سەرێکی باداو لە دڵی خۆی ئاواتەخواز بوو شەڕەکە هەڵگیرسێ و کۆتایی بەم تراژیدیایە بهێنێ. سەرەرای ئەوەی کابرایەکی ئاشتیخواز

بوو، له هەموو رەوت و خۆپیشاندانەکانی ئۆپسالا بەشداری کردبوو ؛ ژنەکەی ئێستاشی لە یەکێ لەو خۆپیشاندانانە ناسیبوو، بە رەچەڵەک خەڵکی ئۆرگوای بوو و سمکۆیشی تەنها لە بەر پاسیفیسمەکەی خۆش دەویست. سمکۆی لاواز و پەژمووردەی جاران، ئێستا هەر بەو چوارشانانە دەکات رۆژگارییان لە رەپکردنی ماسوولکەی لەش خەرج دەکەن. کابرایەکی کەتە و قژی زۆر جوان تاشراو بە گوڕ. ئسپێرانسا خوێنی هیندی و ئیسپانی لە لەشیا دەگەڕێ، ژنێکی ورد لە ژێر لەشە زلەکەی سمکۆ زۆربەی شەوانێ، کە چراکان دەکوژانەوە، ون دەبوو. دوای مشتومڕێکی زۆر سمکۆ قەناعەتی لە لا دروست کرد بوو کە ئەم جەنگە لە بەرژەوەندی ئاسایشی جیهان دایە. بە شەوقێکی زۆرەوە چاوەڕوانی ئەم شەڕەیان دەکرد.

ئازاد سەرنجێکی سمکۆی دا و هەر خێرا خاتیرەکانی خوێندەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە :

- ئێ سمکۆ گیان... شتێک ناڵێی؟

- چی بڵێم کاکی خۆم!

مەسیفی ویستی وەڵامی ئازاد بداتەوە :

- لە ناو تەیارە باسی شەڕەکەمان دەکرد. هەموومان تا ڕادەیەک لە سەر ئەوە ڕێککەوتووین کە ئەم شەڕە بە قازنجی ئێمە کۆتایی دێت. هەر چەندە من گومانی تەواو دەکەم کە جارێکی دی ئەو ناوچەیە عافییەتی خۆی بدۆزێتەوە.

ئازاد بە بزەیەکی تەوزانەوە :

- ئێمە!! ئێمە کێین؟ یەک دوو ئەکتەری نەگبەت و چەواشە لە سیاسەت؟

کابرای هۆڵەندیزمان دەیخوێندەوە. سێ کوردەکەش کەوتنەوە مشتومڕ سەبارەت بە جەنگێ کە پێنج هەزار کیلۆمەتر لێیانەوە دوور بوو. بەڵام بە گەرموگوڕییەکەوە باسییان دەکرد وا هەست دەکرا ئیتر دەروازەی شانۆکانیان بۆ دەکرێتەوە.

- ئەرێ کاک ئازاد تەخوا با بگەڕێینەوە سەر تەختەی شانۆ. ئەرێ دەقەکە هی کێیە؟ دەیناسین؟ خۆمانەیە... بیانییە؟ ئەم پرسیارە مەسیفی کردی.

ئازاد دەیزانی پرسیاری وای زۆر لێ دەکرێ. دەستێکی بە قژە خاوەکەیا هێنا و زۆر سووریش بوو لەوەی کە دەیوت :

- شانۆنامەیەکی پێشڕەوانەیە. برێختانەیە برادەران. پڕی جەدەلە.

ئازاد وا تێگەیشت کە ئێستا هەردووک شاگەشگە دەبن کاتێ گوێیان لە برێخت و شانۆی پێشڕەوانە دەبێت!

- های های ئەم فەلسەفە لێدانە چییە! سمکۆ بە پێکەنینە ئاساییەکەی وەڵامی دایەوە.

- بە سەری ئێوە شتێکی باشی لێ دەردەچێ. ئازاد لە سەری رۆیشت.

- دە باشە باش. ئاخر بیرۆکەکەی چییە؟ تۆخوا بە ئاسانی باسی کە. وا بزانە شەلغەم فرۆشێکم و هۆلیۆدم نەبینیوە. باشە؟

مەسیفیش لە قسەی قەبە و قەڵەو جاڕس دەبوو. ڕووی کردە ئازاد و پێی وت :

- بە دوو وشە ناتوانی باسی بکەی ماڵئاوەدان؟ خۆ برێخت ئاسان بوو. دەزانی لە یەکێ لە شانۆکانی باسی چی دەکات ؟ ژنێک

مێردەکەی دەنێرێ ماسی بکڕێ، پۆلیسی سڕی ئەڵمانی دەیگرن و هەواڵەی جەنگی دەکەن و دوای جەنگ دەگەڕێتەوە. دەزانن کە دەگەڕێتەوە ژنەکەی چی پێ دەڵێ؟ (بە پێکەنینەوە) ژنەکەی پێی دەڵێ" ئەرێ توخوا ماسیت کڕی؟"

هەموو دەدەنە قاقای پێکەنین.

سمکۆ جارێکی دیکە سەیری ئازادی کردەوە :

- دە تۆش وەکو پیاوێکی چاک پێمان بڵێ شانۆکەتان لە دەوری چ دەخوولێتەوە؟

زەنگی مۆبایلەکەی ئازاد لێی دا، زەرەنگ بوو.

وا دیار بوو پەیمان و حوسێنیش گەیشتبێتن. بە باشە باشە ئازاد تەلەفۆنەکەی داخست.

- ئەرێ خۆ راستە رەمزیش دێت ؟ یەکسەر سمکۆ پرسیاری لە ئازاد کرد. درێژەی دا بە قسەکەی: ئەو سەختەچییەش دێت؟

ئازاد دایە قاقای پێکەنین.

- لیمانی تێک نەدات باشە. توخوا وا نییە سمکۆ؟

- گیرفانی دەوڵەمەندەکانی لەندەنی بەتاڵ کرد، گوایە فلیم بۆ کوردان چێ دەکات!

مەسیفی بە سەر لەقاندنەوە :

- کورە دەستەکانی خۆش بێت. بە خوای گەر من وەک ئەوم پێ بکرابا بۆ دەبوومە کەبابچی! لە جیاتی بۆنی هونەر بگرم، بۆنی بەز و پیوم گرتووە.

****

زەرەنگ کابرایەکی کورتەبنە بوو. قژی کەمێک لە پێشەوە رووتابووەوە. کەڵاشی هەورامی و پانتۆڵی جینزی لە پێدەکرد. چل و

هەشت ساڵی تەمەن، تەنها ئەم دە ساڵە کەمێک حەسابووەوە. حەسانەوەی ئەوروپا! ئەگەر کەمێک سەرنجی ژێرچاوەکانیت بدابایە دوو کیسەی هەڵتۆقاوی شەونخوونی و بیرەی بەلجیکی دەتەقینە پێشچاوت. خزمەتگوزار دیار بوو. هەموو مێوانەکانی لە دوورەوە دەناسی.

تازە لە شەمەنەفەرەکە دابەزیبوون و زەرەنگ لە ناوەندیانەوە دەرۆیشت. هەر سێکیان تا رادەیەک کورتەبنە بوون. بەڵام حوسێن کابرایەکی بە خۆ بوو، هەمیشە هەستت دەکرد کە خۆی دەبینێ. دەیویست خۆی کەشخە راگرێ. کچێکی سویسئیتالی ناسی ناوی فرانچیسکا بوو و لە پرێک دا جێیهێشت. حوسێن تێنەدەگەیشت بۆچی دەسبەرداری ئەکتەرێکی هەند کەشخە دەبین. بە گریانەوە بەرەو ماڵی فیکرەت رۆیشت کاتێ دەرگای لێ کرایەوە سڵاوێکی ئەکتەرانەی کرد و لەبەردەم فیکرەت نەوازشی کرد و فیکرەتیش پێی وت "خوێڕی مەگریێ...وەرە ژوورەوە". ئەویش دوای هەنسکێکی زۆر دەسەسرە هەڵگەچراوەکەی دەردەهێنا و دەیوت "تێناگەم، بەشەرییەتیش تێناگات بۆچی دەبێ فرانچێسکا وازم لێ بهێنێ! جارێکی دیش بە گریانەوە "یەک دوو جار پێی وتم "حوسێن بەیانیان وا توند قوڕگت پاک مەکەوە دونیا بە خەبەر دێنی". بە حەقی خوا لەبەر ئەمە بوو جێی هێشتم". فیکرەتیش وەکو دونیادیدە قۆڵی حوسێنی دەگرت و دەچوونە بارێکی تەنیشت دوو بیرەیان دەخواردەوە.

شاخەوانێکی کاردۆخان چیاکانی ئەلبی پێ بڕی. بۆ ئەو سەفەرە شاخاوییە، جلوبەرگی کاردۆخەکانی لە بەر کرد. سوخمەیەکی لە خوری ساف و لە زۆر شوێنیش دەیکردە سەرین، هەستی دەکرد لە

نێو مێگەلەکەی باپیرە سەرخەو دەشکێنێ. ریش و سمێڵی بەردابووەوە و کیسەیەکی نایلۆنی کریستیان دیۆری بە دەستەوە بوو، هەندێ نان و پەنیری ئیتالی تێکردبوو. تا پۆلی چوار شانۆی خوێندبوو، بەلام شەهادەتێکی مزەوەری لە بەرک نابوو. مایەو سەرمایەی سەفەرکانی حوسێن بوو.

راپەرینی ٩١ دوو دەروازەی زەبەلاحی حەوجۆشی کردەوە : یەکێ لەو دەروازانە، رچەیەک بوو، رێگای ژنهێنانی لێکردوەوە و کچێکی پانزە سالانی هێنا و پاش ماوەیەکیش بوو بە بار بەسەرییەوە. منداڵی حوسێن و هەزەکاریی و گەورەبوونی لە یەکتر جیا نە دەکرانەوە. حوسێن سبەینان وەکو زارۆکێ چاوی دەکردەوە و نیوەڕوانیش وەکو کەلەمێردێکی لێ دەهات. منداڵییەکی تەلخ و هەرزەکارییەکی دەستکورت، رۆسمەنی ساختەی بە موحوسێن بە سایقان دەفرۆشت. نازانین چین ئەو هۆیانەی کە حوسێن بەرەو دونیای شانۆ رادەکێشێ. بەلام حوسێن لەو ئەکتەرانە بوو کە لە سەر تەختەی شانۆ نەدەهاتنە خوارێ. زۆر جار لە گەل خەلک قسەی بکردبایە پۆزی شانۆی وەردەگرت و سەری شۆڕ دەکردەوە و نینۆکی پەنجەی کەلەی بە دان دەقرتان و لە پڕێکدا ئاوڕێکی لاتەنیشتی دەدایەوە و بزەیەک و پاشان دەبووە قاقایەک و لە پڕێکیش دا بێدەنگ دەبوو. دەیویست بە هەموو شێوەیەک بێت سەرنجی ئەویتر بۆ خۆی راکێشێ. کاتێ بە ناو ئەنتێلێکتوالەکانی شاری جنێڤ یەکیان بگرتبایە، حوسێن نەدەچووە دیالۆگ و باسەوە، بە پێچەوانەوە، کتێبێکی دەگرتە دەست و خۆی بە موتالەعەوە خەریک دەکرد. زۆرجاریش لە سەر کومبارەکە وەکو منداڵێک لە ژێر چرپەی نیابەخشی گەوران خەوی لێدەکەوت. سەرەتا وەکو

پیرەمێردێکی کنەفت، پاشانیش دەچووەوە نێو قۆزاغەی منداڵدان و خەوی لێدەکەوت.

پەیمانی هاو(ڕێی) لە کوڕە ئاغاکانی دزەیی بوو. تاقە نەگبەتی خێزان. برا و ئامۆزاکانی لە بەغدا و موسل بە ناوبانگترین دکتۆرن، هەر لە شێستەکانەوە رەوانەی لەندەن کرابوون. ئەمیش عاشقانە دوای کیژێکی چەلەبی کەوت و لە بەغدا خۆی لە بەشی شانۆ بینییەوە و چەند ماوییەکیش گەیاندییانە شاخ. نە شەکراوی عیشقی نۆش کرد نە لە شاخیش مایەوە. لە سەرەتای هەشتاکان لە لۆزان گیرسایەوە! لۆزانی گرێکوێرەی کوردان!

****

ئێمەش تەنها لە ڕێگەی مەسیفیەوە دەزانین رەمزیش دەبێ ئێمڕۆ بگات، پەیوەندییان لە ئاستی هاوڕێتییەکی سادە تێپەڕیبوو. هەر کاتێک رەمزی بگەیشتایەتە کۆمەڵە، مەسیفی باوەشی پێدا دەکرد و دەمێک دەینووساندە خۆیەوە و لە پێش هەموو ئەکتەران شەرمی نەدەکرد دەگریا و دەیوت "بە خودای بە دەستی خۆم نییە هەندەی دونیا خۆشم دەوێ. ئەم میرە لە جیاتی براو باوکمە".

رەمزی زاهیدێکی خوانەناس بوو، کەتەیەک بوو، قژ بژ. لە سەر شرە دۆشەکێک، هەر لە کۆمەڵە دەنووست. کۆمەڵە وەکو کەشتییەک رەمزی لە خنکان رزگار دەکرد. بە شێکل و هەیبەت زۆر بە سەکنێکی گەراجەکانی دەکرد. بەڵام ئایا بە تەواوی رزگاری کرد؟ دەبێ ئەوەش بوترێت کە لە حەفتا و نۆوەش رەمزی و مەسیفی یەکتریان نەبینیوە. مەسیفی هەندەی بینینی رەمزی لە لا مەبەست بوو هەندە شانۆگەرییەکەی لە لا مەبەست نەبوو و بەبێ پێچوپەنا بە خۆی وت "من لە یەک دوو شانۆ و بە دوو رۆڵی کورت بەشداریم

کردووە. جارانیش بۆ ئەوەی دڵی ئێمەی ناشی پێ بدەنەوە قسەیەکی ستانیسلافسکیان زۆر دووبارە دەکردەوە و دەیان وت : رۆڵی کورت و درێژ نییە، بەڵکو ئەکتەری گەورە و بچووک هەیە. بەڵام نازانم بە سودفە بوو هەموو رۆڵە درێژەکان بەر ئەکتەرە گەورەکان دەکەوت. دەی... دەڕۆم بە خودا ئەوانیش ئێستا لە من چاتر نینە".

کاتێک ئازاد بە تەلەفۆن باسی رەمزی بۆ کردبوو، بە بێ ئەوەی بزانێ مەسەلە چییە، وتی : بێ سێ و دوو دێم.

رەمزی رۆشنبیریی سالانی حەفتا بوو. سەرەڕای ئەوەی شیعری زۆر مامناوەندی دەنووسی، دوو فلیمیشی کردبوو، تەنها لە فیستیڤالە کوردییەکان نیشان دەدران. هەندێ دەبابە کۆنی سەردەمی شوورەوی پەیا کردبوو و ویستی فلیمی جەنگی بکات. نەیدەزانی لەم بوارە هۆلیۆد هیچی نەهێشتۆتەوە، نەک تەنها بە نیسیبەت ناشییەکی کوردەوە بەلکو جەنگ لە سینەمای فەرەنسیش هەمیشە کارەکتەرێکی کۆمیدیای بە خۆوە دەبینێ چونکە شەڕ بە نیسبەت ئەمەریکاییەکانەوە شتێکی زیاد لە پێویست سینەماییە. بەڵام رەمزی دەیویست چەند بازرگانێکی کوردی پێ هەڵخەڵەتێنێ و بینەری ساوێلکەی کوردی پێ سەرسام کات. لە یەکێ لە فیستیڤالەکان گوێیان لە سەرنجی چەند پەناهەندەیەکی کورد بوو گوایە وتبوویان باشە ئەگەر ئەم تۆپ و دەبابانە دەست کورد کەوتوون ئەی باشە بۆ لە شەڕی چارەنووسسازی دا بەکاری ناهێنێ. یەکێکی دیکە زۆر بە جیدییەوە وتبووی نەیخۆی،تاڵە، کارتۆنن!! بەڵام رەمزی هەر ئەوەندەی لە لا گرینگ بوو کە لە ناو برادەرە هونەرمەندە کۆنەکانی خۆی پێ هەڵکێشێ و یەک دوو فلسێشی بەر کەوێ. خۆ کاتێکیش بەراوردی بۆن و بەرامەی بەز و پیوی مەسیفێ و دوو فلیمی خراپی

ڕەمزی بکرابایە هەڵبەتە هەر ڕەمزی براوە بوو. ئەمەش بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەنتلیجێنسیای هەڵاتووی کوردستان ڕاست بوو.

مەسیفی چوار مانگان دەبێ خێزانەکەی لەو دیو دەگەڕێنەوە. ماوەیەک لە مەسیف و پاشان لە ئیسکان نیشتەجێ دەبن. بە زۆر سەرەتایی تەواو دەکات و بە هەزار واستە و پاڵپیوەنان ناوەندیشی پێ تەواو دەکەن. خۆشناو ناوێک کۆمەڵەی پێ دەناسێنێ. دەمەو عەسرانێک لە گەڵ خۆی دەیهێنێ و ئەو کات عەبدولباری سکرتێری کۆمەڵە دەبێت و ڕەمزیش ڕابەری بەشی هونەری دەکات. هەر دووک دەچنە ژوورەکەی عەبدولباری و مام عوسمانیش سێ چای شیرینیان بۆ دەهێنێ. مەسیفی سەرنجی وێنەی قەد دیوارەکان دەدات، وێنەی دیمەنی شانۆ و هەندێ دیمەنی فەرەمیی دیکە.

هەندە نابات ڕەمزی لە ئیش دێتەوە و دەچێتە ژوورەکەی خۆی. خۆشناو و مەسیفی ژووری سکرتێر جێدەهێڵن. خۆشناو ڕووی دەمی دەکاتە مەسیفی :

- با سەرێک لە کاک ڕەمزیش بدەین.

- ئەکتەرە؟

- هەر ئەکتەر ماردان! کاک ڕەمزی دەنگخۆش و سیناریۆنووس و دەرهێنەر و شاعیر و کورە چ بڕێم هەر خۆی بۆ خۆی کۆمەڵەیە و کۆمەڵەش هەر خۆیتی.

لە دەرگا دەدات.

- فەرموون.

ڕەمزی خۆی لە سێ ساڵ دەدات. لە پشت مێزێکەوە دانیشتووە. زلفی شۆڕ کردۆتەوە و قژێکی قەترانی درێژ و قەمسەڵەیەکی خاکی

کەتافەدار و خەریکی نووسینە. سەری هەڵدەبڕێ. خۆشناوی لەوەوە پێش دەناسی و فەرموویان لێ دەکات. هەردووک بەشەرمی هەرزەکاریکەوە دەچنە پێشەوە. ڕەمزی بە تەوازعێکی قەستیلانەوە لە بەریان هەڵدەستێت خۆشناو دەڵێ :

- کاک ڕەمزی ئەمە کاک مەسیفیە حەز دەکات ببێتە دۆستی کۆمەڵە.

- بە خێر بێت سەرچاو. ئەم ئێوارەیە هەردووک میوانمن و دەچینە نادی، باش نییە؟

چارەکێ پێکرا دانیشتن و ئێواری یەکتر دەبیننەوە.

****

کاکڵیش چاوەڕوانە. دەمێکە چاوەڕانە و هەزار بیرەداو بە خەیاڵیا برووسکە دەکەن. مەکینەیەکی قاوە و چەند کورسی و قەنەفەیەک. زەرەنگیش لە گەڵ میوانەکانەو بە لێوی کلاشە هەورامییەکەی چەوی ڕێگا رادەچەڵەکینێ. کاکڵ لە ناو بەتاڵیی بیر دەکاتەوە و هەستیش دەکات هەمیشە لە شوێنێکی دیکەیە. ئەویش وەکو سەرفرازێکی دی ڕەخنە لە دار و بەرد دەگرێ. پێش ئەوەی دەقەکەی بینیبێ بیر لە هێڵە گشتییەکانی دەکاتەوە. لە دڵی خۆی بیر لە ژنەئەکتەر دەکاتەوە. قاقایەک لەناو سکی پەنگ دەخواتەوە :"شانۆی کوردی لە ئاستی بنێشتی کوردییە". چوارسەد ساڵ لە شانۆی فەرەنسی جودای دەکاتەوە. خۆ تیپەکەی مۆلییەریش ژنییان نەبوو، پیاو رۆڵی ژنی دەبینی. لە هەموو مێژووی بەشەرییەت ئەمە یەکەمجارە پیاو بچێتە پێستی ژنەوە. چەند ساتێک ئەو سمێڵ ئەستوورانە هەست دەکەن بە پەراوێزی زەمانیانەوە مەمک و مەمکلغ شۆڕ دەبنەوە.

دوو جۆرە فەمینیسم و دوو جۆرە پیاوان هەن کە بەرگری لە شەرعییەتی مافی ژنان دەکەن. واتە چوار بەرە هەن. دووانیان، واتە بەرەیەکی فەمینیسم و بەرەیەکیش لەو پیاوانەی کە بەرگری لە ژنان دەکەن، بە تەواوی قینیان لە یەکترە. مەبەست لە پیاوانەیە کە حیرمانی جینسی وایان لێ دەکات کە بەرگری لە ژنان بکەن، بۆ ئەوەی لە باوەشی خەیاڵ دا دۆشەکی نەرمیان بۆ برازێننەوە، زۆربەیان بە ساڵ توخنی بۆن و بەرامەی ژنان نەکەوتوون. بەرامبەریان ئەو ژنانەن کە ئۆرگاسمیان نەبینیوە. لە زوریخ فەمیسنیسمان گۆڤارێکیان دەردەهێنا نە پیاو بۆی هەبوو شتی تیا بڵاوبکاتەوە، نە وێنەی پیاوێ بڵاودەکرایەوە. ئەمانە فەمینستن یا لیزبیانن؟ باشە چۆن شانۆی پێشڕەو ئەنجام دەدرێت بە بێ ئەوەی ژن رۆڵی خۆی نەبینێ؟ ئەمە مێژووی سەقەتی رۆژهەڵاتە. ئایا مۆلییەر بیری لە پێشڕەویی شانۆ دەکردەوە؟

هەندە نابات چوار پێنج زرتە زەلامی بە ناو ئەکتەر لە بەردەمم قووت دەبنەوە. جا وەرە پێشڕەوانە بیرکەوە.

دەمامکورچەکە پەیا بووەوە. دەستی تەوقەی بۆ کاکل درێژ کرد :

- من بەڕێوەبەری گشتی ئەم باڵاخانەیەم، واتە ئەم شەپێتۆیە. بە خێر بێن. داوای لێبوردنت لێ دەکەم. پێش نەختێ لە گەڵ زەرەنگ راوەستابوون، هەر بۆ سوعبەت وام کرد. من لە کەنەداوە هاتووم، عوودژەنم. ببوورە تا شانۆکەش تەواو نەبێت بۆم نییە دەمامکەکەم فڕێ دەم. ئەمە فرمانە! خواحافیز چاومان بەیەک دەکەوێتەوە.

لەو دەمە شەش کچی تەمەن بیست و پێنج تا سی و پێنج ساڵ هاتنە ژوورەوە. عەباکانیان بە قەد دیوارا هەڵواسی و لە دەوری مێزێکی خڕ دانیشتن. هەموویان کورتەباڵا و پێست ژاکاو و غەمگین.

گەلیٚ غەمگین دیار بوون. جلی رەشیان لەبەر، چاکەتی کورت و پانتۆلی تەسکیان لە پیٚ بوو. جلوبەرگەکانیان هاوچەشن نەبوون بەلاّم زۆر پێکیان دەکرد. بە چرپەش لە گەلّ یەکتر دەدوان. یەکێکیان چوو لە سەر سینییەک شەش پەرداغ چای هێنا. کەوتنەوە چرپەچرپ ئەمجارەیان بە چای خواردنەوەوە.

کاکل سەرنجی دەدان و کەوتەوە بیر کردنەوە. بیری لە ژنانی گەڕەکەکەی کردەوە : تەیراوەی بیٚ تەیر و ئاو!!

دەبیٚ ئەکتەر بن؟ بۆ شەش؟ بۆ پێکەوە هاتنە ژوورەوە و سلاّویان لیٚ نەکردم؟ بۆ وا سەریان ناوەتە سەر یەک؟ ئایا موامەرە دەڕێسن یا باسی سێکس دەکەن؟ یەکێکیان بە ژێر چاوەوە سەیرێکی کردم. شەش گولی ژاگاو بوون، گولی سیس بووەوە. بە قەدیسات دەکەن. بەلاّم خۆ دوو جۆرە قەدیسە هەن. نموونەی تێریس دی ئەڤیلا، ئەو ژنەی کە لە خەلکی شاری ئەڤیلا زویر دەبیٚ و شارەکە جێدەهێلیٚ. بە رووت و قووتی سەفەر ناکات بەلاّم کە دەگاتە سەر ئەو تەپۆلکەیەی کە ئێستا بە یادەوەریٚ ئەو کەپرێکیان بۆی رازاندۆتەوە ؛ ئا لەو شوێنە نەعلەکانی دەتەکێنیٚ و دەلیٚ "تۆز و گەردی ئەم شارەش پیسە". ئا ئەوها سەفەر دەکات. ئەم قەدیسە هەلبەتە ژنی سەردەمی خۆیەتی. نوور و حەوانەوە لە نێوچەوانی دەباری و شکۆفە رووخسار. قەدیسی دیکەش هەن. ئەنجامی حیرمان نیازیانە شوو بە خوا کەن. زوو تورەو دوڕدونگ دەبن. لێویان مۆر هەلدەگەڕیٚ و هەنییەیان بێهودەیی دەیکرۆژیٚ. نموونەی ئەو شەش پیرەژنانە. ( لەمەو دوا بەم کچە عازەبانە دەلێین پیرەژن، چونکە پیرەژن پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە، بەلکو پەیوەندی بە حالەتی زیهنەوە هەیە) کاتێکیش بزەیەک دەکەن، بزەی رۆح نییە، بەلکو

بزووتنەوەیەکی میکانیکی رەجاڵە. ئەم پیرەژنانە نابنە ئەکتەر. شوویان بە خەیاڵ کردووە. تەنها هەر خەیاڵ باوەشیان بۆ دەکاتەوە. ئەو خەیاڵەی کە کوێرەوەریی ژیان پێشکەشی کردووین. ئەو خەیاڵەی کە لە راستی دا زەرووری نییە. مەبەست لەو خەیاڵەیە کە ئینسان وەکو لیمۆ دەگووشێ.

لە کۆتایی دا هەر وەکو حوسێنیان لێ دێت. ئەو حوسێنەی کەوا بە رێوەیە. بە شەوقەوە بەرێوەیە. راستگۆترین و بە وەفاترین ژنی تەختەی شانۆیە. ئەو لە هەنگاوی یەکەمییەوە، واتە لەو کاتەوەی کە ئەپارتمانەکەی جێهێشت خەون دەبینێ. بەڵام خەونە راستەقینە نەپچڕاوەکەی حوسێن ئەوەبوو : حەزی دەکرد وەکو پیرەمێردە تەنهاکەی چایکۆف بە بوتڵێ ڤۆدگاوە شەوانی دوای نمایش لەسەر تەختەکە بنوێ. ریشی سپی بکردبایە و خۆی کوڕ بکردبایەوە و بە راستیش فرمێسک هۆن هۆن بە چاوانیا بهاتنایەتە خوارێ. گوایە تەقەموسی کردووە. نەخێر تەقەموس وا نییە. بەڵکو بۆ کلۆڵی خۆی و دایکە غەریبەکەی دەگریا. بە راستی دەگریا. بۆ حیرمانێکی زکماک دەگریا. یەک دوو دێڕی لە کتێبەکەی ستانسلافسکی خوێندبووەوە و یەک دوو رستەی لە تەرجەمەکانی کامۆی بەر گوێ کەوتبوو و دوو بارە و دە بارەی دەکردنەوە. لە نادییەکانی سلێمانی لە دەوری چیرۆکنووس و شاعیرانی بازنەی چوارەم کۆ دەبووە. جگە لە پرۆگرامی بەشی شانۆ، هیچ شتێکی وا گرینگی دیکەی نەخوێندبووەوە.

نەخێر، راستر وایە بڵێم کە حوسێن شووی بە تەختەی شانۆ کردووە. بۆیە هەمیشە خەفەتبار دیارە. لە گەڵ شەنگترین خاتوونیش

بنووستایە، دەبوایە خۆی بشاریتەوە و دەسپەڕی خۆی بە خەیاڵی خاتووتەختە لێ بدابایە.

ئەو شەش پیرەژنەش هەر بە هەمان شێوە. ئەوان کاتێ بە تەنها دەبن. جلوبەرگە سپییە دەسچنەکانییان لە دۆلابەکان دەردەهێنن و بە خەیاڵی ئەوەوە نەوازش لە گەڵ لەشە دەغەزارەکانیان دەکەن، بۆیە تا دێت ئەو لەشە گوڵئاسایانە سیس خۆیان دەنوێنن. لەشی ژن تەنها لە ژێر پەنجەو دەستی ئەوی دیکە دەگەشێتەوە. ئەوی دیکەی فیزیک، ئەوێک کە خوێن و هەست بە دەمارەکانا دەگەڕێ.

ئەوی ئەوان بەرهەمی کلۆڵییە! بەرهەمی کوێرەوەرییەکی موزمینە! بۆیە لە سەر تەختەی شانۆی کوردی تەنها گوێمان لە ناڵە و نوزانەوەی حوسێنەکان دەبێت. لە تابلۆکان چاومان بە گریان و هەلکرووزان دەبێت. هەر وەکو ئەوەی کە هەمان ئەو چرە خوێنەیە کە لە قەبرغەی مێژوودا فیچقەی کرد، تا ئێستاش بە بەردەممانا گوزەر دەکات. گوێمان لە دووپات بوونەوەی گریانەکان دەبێت. دووپات کردنەوەی گریانیش واتە چەق بەستن. گریان و گریان. سووتانێکی بێ هەڵسانەوە!

یەکێ لە ئیحاکان :

(پیرەژنێکیان) هەڵسا و لە گیرفانی دەسەسرێکی سپی دەرکرد. بە جوولەیەکی تایبەت بەرەو ئاسمان بەرزی کردەوە و هێدی هێدی لە لای دەستی راستەوە بەرەو تەختەی شانۆ هەنگاوی وردی دەنا. سەرکەوت. لە ناوەندی تەختەکە هەڵوێستەیەکی کرد. سەمایەکی حەشرییانە دەکات. سێ دەقە دەخایەنێ. پاشان.

پیرەژنی ١ : تۆ لە کوێی ئەی هۆ و هۆکاری بوونم! لە بێشکەوە

رفێنراوم. خۆم پێشکەشی تۆ دەکەم ئەی دڵسۆز، ئەی کارامەی زەمەنە پووچەکان.

کاکل ئاماژە بۆ حوسێن دەکات و ئەویش لە لای دەستی چەپەوە لە سەر هەمان ریتم سەر تەختەی شانۆ دەکەوێ. ریشی بەرداوەتەوە.

حوسێن : (وەکو پڵینگێکی بریندار دەنەڕێنێ. بێدەنگی. مۆسیقایەکی رۆمانسی. دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، پاشان بەرەو ئاسۆ. بێدەنگی) ئمممم. ئاااااخ. زمان فریام ناکەوێت.

کاکلیش دەیکاتە قاقا، چ قاقایەک!! هی نائومێدییەکی شاراوە کە لە ناخی هەموو پەناهەندەییەک دا هەیە کە رۆژێ لە رۆژان وڵاتەکەی بە خەونێک گۆڕییەوە. ئەوانەی کە وڵاتیش بە خەون دەگۆڕنەوە وەکو لۆرکایان لێ دێت هەر دەرۆن و هەر دەرۆن و هەرگیزیش ناگەنەوە قورتوبە. لە سەر پەتی مەسافەکان وازی دەکات!

لە پانتایی کێشوەری پەناهەندستان تەنها هەر دوو جۆرە پەناهەندە هەن و تا مۆخی ئێسقانیش رقیان لە یەکترە و بە بێ یەکتریش هەڵناکەن. ئەوانەی خەونەکانیان تەحقیق دەبێ و نابێ، ئەوانەشی بە بێ خەون سەوڵیان لەو قایغانە دەدا تا گەیشتنە جەنەتولعەدەن کە تەنها هەر گوێیان لە زرەی مەعدەنێکی رەقوتەق دەبێ.

****

ئازاد و سمکۆ و مەسیفی سێ سێبەری ئەستوور بوون، ئا لەو سێبەرانەی کە بەرجەستە دەبن و قەوارە وەردەگرن و ئیتر دەبنە مادە. لە قیتارەکە دادەبەزن. ئازاد لە کوێسکەکە رۆژنامەیەک دەکڕێ. سمکۆ بیر لە ئێسپێرانسا دەکاتەوە و لە دڵی خۆشی دەڵێ: ئەم قەراغ شارە هێمنتر دیارە، هاتووچۆکەران روخساریان هەیە. شتێکی زۆر ئاساییە ئینسان دوو چاو و دوو گوێ و دەمێک و کەللە

سەرێکی هەبێت. (کەمێکیش بە تەوزەوە) دوو کونە لووتیش بۆ ئەوەی هەوای پیسی بروکسل هەڵمژێ!! هەواپیسترین شاری ئەورووپا.

سمکۆیش وەکو سەدان هەزار کوردی دیکە بە قاچاغ گەیشتبووە سوێد. سوێد لە کۆیادەوەری کۆمەڵایەتی دا گەلێ بارگاوییە، هەندەی دیکەش بارگاوی تر دەبێ کاتێ لە کۆتایی سالانی حەفتای سەدەی رابردوو کەوتبێتە بەر گوێی کوردزمانێ. رزگار بوون لە قەفەزە مەزنەکەی عێراق تەنها لە سێ رچەڕێی قاچاغی سێ وڵاتەوە کە ئەویش بە دەردەسەری پاڵاوانی حەکایەتە کۆنەکان، لە رێگای ئاوی و شاخاوی و ئاسمانی تەڵبەندی قورقوشمرێژکراوەوە ئەنجام دەدرا. هەفتەیەک لە موخابەراتی سوریای دۆست حیجزی دەکەن. دەردی دەدەنێ، بە تایبەت بە دەست ئەو مێردمنداڵانەی کە تازە لە شوانکارەیی بیابانە قڕوقاتەکەی عەرەبوستان گەڕابوونەوە و هێشتا قنچکی هەرزەکاریی بە ڕوومەتە پێست ئەستوورەکەیانەوە بوو و تامێسکەی دڵەڕاوکێی سبەینێی نائومێدی بە لێوە چرچەکانیانەوە، هەر لەبەهەمان هۆ و گەلێ هۆی تێکچرژاوی دیکەی عەقلییەتی بەداوەت کە تەنها هەر بیابانی رووت سەر لە هەندەسەکانی دەردەکات، قین و تووڕەیی و دەردەنگی سیمای هەرە ئاشکرا و شاراوەیان بوو. هەر هەمان بەچکەی ئەو بەدوانە بوون کە لە سەر گوێی رووبارە لێخنە تەنکە باریکەکەی دیجلە، دوای بیست ساڵی دیکە، کاتێ سمکۆ دەگەڕێتەوە باوەشی زێدە وێرانەکەی، هەمان دەردەسەری دەدەنێ و ئەو رووبارەی کە دەکرا هەر بە غاردان بە سەریا رابکات و بپەڕێتەوە، لە سمکۆ و سەدانی وەکو سمکۆ دەبێتە موحیتی ساردوسڕی ئەتلەنتیک. ئا ئەو نەسەبە بوون کە ئێرەییان بە

سمکۆ دا دەهات. دەیانوت چۆن دەبێ ئەم بەچکە کێوییە بگاتە ئەورووپا و ئێمەش لەم دایەرە رزیوانە ژیان بەرینە سەر. سمکۆی هەمیشە دەم بە خەندە بە عارەبییە فەسیحەکەی کە لە خوێندنەوەی تەرجەمەکانی جوبرا ئیبراهیم جوبراوە فێری ببوو تێکەڵ بە عامییەکی بەغدادی کە لەو کیژە شیوعییەوە فێری ببوو کە بە قاچاغ لە ماڵەکەی خۆی شاردبووەوە، کەوتە قسە و بەرگری کردن لە رەوایی مەسەلەی عێراقییەکان و بەلاغەتی ئەو سەردەمەش کە عێراقچێتی گەیشتبووە یەکێ لە ترۆپکە دیارییەکانی، ئەویش بە "یا معەوەد یا معەوەد" کۆتایی بە جوملەکانی دەهێنا. رەق و لاواز و کەمۆکەیش خەمۆکی گەیشتە ستۆکۆلم، سەرەتا سەری لە پاکوخاوێنی هەوا سوڕ دەمێنێ و لە نامەیەک دا کە بۆ جەودوتی هاوڕێی نووسیبوو و وتبووی "جەوە ئاخرەکەی لە جەزیرەتەلموراهیقینی پاک و تەمیز نیشتمەوە". درنگتر لە مەترسییەکانی ئۆزۆن تێدەگات و وردە وردە خۆی بۆ تێبینی و رەخنەکانی ئیکۆلیژستان و پاسیفیستەکان شل دەکات و لە بۆنەیەکیش ئسپێرانسای ورد و ناسک دەناسێ.

ئیتر سمکۆ بە تەواوی تووشی میتامۆرفۆز دەبێت و بە چاوی رەخنەوە دەڕوانێتە دونیا و دوای چەند نمایشێکی شانوگەریی، دەیەوێ بە تەواوی پشت لە شانۆ بکات و ئامێز بۆ هونەری حەوتەم بکاتەوە. سینەماش لەو بەستەڵەکە مەگەر رۆحانییەکی وەکو تارکۆفیسکی پێی بوێرێ. بە ئاشکراش لەم دواییە لە گەڵ هاوڕێیەکی میکانیکی دا بە کەماڵی ئیسراحەت لە سالۆنەکەی پاڵی لێ ئەدایەوە و بە پێکەنینە تایبەتەکەی کە شەخسییەتی دروست کردبوو، توانج و رەخنەی لە کامێرامانەکانی تەلەفزیۆنی کوردی دەگرت. هەر پێش

هەفتەیەکیش لە گەڵ خاوەن گەراجەکەی هاوڕێی لە ماڵەوە بەرامبەر بە تەلەفزیۆنی ساتیلیتی کوردی دانیشتبوون بە بیرە هەڵپچڕینەوە سەیری بەرنامەیەکیان دەکرد سەبارەت بە جیهانگیریی بوو، لاوێکی تەمەن سی ساڵ دوو لاوی شەرمنی دیکەی داوەت کردبوو. پێشکەشکەرەکە خاوەن دەنگێکی گڕی ساڵانی هەشتا بوو، هەر هەمان دەنگ دوایی لە ڕێکلامەیەک دا دوو بارە بووەوە و پاشان لە راپۆرتاژێکی کە لە بارەی ئەنفالەوە بوو هەر هەمان دەنگ دووبارە بووەوە. سمکۆ وەکو عادەت چەپۆکێکی دایە سەر ئەژنۆی و دایە قاقای پێکەنین.

"ئەی باشە شەو و رۆژ باس دیموکراسی ناکەن! لەو هەموو سلێمانییە چوار دەنگ گڕ، دیکە نییە. بە حەققی خودا واستەی هەیە."

بە رەخنەو پێکەنینەوە بە جووتە سەیری بەرنامەکەیان کرد. دیکۆرێکی سارد : سێ ئەسکەمبیل لە ئەسکەمبیلەکانی ماڵی باجی هەمینی دەکرد. مێزێکی قاچ کورت مێوانەکان بە زەحمەت دەنووشتانەوە بۆ ئەوەی سەرنجەکانیان بنووسن. بینەری ماندوو دەکرد. دیکۆری تەلەڤیزیۆن و دیکۆرەکانی دیوەخانێکی هاوچەرخ هیچی جیاواز نەبوو. قاچ و قول و گۆرەوییە قاچاغەکانیان لە سەر فەرشە ئێرانییە بلحەکە بینەری ئیزعاج دەکرد. باگراوندێکی رەش چەشنی رابردوومان. ئیتارەیەکی دزێو و رەنگی ناهەموار : نارنجی و قاوەیی و بۆرێکی دزێو. هیچ دەستێکی هونەریی پێوەدیار نەبوو.

"جیهانگیریی چی؟" سمکۆ هاواری کرد و جارێکی دیکەش دایە سەر چۆکی خۆی و ئەمجارەیان بە توڕەییەوە، تەلەکۆماندەکەی هەلگرت و ماچێکی کرد و پەنجەی نایە سەر دوگمەیەک و کوژاندییەوە!

دیسکێکیان خستە سەری.

ئازاد ڕۆژنامەکەی بە دەستەوە بوو. سمکۆ پرسیارێکی کرد.

- ئاگاداری حوسێن هەی؟

- حوسێنی ژنێڤ؟

- ئا ئا ئەویش دەبێ هاتبێ.

****

زەرەنگ و دوو مێوانەکە لە دەرگای پشتەوە چوونە ژێر شەپێتۆکە. سەرەتا زەرەنگ چوو ژوورەکانیان پێ نیشان دات. چوار قەرەوێڵە لە تەنیشت یەکتر داندرابوون تا رادەیەک پاکوخاوێن دیار بوون. جانتاکانیان دانا و حوسێن چووە تەوالێت و پەیمان و زەرەنگ چەند ساتێک پێکرا مانەوە.

- سویسرا چۆنە؟

کاتێک کوردێک پرسیارێکی وا لە کوردێکی دیکە دەکات مەبەست و نیازەکان دیارن. هەرگیز سویسرییەک پرسیارێکی وا لە سوێدییەک یا لە دانیمارکییەک ناکات! چونکە پرسیاری وا لە عەقلییەتی رۆژئاواییەکان هیچ مانایەکی نییە، نەک ئەمەو بەس بەڵکو گەلحۆیی ئەوی دیکەش روون دەکاتەوە. هەر وەکو ئەو لادییەی کە دەگاتە شار یەکسەر خەڵکی بە ناو شار لێی دەپرسن ئەرێ شار خۆشە. کابرای بەسزمان تەنها ماندووبوونی ڕێگا و کەبابخانەیەکی دیوە و بەس!

پەیمانیش کەمێک بیری لە پرسیارەکە کردەوە و ویستی بەڕێز خۆی نیشان دات و وتی :

- من لە لۆزان دەژیم.

ئایا زەرەنگ چاوەڕوانی وەڵامی وای دەکرد؟ ئەویش بۆ ئەوی تەریق نەبێتەوە :

- ئاخر، مەبەستم لۆزانە.

- شارێکی جوانە. کەمێ شاخاوییە. ئیتر لۆزانە!! وەرە بیبینە.

- بە خوا حەیاتە شاخاوی بێت. حەتمەن ئاویشی لێیە؟

- ئەی چۆن دەریاچەی جنێڤ لۆزانیش دەگرێتەوە.

- خۆ وەکو دەریاچەکەی دوکانی لای خۆمان دەبێ؟

پەیمان بە پێکەنینەوە

- تەنها حەوت هەشت کەپرەکە و بەردە زلەکان و مەقاڵە و مەنجەڵە دۆڵمەکەی نوقسانە. کورە بە ڕاستتە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دەریاچەی جنێڤ و دوکان نییە. زڕتە زەلامیش بە فانیلەوە خۆیان فڕێ نادەنە ناوی و کەسیش سینییە دۆڵمەی لە بەر ناشوات. دەریاچەی دوکان زیاتر بە رووباری غەنجی هیندوستان دەکات. ئێمەش تا تەقلیدی ئەورووپیان بکەینەوە زیاتر بە هیندیان دەچین.

حوسێن لە توالێت دەرچوو بوو و گوێی لە مەنجەڵە دۆڵمە بوو.

- ئێمە چۆن! هیندوئەورووپین.

پەیمان بە پێکەنینەوە :

- کورە هیندین هیندی. ئێمە و ئەوروپا.....پیییاحجح.

حوسێن و پەیمان دوو جەمسەری دژ بە یەک بوون. حوسێن بەرامبەر بە کورد و شانۆ زۆر موتەحەمیس بوو. بە ئاسانی دەماری دەگیرا. لە لەحزەیەک دا عەقڵ پەکی دەکەوت و غەریزە و دەمارگیریی جێی دەگرتەوە.

هەر بە هەمان دەمارگیریی و حیماسەوە لە سەرەتایی نەوەت یەک دوو لاپەڕە بە زمانی فەڕنسی، لە هۆڵێکی شاری هەولێر دا بەرامبەر

بێرنــار کوشــنەری دۆســتی دێرینــی کــورد دەخوێنێتــەوە. نــازانین تەقەموسی کێی کردبوو، بەڵام چووبووە پێستێکی دیکەوە. بێگومـان تــەقــەموســی کوێرەوەری خــۆی کردبــوو. فــەرەنــسییانیش حــەز لــەم کەفوکوڵە زیادڕەوە ناکەن. نێوانی تراژیدیا و تەهریج هەر ئەو هــەودا باریکــەیــە کــە حوسێن قــەت نــەیدەتوانی بیدۆزێتــەوە. بۆیــە هــەموو ســەرتاپای تراژیدیاکانی حوسێن دەکــەوتنــە خانــەی تــەهریجــەوە. لــە کۆتایی دا حوسێن تراژیدیایەکی لە دەست دەرچووبوو. ئەو لە ناخی خۆی ئاگری تێبەربببوو بەڵام پیاوێکی کەمێ ژێر گاڵتــەی بــە عــەقڵی دەهاتــەوە و لــە ناخیشــەوە دەیدایــە پرمــەی پێکــەنین. گواســتنەوەی تراژیدیای واقیع بۆ تراژیدیای ئافراندن پێویستی بە کارامەیی هــەیە، پێویستی بە هونەر هەیە.

حوسێن دەمێک بــوو لــە دەســتی خــۆی دەرچوبــوو. دەمێــک بــوو خاوەن خۆی نەبوو. کەتبووە دەستی جەماوەرێکی بێ روخسا و بێ سیماوە. کەواتە کەوتبووە دەستی هیچ! ئــەم خــەسلەتــەی وای لێکرد کە لە کۆتایی حەفتاکاندا ببێتە قارەمانی یەکێ لــە چیرۆکنووســە تــازە پێگــەیشتووەکانی کــوردستان : ریشۆڵەفرۆشێکی کلۆڵ قــەد نابێتــە قارەمانێکی تراژیدیا، تەنها دەتوانێ بەرجــەستــەی کوێرەوەری بکات، دەتوانێ تەجسیدی کلۆلی بکات. گرفتە بنچینــەییــەکانی حوســێن دوو شت بوون : کورد بوون بوو لــە لایــەک، بــەڵام پێش ئــەوەی کــورد بــوونیش بێــت گرێیــەکی ئاڵۆزکــاو بــوو. ئــەم گرێیــەیــە کــە رچــەی هونــەرمــەنــدی کــورد هــەمیشە پێــوە دەئــاڵۆزکێ. تیژتــرین چــەقۆ قەبرغەمانی کردبێتە دوو.لەتەوە دەدترێتە پاڵ رۆژهەڵاتناسێکەوە کە وتوویــەتــی کــوردان هــەموو شــاعیرن. تێرمــی "هــەمــوو" هــەمــوو

خسووسییەتیک کە هونەر پێویستی پێی هەبێت لەغوو دەکات. نابێت بوترێت فلانە میللەت هەموویان دنگخۆشن چونکە ئەو کات دەنگخۆشی وەکو خەسلەتیک بایەخی نامینێت. دەنگخۆش تەنها لە ناو دەنگناخۆشان بایەخی خۆی پەیا دەکات.

بۆیە حوسێن حەزی دەکرد شتیک بێ لە کوردیتی رزگاری کات یا هەر نەبێ کەمێ بەزری کاتەوە و بینایی کەمێ رۆشن کات. بۆیە کە پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ و دەڵێ " ئێمە چۆن! هیندوئەورووپین". ئەو بیر لە خێزانیکی گەورە دەکاتەوە. بیر لەوە دەکاتەوە کە ئیتج ئەگەر بدرێتە پاڵ ئەو رەگەزە لە رەگەزە خۆی قووتاری دەکات! بەلام نەیدەزانی هیندوئەورووپی تەنها خێزانیکی زمانەوانییە و بەس!

ئەدی چی حوسێن و پەیمانی کۆکردۆتەوە؟ تەنها کوردبوون بوو یا پەناهەندەبوون بوو یا خولیای شانۆ. لە راستی دا هیچیان نەبوو. حوسێن دەترسێ بە تەنها سەفەر کات. کاتێ بە تەنها سەفەر دەکات هاجیسی ونبوون تیایا قەبارە وەردەگرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی. ئەو کاتەی کە باوکی دایکە عارەبەکەی تەلاق دەدات و حوسێنی تەمەن شەش ساڵان دەکەوێتە دەستی پوورەکانی کە لە توویمەلیک دەژیان. ماوەیەک ئەم دەست و ئەو دەست دەکات تا لە باوەشی باوەژنێک دا دەگیرسێتەوە. حوسێن لەو کاتەوە هەست دەکات کە کەس قبووڵی ناکات. خۆ وەرگیران لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش لە کۆتایی حەفتاکان کاریکی ئاسان نەبوو بە تایبەت بۆ کوردیک، بەلام حوسێن وەردەگیرێت، تەنانەت لجوئی سیاسیشی دەدەنێ لە سویسرایەک کە باشترین پەیوەندی لە گەل دیکتاتوری عێراقی سەردەمی شەڕی عێراق و ئێران دا هەبوو ؛ بەلام حوسێن

هەستی دەکرد هەمیشە رەفز دەکرێت. بە تایبەتی کاتێ فرانچیسگا پێی دەڵێ: "ئوسێن باشترە لەمەو دوا یەکتر نەبینین". هەر ئەم رەفزەش وای لێدەکات بگەڕێتەوە کوردستان و پیلی کچێکی هەرزەکاری پاکیزە بگرێت و پاشانیش بۆ تۆڵەکردنەوە دەسبەرداری بێت. تۆڵەی فرانچیسکای لە کیژێکی کوردی بەسزمان دەکاتەوە. هەموو خەون و خەبات و کوردایەتی بەرامبەر پاکیزەیەک پووچ دەبێتەوە. لە راستیش دا دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی شێلگیرانە لە مەڕ پەناهەندەی کوردییەوە ئەنجام بدرێت کە سەرئەنجامەکەی بەمە کۆتایی دێت : "فشار و چەپاندنی سێکس بووەتە ئەم هۆی ئەم کۆچکردنە بەرە و دونیای باکوور. دوای ئەوەی ئەم فشار و کەپتە خاو دەبێتەوە، کەفوکوڵی دادەمرکێ ئینجا دەبێتە پەناهەندەی سیاسی یا ئینسانی"!

کاتێ حوسێن دەکاتە شاری ژنێڤ پەیمانیش ئەو کات لەوێ دەژیا. سەرەتاش بۆ چەند هەفتەیەک لە ماڵی پەیمان دەژێت و هەمیشە ئەوەی لە لا دووبارە دەکاتەوە "باشە پەیمان ئەگەر تۆ لێرە نەبوویتایە خۆ دڵم شەقی دەبرد". تا یەک دوو مانگیش باس باس هەر باسی شاخەوان بوو : هاوڕێی سەفەری، بەڵکو ڕێپیشاندەر و چاوساغی چیاکانی ئەلب.

****

کچە قژ زەردەکە سەر دەکەوێ و بە دوای زەرەنگ دا هاتووە. سڵاو دەکات و حوسێنیش نەوازشێکی و بزەیەکی بۆ دەکات. زەرەنگ روخسەت دەخوازێ و بە قژ زەردەکەش دەڵێ میوانەکان بەرێتە خوارێ. لەم کاتەدا پەیمان دەیەوێ خۆی بگۆڕێ و دەگەڕێتەوە ئەو ژوورەی کە چوار قەرەوێلەکەی لێبوو. لەو کاتەی

که حوسێن و قژ زەردەکە دێنە خوارێ کاکل گەڕاوەتەوە ژوورەکەی خۆی. حوسێن لە تەنیشت قژێکی زەردی ئالتوونی هەنگاوی ئەکتەرانەی خۆی دەهاوێ. بە هەمان شێوە، جار نا جارێکیش ناولەپ بە سەر لووتی شۆڕ دەکاتەوە و سمێلی بەرەو خوارەوە دەهێنێتە خوارێ و لە چەناگەی خڕی دەکاتەوە و سەری شۆڕ دەکاتەوە و دەیەوێ هەر ئێستا حسێبی ئەکتەری بۆ بکەن. نەک هەموو ئەکتەرێکیش، ئەکتەرێکی خاوەن هەڵوێست و غەدر لێکراو.

دەگەنە لای مەکینەی قاوەکەی کە لە تەنیشتی دوو قەنەفە و چەند ئەسکەمبیلێ دانرا بوون.

قژ زەردەکە دەست بۆ گیرفانی دەبات و فیشێک دەردەهێنێ و کووپەیە قاوەیەک لە مەکینەکە دەردەهێنێ و بە حوسێنیش دەڵێ :

- ڤوو ڤوولێ ئون کافی؟ واتە قاوەیەکتان دەوێ؟

حوسێنیش وەکو جەنتلمانێک، بە زەردەخەنەیەکەوە و کەمێکیش سەری خوار دەکاتەوە و بە دەستیش ئاماژە دەکات کە قاوە خۆر نییە. کچە قژ زەردەکە بە کووپە قاوەکەوە بەرەو کاروباری خۆی دەڕوات و حوسێنیش لە سەر قەنەفەیەک بەرامبەر بە شەش ژنە رەشپۆشەکان دادەنیشێ.

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و هەردوو بازووەکانی بەملاو ئەولای قەنەفەکە بڵاودەکاتەوە و پێ دەخاتە سەر پێ. سەیری نووکی پووتەکەی دەکات و بە ئاستەمیش سەرێ هەڵدەبڕێ و سەری لار دەکاتەوە و تەماشایان دەکات. یەکێکی دیکەیان هەڵدەستێ و سینییە پەرداغە بەتاڵەکان دەبات و چاکان نوێ دەکاتەوە. بە چاو دوای سینییەکە دەکەوێت و پاشان پێ لە سەر پێ دادەگرێ و سەری دەخاتە نێو هەر دە پەنجەی و سەری شۆڕ

دەکاتەوە و بیر دەکاتەوە. حوسێن زۆرجار وا بیر دەکاتەوە، لە راستی دا زیاتر دالغە دەیباتەوە و خەیالبازی دەکات وەک لە بیرکردنەوە.

هەڵدەستێتە سەر پێ و بە نرخاندنەوە لە شەپێتۆکە ورد دەبێتەوە و یەک دوو هەنگاو دەچێتە پێشەوە و سەیری راست و چەپ دەکات. بە دەستی چەپ چەند هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە و دەمامکورچەکە بە رەو رووی دێت. حوسێن هەمیشە بەرامبەر بە دیمەنی لەم شێوەیە زۆر ئاسایی هەڵسوکەوت دەکات :

- ئاااا! هەی مام ورچی هەڤاڵی منداڵیم. هەرگیز لە یادت ناکەم...

دەست دەخاتە سەر شانی و دەیەوێ روومەتی ماچی کات.

ئەویش کەمێ لێی دەسڵەمێتەوە و لێی دوور دەکەوێتەوە و بە دەنگێکی زۆر کەرخەوە :

هەڤاڵی منداڵی و هەرزەیی و هەڤاڵی داهاتووتم. تۆی مەشوورترین ئەکتەری دونیا. هاهاهاهاه. دەداتە قاقای پێکەنین و حوسێن جێدهێڵێ.

حوسێن جارێکی دیکە سەری شۆڕ دەکاتەوە و دالغەیەکی کورتخایەن دەیباتەوە و پاشان بزەیەک و دەست دەکاتەوە بە پشکنین و هەنگاوی ورد دەهاوێژێ. دەکەوێتە نێو فەزایەکی نیمچە تاریکەوە و لە سووچێک چەند مۆمێک داگیرساون و وێنەیەکیش سمێڵدارێکیش کەمێ تورە دیارە داندراوە و چەند گوڵەباغێکی نایلۆنیش لە تەنیشتی بە جوانی داندراون. حوسێن وەکو خواپەرستێ دەنووشتێتەوە و بە دیقەتەوە سەیری وێنەکە دەکات و وەکو ئەوەی شتێکی کەشف کردبێ و زۆر بە ئیکرامەوە و لە خۆبووردوییەوە دەست بۆ گوڵێکیان دەبات و هەڵی دەگرێ و پێش

ئەوەی بۆ لووتی بەرێت قەدەرێ بە ناو لەپ نەوازشی لە گەڵ دەکات و بە میهرەوە دەستی پێدا دەساوێ. وەکو ئەوەی بۆنی گوڵێکی راستەقینەی تازە لێکراوە بکات. بە راستی بۆنی دەکات و هەموو سینەی پڕ لە بۆنی لاستیکێکی ناخۆش دەبێت. بەڵام حوسێن بە لووت بۆن ناکات، ئەو تەنها بە رۆح بۆن دەکات؛ بۆیە بۆنی لاستیک و بۆنی گوڵەباغێک لە کۆتایی دا هەر هەمان شتن!

****

ئازاد و سمکۆ و مەسیفیش گەیشتوونەتە پێش دەرگای شەپێتۆیەکە. ئازادی دەنگخۆش دەمێک لە ئوتێلی پلاس دو ئێتوال لە پاریس ئیشی دەکرد و هاوینانیش لە قەراغ دەریای ناوەند کاریکاتێری توریستانی دەکێشا. ئیشی شەوانی ئوتێل ماندووکەرە و بە سەدان کەسی رەگەز و نەسەبی جیاوازی دەناسی. سەفەری هاوینانیشی بە ریحلەتوشیتای وەسسیەفی دەبینی. پارەیەکی کەم و رێگریش بەرامبەر بە بەهرە هەرە لە دڵخۆشەکەی ئەویش گۆرانی وتنە. هەمیشە، کاتێک شەوان ئارام و هێمن دەبوو و موسافیرانیش لە پرخەی خەو دەبن بە ژێر لێوەو هەمیشە منگەیەکی لێوە دەهات و بە دەم خەیاڵیشەوە، بە نووکی پەنجە ئیقاع بۆ نەغمە و مێلۆدییەکانی دەدۆزییەوە. حەوت ساڵی شەوان بە تەواوی وەرسی دەکات و هاوینانیش شاعیرێکی سوریالی جێی دەگرێتەوە. نەغمەی ئەویش مسودە رەش کردنەوەیە بە نیازی ئەوەی لە ئایندەیەکی زۆر نزیک بگەڕێتەوە شارە لە دڵا شیرینەکەی و تەجرەبەی سوپولۆ بە تەیراوەییەکان بگێڕێتەوە. هەموو شەوێ کاتێک موسافیران لە پرخەی خەو دا دەبن، خەون دەبینێ خەونی سوریالی : هەمان خەونەکەی پیرەمێردی شاعیر بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە دەم گوێی

رووباری دیجله وتویتێ. پەناهەندە و قەلەندەری گەڕاوەی باوەشی نیشتیمان خەون دەبینێ. زۆرن ئەوانەی کە شیعرەکەی دەدەنە پاڵ خەرمانی شیعری رۆمانسی، بەڵام لە هەقەت دا شیعرێکی سوریالییە! سوریالییە تا ژێر نووک نوخان. شاعیرەکەی تەیراوەش دەداتە شەقەی باڵی سەرفرازی و دەکەوێتە پەرواز. ئەویان لە دەم گوێی دیجلە و ئەویان لە سەر رووباری خاپوور. دەڕوانێ و دەبینێ حوکمزاتییە راستەقینەکە بووەتە دەوڵەتێکی تازە و خەتی حدوودەکانی گەیشتوونەتە ئەو پەڕی وڵاتی فەیلی و زەهاو و لەولاشەوە لووتی لە وڵاتی قەیسەری کۆن دەسوێ. لە سەر قەراتەوە ئەلەکتریک راکێشراوە تا مەسیف و لەوێوە تا سەری رەش. بە سەر ئاسمانی هەموو شارە دێرینەکەش هەتاوی بچووک شۆڕ بوونەتەوە و سەرتاپای قەیسری رۆشنکردۆتەوە و سەدوپەنجا مانگیش بەسەر بازارەکانی شێخەڵادا لار بوونەتەوە و بورجێکیش لە جێگای منارەی چۆلییەوە بەرز بۆتەوە تا عومەرگدرون و لەوێوە رێک و راست تا بورجی ئیڤڵی پاریش راکێشراوە و تانفابازان یاری لە سەر دەکەن. لە سەر زێی بچووکیشەوە تا زێی گەورە بوخاری مەکینە رووی ئاسمانی کردووە بە تەم تا پردێ. لە گۆپتەپەوە تا رەاندووزیش گازینۆن. تەیارەخانەیەک لە عەینکاوە ومەردووم دەبانە خورماڵ و کفری و کەلار. لەوێوەوە مواسەلاتە تا گوێی کەنداو. خەتی شەمەنەفەر بە قەراغ خڕی خاسەدا تێدەپەڕی و قۆرییە و پاسوانزادە و شۆریجە بەسەر دەکاتەوە. بۆڕی نەوتی سپی دەگاتە بەحری سپی ئەمەریکاش شکستی خواردووە و هاتوتە چۆک بۆ عەشایری کوردان. لە گوێژەوە تا ئەزمەر ساتەلیت و مانگی دەسکردە تا دەگاتە کەیوان. دەغلێ قەراج لە نیویۆرک دەفرۆشرێ و

کڵاشی هەورامی لە بازاڕەکانی ستۆکۆڵم هەراج دەکرێ. هەنجیری قەرەهەنجیر لە مۆنتیکارلۆ و خورمای تۆزخورماتوو لە دیبەگە دەترشێ. سەهۆڵی پیری موبارەک هەر ناتوێتەوە لە ئەشکەوتەکانی قەندیلیش میوەی هیشکبووە مەگەر هەر خوا بزانێ چی لێدێت!

برای سوریالی هەموو شەوێ خەونی دەبینی تا خاوەن هۆتێل دەهاتە سەری و پێی دەوت : "مۆن فیس تا پرێپاری لە پتیدێژنی پور لێ کلیان؟." واتە رۆڵەم قاوەڵتیت بۆ میوانان ئامادە کردووە؟

ئازاد داخ لە دڵە و زوو هەڵدەچێ و خەمی تەوەزلی هەموو کوردانی لە ئەستۆ گرتووە. هەمیشە بە شوان و گاوان و کەبابچیان دەداتە قەڵەم. هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ" دەیانیان بە نیازی وەرگرتنی شەهادەی بەرز ناردە ئەوروپا و تا پارتەکانیشیان شەهادە و پاسەپۆرتیان بۆ تەزویر کردن تا بۆ داهاتووی وڵات بەردێ بنێنە سەر بەردێ. هیچیان بە هیچ نەکرد."

لە ڕێگای ڕێکخراوێکی پارەدارەوە توانی ببێتە مونەسیقی نێوان ڕێکخراوەکەو ئەو میوانانەی کە ئیمشەو قەولە بگەنە جێ. ئەم کارە بە سەرەتایەک دادەنێ بۆ ئەوەی بناغەی هونەری شانۆ لە تاراوگە دامەزرێنێ. لە راپەڕاندنی کارەکانیش هەڵبەتە زەرەنگ یارمەتی دەدات و پەیوەندێ نێوانیشیان بێ گرێ و گۆڵ نییە.

پێش ئەوەی سمکۆ بچێتە ژوورەوە سەرێکی هەڵبڕێ و دایە قاقای پێکەنین :

- کورە زاڵم ئێرەت چۆن دۆزیوەتەوە؟ بە ئەشکەتی هەزار مێرد دەکاتن.

مەسیفیش دەستێ بۆ شەپقەکەی دەبات و کەمۆمەیەک ڕێکی دەخات و روو دەکاتە سمکۆ :

- به شانۆی جەوال دەکات.

ئازادیش هەر بە پێکەنینەوە :

- کورد لە ژێر دەوار فرچکی کەوتووە فرچک، لە ژێر دەواریش ژیان دروست دەکاتەوە.

سمکۆ بە دەست ڕاوەشاندنەوە :

- های های های!!

دەچنە ژوورەوە.

****

حوسێن پرناخی بۆنی گوڵی پلاستیکە و بە تەوازووعەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و هەست دەکات ڤاسیلی ڤاسیلیچی خەمۆکییەکی کوشندە سوار ملی دەبێ و پشت لە وێنەکە دەکات و بەرەو ئەو تەختەی شانۆیە دەچێت کە چەند مەترێک دوور بوو کە بۆ پرۆڤەی تیپەکە ئامادە کراوە. لە هەندێ لاوەش پرۆژەکتەری زەردی تاریک بە هێمنی وەکو ڕێژنە دەکەوتنە سەر تەختەکە و لە هەندێ شوێن پەڵەی ئینتیباعیان دروست کردوبوو. تا ڕادەیەکیش بە تابلۆ تاریکەکانی ڕامبرادنیان دەکرد. ئەمە کەشێکی سیحراوی بوو بۆ یەکێکی وەکو حەسەن کە بۆ دواجار ڕۆڵی ڤاسیلی بینیبوو تەمەنی هەر کەمۆکەیەک بە سەرەوەی بیست دەبوو، بۆیە ئەوکات دەبوایە مکیاجێکی تەواو بکات بۆ ئەوەی بەو پیرە ئەکتەرە بکات کە نەدەزانرا ئایا بە ڕاستی کاتی خۆی ئەکتەرێکی بە ناوبانگ بووە و ئێستاش وا بە تەوای پەکی کەوتووە یا هەر بەو خەونەوە پیر بووە! ئێستا حوسێن تەمەنی لە پەنجا نزیک بۆتەوە و سەروڕیشی تا ڕادەیەک سپی بووە. بە تایبەت لە لا جانگەکانی بە تەوای سپی بوونە. قەدەرێک سەیری سەر تەختەکە دەکات و ئاهێک هەڵدەکێشێ

بە ئاسپایی سەری بەرز دەکاتەوە و دیققەتی ریژنە تیشکەکە دەکات و رازی سرووشیک رۆدەچنە ناخی و مەیلەو مەست دەست بۆ ملی شووشـەیـەکی ڤۆدکـای وەهمـی دریـژ دەکـات و بـە پـەیـژەکانـا سەردەکەویت.

سەرەتا دەچێتە ناوەند شانۆکە و چوار مشقیی لێی دادەنیشی. پێش ئەوەی بە سیامەستێکیش بکات، هـەر بە دەرویشێکی لای خۆمـان دەکات. چوارمشقییەکی وا تـەنها هـەر تـەزبیحـەکانی نووقسان بێت. وردە وردە هـەر دوو نـاو لـەپـی دەکاتـەوە و دەیساوێنێتە سـەر تـەختـەکە وەکو شـناو بکـات، بـەڵام ئـەژنۆکـانی دەچـەقێنێتـە سـەر تەختەکە و لێوە ئەستوورەکانی لە تەختە تۆزاوییەکە نزیک دەکاتـەوە و دەیچزێنێتە سەر تەختەکە و پاشان وەکو خاچێکroومەتی دەنێتە سەر تەختەکە و دوای رامانێک کر تەنها چەند چرکەیەک دەخایەنێت، دەداتە پرمەی گریان. هەر بە راستی زەنگوڵ زەنگوڵ، فرمێسک بە چاوانیدا دەیتە خواری. دڵۆپە فرمێسکەکان دەکەونە سەر تەختەی شانۆ و تێکەڵی ئەو توێژە غوبارە دەبن کە دەمێکە چین لە سەر چین لە سـەری کۆبوونـەتـەوە. پاشـان مینا سیامەستێکی تـەواو دەیـەوێ هەڵسێتە سەر پێ، بەڵام بە لایا دێت و بە زەحمـەت دەکـەوێتـە سـەر پێ. لار، رادەوەستێت. سەیری راست و چەپ دەکات وەک بڵێی لە چرپەکەرێ بگەرێ، بەڵام کـەس دیار نییە : "ئمممم هـەر هـەموویان رۆیشتن...(بە پشتی دەست دەم و سمێڵی دەسرێتەوە) ئاییی!!! کوانێ ئەو زەمانەی کە لاو بووم و پڕ جـەستـەم گڕ و بڵێسە بوو... رۆڵی شـالیر و هاملێـت و ئـۆنگینم دەبینـی. ( دەسـت بـە پێکـەنینێکـی سەرخۆشانە دەکات) تەماشاکەران، بە کچ و کوڕییانەوە لە بـەردەم دەرگـای شـانۆ چـاوەڕوانیـان دەکـردم تـا ئیمزایـان پێشکەش کـەم.

ئاییییی!!! بۆ زەمانی بەسەرچوو... تۆ لە کوێی هاوڕیی چرپەکەرم، ئاخر لە کوێی؟ زاکیرەی جارانم نەماوە، دەقەکان پچڕ پچڕ دەکەون سەر نووکی زمانم...وەرە بچرپێنە... وەرە بچرپێنە بنا گوێم...(لە دەرچەی چرپەوە نزیک دەبێتەوە و هەڵیدەداتەوە). تۆ لە کوێی ئەی هاوڕێی دێرینم ؟ ئەی زاکیرە و بیرەوەرییەکانم! (بە قایمی دایدەخاتەوە و دەست بە پێکەنینێکی سەرخۆشانە دەکات و پاشان دەبێتە گریانێکی بە کوڵ و بازووەکانی وەکو خاچێ دەکاتەوە).

دەکەوێتەوە قسە : کێ ئێستا ئاوڕێک لەم پیرەمێردە دەداتەوە. منم چەشنی لیمۆیەکی گووشراو ، تا هێز و خەون و ئارەزووم تیا بوو ڕێزیان دەگرتم. نایابترین ڕۆڵیان پێ ڕەوا دەبینم. (وردە وردە دەکشێتەوە و قاپووتەکەی فڕێ دەدات و خۆی گرمۆڵە دەدات و دەیەوێ بچێتەوە ناخی خۆی. شێوەی مەڵۆتکەیەکی نەزاو وەردەگرێت. دەست بە کۆکین دەکات.)

بۆ جێت هێشتم فرانچێسکا. فرانچێسکای خەون و ئارەزوو. تۆ بووی نەغمەو میلۆدی وشە. تۆ بووی ڕستەی فەرەنسییەکانت بۆ چاک دەکردمەوە. تۆ بووی هانت دەدام و دەدوت "ئوسێن من بڕوام بە تۆیە، دەزانم ڕۆژێ دادێ دەبیتە ئەکتەرێکی گەورە لە شار و پایتەختە گەورەکان ڕۆڵی گەورەو گرینگ دەبینی. پێشبینییەکانت ڕاست دەرچوون. ئەوەتا لە ناو جەرگەی شاری بروکسلم و لە سەر تەختەی شانۆم و بیرت دەکەم. دەبێ لە کوێ بیت ئای فرانچێسکاکەم؟ ئەی گڕ و بڵێسەی ڕۆح و شەوانی تۆفی زستانم!

حوسێن دەکشێتەوە و لە ناو تاریکی سووچی شانۆکە ون دەبێت. نوقمی نێرڤانەکان دەبێت.

***

ئەم ئیستیعرازە خاویی رۆژهەلاتی هەیە. کەس بە تەنگی هیچەوە نایەت. کاکل لە ژوورەکەیەتی و بە تەنها لە سەر قەرەویلەکەی دانیشتووە. هەندێ جار وەکو ئەوەی لە هیچ تێنەگات وایە. لە چەند چرکەیەک دا بیر لە نەبوونی دەق و نەگەیشتی ئەکتەر و دەیەها شتی دیکە دەکاتەوە. بە کورتی سەر لە هیچ دەرناکات.

هەڵدەستێتە سەر پێ و کەمۆکەیەک لە بەردەم پەنجەرەکە رادەوەستێت و سەیری دەرەوە دەکات. پەردەکە بە دوو پەنجە لا دەدات و هەست بە کەشێکی میلانکۆلی دەکات، هەرچەند دەکات موورادیفەکەی بە کوردی نادۆزێتەوە. بیر لە وشەگەلێکی دیش دەکاتەوە کە لە فەرەنسا فێری بوو و زۆر جار هەوڵ دەدات بیانکاتە کوردی بەلام ئەم وشەگەلانە لە زمانی کوردی نین وەکو ستریس، میلانکولی، ئەنگواسی، نیرڤۆز، وازیفتی هیتریش. هەستیان پێ دەکات بەلام وەکو وشە نین. هەستن و بەس. هەستی سەیرن. بەلام ئەو زۆر بیر لە میلانکۆلی دەکاتەوە. لاتینییەکان لە گریکەوە وەریدەگرن. لە رۆما پێیان دەوت میلانکولیا و لە ئەسیناش پێیان دەوت میلانخۆلیا کە عەرەبان هەندێ جار هەر بە هەمان ناو ناوی دەبەن. میلان و ئانۆس واتە رەش یا سیا و بیل/یش ئەو کیسە رەشەیە لە شلەی زارووی تێدایە، تاڵە وەک ژەقنەبووت. رەنگبێ هەر ژەقنەبووت بگرێتەوە. هەندێ جار زەقنەبووتیشی مێ دەڵێن. زەقنە واتە شتی تاڵی زۆر ناخۆش. بەلام میلانکولی واتە هەستکردن بە داهزران و بێتاقەتی و شکستهێنان، وێڕای خەفەت و قێزیاتنەوە لە ژیان و رەشبینییشی لە گەڵ دایە. هەندێ جاریش فیکرەیەکی سووکی خۆکوشتنیشی لە گەڵ دایە. ئا ئەم زاراوەیە چۆن دەکرێتە کوردی؟

کاکل لە پەنجەرەکەوە ئەو هەموو شتەی پێکەوە بینی. لەم حالەتە هەستی کرد کورد نییە. بەڵکو شەپۆلێ میلانکۆلی هورووژمی بۆ دەهێنێ. پەردەکەی دادایەوە و ویستی بچێتە خوارێ. دەست بۆ دەسکی دەرگاکە دەبات و بەرەو خۆی رایدەکێشێ. هەستی کرد دونیا لە نێوان ئەو دەسکە و دەستی گرمۆڵەی کردووە. دەرگاکەی کردەوە و بە کلوارەکانا دەرۆیشت. چەند مەترێک دوورتر، واتە هەر لە مەجازەکە تووشی پەیمان دەبێ. پەیمان سمۆکینێکی رەشی چرووسکەداری زۆر قۆزی لە بەر کردووە بەڵام بە جووتێ کڵاشی هەورامییەوە. پەیمانی مووزەرد هەر لە سویسریان دەکات. دەموچاوێکی خڕ چەشنی جووتیارەکانی ڤالێ. دڵخۆش دیارە. سەرەرای گۆشتنەکەی هەست دەکرێت کە سووک دیارە. ئەو زۆر بە پێچەوانەی کاکل، وەکو دەبدەبە وایە، هەر بە فوویەک سەر هەوا دەکەوێت. هەر کە کاکل دەبینێ، پڕ بە گەرووی دەشیرێنێ:

- ئەوە تۆی هەی کافر!

کاکلیش وەکو جەنتیلمانێکی ئینگلیزی بۆی دەچەمێتەوە. لەو حەرەکاتانەی کە لە بەغدا، لە بەشی شانۆ فێری ببوو. درەنگتر بۆی ئاشکرا بوو کە هەموو خۆ چەماندنەوەیەک وەکو یەک وا نییە و لە زەمانی شکسپیر بە جۆرێک دەچەمانەوە و لە سەدەی حەڤدە بە جۆرێکی دیکە و لە سەدەکانی دیش تەرحی دیکە هەبوون بۆ خۆ نووشتاندنەوە. لە کۆتایی دا ئاماژەن بۆ رێز و هەر ئاماژەیەکیش بەچکەی سەردەمەکەی خۆیەتی. بەڵام ئەم بە تەواوی بۆ پەیمان چەمایەوە، وەخت بوو قامکەکانی لە عەردەکە بخشێن. هەندەشی مەبەستی سوعبەت بوو، بیری لە شتی دیکە نەکردەوە.

پەیمانیش چووە نێو گەمەکەی ئەو و:

- بەڵێ جەنابی دەرهێنەر، فەرموون چ ئەمرێکتان هەیە؟ بەندەی بچووکتان لە خزمەتتانە.

هەردووک باوەش لە یەک دەدەن و دەدەنە قاقای پێکەنین. هەر بە پێکەنینەوە بە ناردەوانەکانا دێنە خوارێ. شەش پیرەژنەکان رادەچەڵەکێن و بە مۆنییەوە سەیریان دەکەن. هەموو بە جوولەیەکی زۆر میکانیک پەرداغە چاکانیان دادەنێن. کاکلیش هەر بە پێکەنینەوە و کەمێکیش دەکشێتەوە :

- پەیمان، ئەوە لە کەییەوە زەوقی جلوبەرگت تێکچووە ؟ مردووت نەمرێ بە تەیری بەتریق دەکەیت. دەترسم ئەمەت بۆ شانۆگەرییەکە ئامادە کردبێ؟ بۆ هاتووین بۆ شانۆگەریی؟ وەک بینەر یا وەک ئەکتەر؟

کاکلیش هەر بە پێکەنینەوە :

- ئەی نایەتەوە یادت مامۆستای ئەپرۆڤپساسیۆن چی پێ دەوتین؟

هەردووک پێکەوە و بە پێکەنینەوە:

- لە شانۆی پێشڕەو دا ئەکتەر و بینەر یەک شتن.... قسەی قوڕ...

کاکل بە دەم ڕۆیشتنەوە:

- دەزانی لە شانۆی "نۆ" یابانی چەند ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە ئەکتەر؟ پانزە ساڵ.

کاتێ دەگەنە لای مەکینەی قاوەکە ئازاد و سمکۆ و مەسیفی راوەستاون و قسان دەکەن و بە دەستیش ئاماژە بۆ تاریکاییەکە دەکەن. وا دیارە ئازاد باسی تەختەی شانۆکەیان بۆ دەکات.

شەش پیرەژنەکان دەکەونەوە چرپەچرپ و یەکێکیان زۆر بە توورەییەوە سەیری ئەم دوو مێوانە دەکەن کە بە حریکە حریک دێنە خوارەوە و بە بێ ئەوەی بە پێی بۆچوونی ئەوان ڕێز لە حورمەتی

ئەم شوێنە بگرن. ئەمە لە کاتێک دا کاکل و پەیمان بە هیچ شێوەیەک نازانن ئایا ئەم شوێنەی کە ئەوان لێی راوەستاون، شایستەی حورمەتە یان!

کاتێک ئەم هاوڕێ کۆنانە یەکتر دەبیننەوە نازانن چۆن تەعبیر لەو خۆشییە بکەن. هەندێجار بە دەست و ئاماژە و هەندێ جاری دیکەش بە هاوار و جرت لێدانی ئاشنایانە دەبێتە ئەو قەڵەباڵغییەی کە جاران دەمەو عەسران لە بارەگای کۆمەڵە رووی دەدا، بە تایبەت ئەو رۆژانەی کە پرۆڤە هەبوایە.

ئەم قەڵەباڵغییە تەنها شەش پیرەژنەکە سەغڵەت ناکات بەڵکو ئازاد و زەرەنگیش کەمێ نارەحەت دەکات.

کچە قژ زەردەکە بەرەو رووی مێوانەکان دێت و پێش ئەوەی جانتاکانیان بەرێتە سەرێ، دەچرپێنێتە بنا گوێی ئازاد و ئازادیش کەمێ سەغڵەتیی لە سەر روخسار دەخوێندرێتەوە. کەس نازانێ مەسەلە چییە. هیچ شتێک رووی نەداوە و لە هەمان کاتیش پێی دەچێ شتێکی زۆر نابەجێ رووی دابێ. گرینگ ئازاد لە مەوقیفێکی ناسک دایە.

ئازاد دەکۆخێ! ئاماژەیەکی روونی رۆژهەڵاتانەیە. واتە بێدەنگیی! بێدەنگییەک.

ئازاد :

- ئەرێ قاوە دەخۆنەوە؟ کاک سمکۆ قاوەیەکت بە شیر بۆ تێکەم؟ فەرموون هاوڕێیان دانیشن.

سمکۆ بە سەر لەقاندنەوە : "بەڵێ".

بێدەنگییەکی دیکە و دوکەڵی جگەرە. هەوا قورس دادەگەڕێ. کاکل سەری شۆڕ دەکاتەوە و فیکرەیەک وەک برووسکە مێشکی دەتەنێ.

"تێناگەم... لەم وەزعە تێناگەم... سایەق تەکسییەکەی دێتەوە یاد..." هاتن و چوونی ئەم کچە قژ زەردە زۆر میکانیکییە. بە شەخسییەتێکی هیتشکۆکی دەچوێنێ. زەردەخەنەیەکی وەزیفی و وەکو ئەوەی پێشوەخت بڕیاری دابێت کە لە گەڵ کەس نەدوێت. شانۆ و ئەم وەزعە؟ ئاخر کێ دێت سەیری شانۆ بدەکات؟ وەکو ئەوەی لەم هاتنە کەمێ پەشیمانی بنوێنێ. بەڵام حەزیش دەکات چاوەڕێ کات. کەی و چۆن ئەم پەناهەندانە لە وڵات یەکتریان دەبنینی؟ ئایا سەرەتاکانی ئەم وەزعە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

## یانەکەی جەرجیس و شتی دیکە

ئەم یانایانە لە دیوی تاریکی کۆمەڵگاکانەوە دەژێن، ئەگەر هەندێک بە چمکی تەساموح و لێبوردوویی بیخوێنێتەوە ئەوە هەڵبەتە زۆر بە هەڵەدا دەچێ. پێش ئەوەی ئەم شوێنە "نەفرەتلێکراوانە" پەراوێزێک بن بۆ رابواردن و حەسانەوە، شوێنێکیشن بۆخۆ تۆڕ هەڵدانە نێو دونیایەکی دیکەوە. هەر بۆیە ئەم شوێنانە ئاسایی نین. ئەگەر جێی قێز و نەفرەتلێکردنی هەندێک بن ئەوە بە پێچەوانەشەوە دەبنە شوێنی پیرۆز بۆ هەندێکی دیکە، سنوورێکیش نین لە نێوان پرۆفان و پیرۆز بەڵکو بە پێچەوانەوە نە بە پێی پێویست دونیەوین نە بە شێوەیەکیش لە شێوەکان پیرۆزن. بەڵام دەکرێ بە پەراوێزێکی تاریکئامێز بخوێنرێنەوە. هەر ئەم دوو ناو لێنانەیە کە ئەو شوێنانە لە سرووشتێتی خۆیان دەخزێنن و وێنەی رۆژهەڵاتێکمان بۆ دەکێشن کە هەموو شتێ لە دژ خۆی دەکەوێتەگەڕ. رۆژهەڵاتێک تا سەدەی نۆزدەهەمیش ناوچەیەکی وەهمی و خەیالی بوو. ئەو رۆژهەڵاتەی هەشت سەد ساڵ زیاترە دەستی بۆ دامانی رابردوو درێژ کردووە.

ئەو رۆژهەڵاتەی لە توانای کەس دا نییە بەرزی کاتەوە ئاستی ئازارێکی روون، ئازارێکی گەش مینا ئاوێنەیەک بۆ ئەوەی بتوانین کەساسی خۆمانی تیا ببینین. ئەو رۆژهەڵاتەی بووەتە جیوە و بزێوە بوو بە گەورەترین پانتایی بۆ هەموو بەشرییەت، کەچی : دەگمەنترین ئەشکەنجەی تیا ئافرێندرا، بوو بە شارستانییەتێکی ئەزەلی و بێشکەی سەرتاپای پێغەمبەرانی پەیامدار و بێ پەیام، کەچی هێشتا فاشییەت گەراکانی لە هەموو کونوکەلەبەرێک دادەنێ. شتێک لە سەرووی هەموومانەوە بە ئاسپایی دەچرپێنێتە بناگوێمانا :
دەســــــــــــــــــــــــەڵات، دەســــــــــــــــــــــــەڵات، دەسە...دەس...دە...دە...دە...دە...ە...ە...ە...ە..هاهاهاها.....دەبارە و سەدبارە دەبێتەوە.

ئەو رۆژهەڵاتەی کە وزەی تیا نەماوە تەنها لە لاسایی کردنەوە و ئافراندنێکی بینا تەنگی بێ مەودا نەبێت. رۆژهەڵاتێک تەنها لە پاڵ ئەوی دیکەی باڵاوە دەژێت : ئەوی دیکەیەک، ئەویش پێکهاتەیەکی مولتەبیس و دووفاقەی هەیە، جارێکیان بە حەپەسان و سەرسوورمانەوە سەیری دەکرێت، جارێکی دیکەش دەبێتە جێی نەفرەتلێکردن و بگرە قیزلێهاتنەوەش. دەبێتە جێی قیزلێهاتنەوەیەکی وا کە بە لاشاو رووی تێدەکەن بۆ ئەوەی چرنووک تیژکەن دژی هەردوو دونیا بجەنگن. رۆژئاوا هۆی سەرکوتکردن و سەربەرزیمان. رۆژئاوا ئاوێنەیەکە باڵای کورتی خۆمانی تیا دەبینین، بۆیە قیزی لێ دەکەینەوە، هەر ئەویشە کە دەتوانێ عەکسمان کاتەوە، بۆیە شەیدای دەبین. ئەمە خۆ نەناسینی پێ دەڵێن! ئەم دوو فاقەیە کە بووەتە مۆرکی سەردەمی نوێ کە دەمێک نییە دەروازە ولاکانی بۆ ئیحتیمالاتی زۆر خراوەتە سەر گازەرای پشت. ئەوی

دیکەش ڕەشمەی ئەم ڕەوتەی لە دەست دەرچووە و کەوتوتە دەستی ئەو شەیتانە ریشپانانەی کە دونیای زیهنیان پانتاییەکە تەنها حەوزوحووری وەهمیی تیا نیشتەجێیە. ڕۆژهەلات ڕەنگە چربوونەوەی چەپاندنێکی وێنەیەک بێت پێنج هەزار ساڵە تیامانە دەژێ. وێنەی ژنێکە، ژنێکی سیحراوی، خەیاڵی، وەهمی، جادووباز. پیرۆزیی دایکێکی میهرەبان و بەرەلایی سۆزانییەکی هەیە. ئەم دووفاقەی ژنە سەرتاپای کێشەکان دەخوێنێتەوە. ژن گەورە نابێت وەکو ژن. دەبێتە ئەوێکی دیکە.

خۆ نەناسین، خۆ نەناسینی ئەوی دیکەشە، بۆیە ڕۆژئاوا، نە ئەمیانە و نە ئەویشیانە. ئەم سەیرکردن و تێرامانەش، تەنها خەلکی ئاسایی ناگرێتەوە، هەر زۆر بە پێچەوانەوە ڕۆشنفیکران و موفەکیرەکانی ڕۆژهەلاتیش دەگرێتەوە. ئەمەش بەشێکی هەرە گەورەی کارەساتە مەزنەکەمانە. کێ باوکی کێیە؟ ئایا پرسیار وا دەکرێت بۆ ئەوەی وەلامێکی واش بدرێتەوە کە ڕۆژئاوا بەوە تومەتبار بکرێت کە گرێی ئۆدیبی بەرامبەر بە ڕۆژهەلات هەیە و بە هەرچی نرخێک بێت دەیەوێ باوکی خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی هەراش بێت! بەلام کاتێکیش لە نزیکەوە ورد دەبینەوە و دەبینین هەر ڕۆژهەلات خۆیەتی نایەوێ هەراش بێت و وەڕکنە بەرامبەر بە گەورەبوون! وەکو ئەو ماسییەیە کە گازی لە کلکی خۆی گرتبێت.

ئەوەی لە سەدەی نۆزدە رووی دا تەنها خەونێکی کاڵ بوو، پێش ئەوەی مەلۆتکەکە لە ڕەحمییەوە بێتە خوارەوە، لە بار چوو. سەدەیەکیش بەسەر ئەو خەونەکالە تێپەڕی، هێشتا کەسێک، گرووپێک، پارتێک، کۆمەلەیەک بە جورئەتەوە هاوار بکات و بلێ خەلکینە خوا مرد، ئەگەر وا بڕوات ئینسانیش دەمرێ. نە پێویستمان

به حەپەسانە بەرامبەر بەویتر، نە پێویستمانیش بۆ خۆراژەنینە و وەکو منداڵێک چمکی کراسی رابردوو بمژیم و بمژین. تەنها یەک چارەسەر هەیە، ئەویش : لە ئێستا و لە لێرەوەیە.

سەیری زەمەن دەکەین کرۆنۆلۆژی نییە، بەڵکو لە شێوەی گلۆلەیە. کلافەیەکی ئاڵۆزکاو. کاتێ سەیری رابردوو دەکەین وێنەی شکاوی ئێستامان دەبینم و لە نێو ئەم جیهانە دەمبەستراوەدا زەمەن بووراوەتەوە. واتە چەقی بەستووە. لە تەنیشت کەلاوەیەکی رزیو، بالاخانەیەک دەبینی بە مەرمەڕی بۆری ساردوسڕ قەوارە دەداتە نەزوەیەک زیاتر وەک لە پرۆژەیەکی هاوچەرخ، لە تەنیشت کۆمەڵێ خشتی کۆبووەوەی سەر یەک ئوتێلێ دەبینی دەروانێتە پێی موسافیرانی هەندەران و غەریب لەو شوێنە بەرزبۆتەوە. بەرامبەر چۆلەوانییەکی پڕ لە چەقەڵ و دەڵەک چەند یانەیەکیش وەکو چەند دانێکی کەلۆس حەوانەوەیەکی قەستیلە و لە هەندێ سیماش دا پێشڕەو دەدەنە شارە کۆنەکەی کە لە راستی دا نە کۆنە نە نوێیە. تەنها خانوون، دیوارن و پەنجەرەن، دەرگان دەفرۆشرێن و هەڵدەتەکێنرێن. شارە دێرینەکە ناشرینە. نە هەندە دێرینە خشتەکانی باسی سیحری رابردوومان بۆ بکەن و حەمیمی مێژوو کەمۆکەیەک گەرمان کاتەوە، نە هاوچەرخیشە کە بتوانین تیا بحەوێنەوە. کۆنە و بێ مێژووە! وەکو گاشە بەردێکی چاخی بەردین لە دەشتاییەکان دا چاومان پێی دەکەوێ. ملیۆن ساڵە تەمەنی، بەڵام مێژووی نییە!

با هاوینێک وەرگەرین. یەکێ لەو هاوینانەی کە لە سەر یەکتر کەڵەکەیان بەستووە. وەکو پێستێکی کۆن ئەستوور بووە. شەوانی درەنگ. درەنگ، واتە دەمە و بەرەبەیان، کاتێک سیامەستان نادی

جێدەهێڵن، کۆمەڵ کۆمەڵ لە دەرگای نادییەوە دەردەچنە دەرەوە و هەر کەسە و لە جیهانێک دایە. یەکێ قۆڵی ئەوی دیکەی گرتووە و بەلای خۆی دا رایدەکێشێ، یەکێکی دی سەیری قووڵایی ئاسمان دەکات و یەکێکی دیش بازێک بەسەر چلکاوەکە دەدات و هەست دەکات بە سەر سیراتی موستەوقیم پەڕیوەتەوە، یەکێکی دیش مەقام دەڵێ و بە باڵای ئەو زبڵخانەیە هەڵدەدات. پاشانیش لە پۆخلترین سەروپێخانە خۆماڵی دادەنیشن و بەرامبەر بە ددانی گڕی ئەو بەرخانە دادەنیشن و بە پەنجە چاوانی هەڵدەکۆڵن و لە گەڵ ئەو چەورییە لینجانەی دەورەبەری چاو لووشی دەدەن. بۆن و بورامەیەکی کەسکوونیش بۆ ئەوەی بۆنی دڕنی ئەو گەدە گڕنی گڕنییانەی پێ بکوژن کە بە چوپی تایەی پاسکیلی هەمبەر دەکات و هەرکەسە و بەلای خۆی رایدەکێشێت و بە دوو پەنجەش ئەو مەحشییە تلیساوەیە دەردەهێنن و بە چوار پەنجە دەیکەنە توپەڵ و فڕێی دەدەنە ئەو هەناوەی کە بە عارەقی خۆماڵی دارماڵە : عالیترین رابواردن. هەمووشیان چاوەڕێی ئیشراقی زیهن دەکەن و روباعییاتی خەیام دووپات دەکەنەوە و بە سەر مەیتی شەیخولمەقتوولیش دا دەگرێن و هاوچەرخانەش باسی برێختی پەناهەندە دەکەن.

لەو شوێنانە پێویستت بە کات نییە بۆ ئەوەی سەر لەو شوێنانە دەرکەیت. وێنەی تەواوی قەتیسبوونی ئازارێکی هەتاهەتاییە کە هی ئەو رۆژهەلاتەیە کە تەنها هەر خەون دەبینێ و لە شوێن خۆی دا چەقیوە. یا ئەوتە بە دەوری خۆی دا لە دەوەرانێکی هەتاهەتایی دا، لە فەزایەکی پیرۆز دا دەخولێتەوە. یەکێ لە دیاردە هەرە هەڵخەڵەتێنەرەکانیش لە سیمای دەرەکی پردێکی پان و پۆڕ، جادەیەکی سەد مەتری، دوو هوتێلی رۆژئاوایی، یەک دوو هۆڵی

نایابی نمایشکردن وەکو بەڵگەیەگ بەرامبەر بە خەڵک و خوا بەرز دەرکرێتەوە بۆ بەڵگەهێنانەوە کە ئێمەش لە توانامان دا هەیە بگەینە رەورەوی مێژوو و لە کەنارەکانی شارستانییەت دا نزیک بینەوە. بەڵام ئەوەی کە گرینکە هەمیشە و هەمیشە پشت گوێ دەخرێ. ئا ئامەی نهێنییە هەرە قووڵەکانی ئەم چەقبەستنە هەزارساڵییە. چونکە پێشکەوتنی راستەقینە نە سیمای پردێکی بەرزە، نە شانوپیلی شەقامێکی پانە، نە باخچەیەکی پڕ نمامە. بەڵکو شتێکی دیکەیە. کە رۆژهەڵات نایەوێ دەسبەرداری بێت. کێ دەبێ بزانێ ئەم نهێنییە چییە؟ رۆژهەڵات نایەوێ راستگۆبێت لە گەڵ خۆی! رۆژهەڵات دژی رۆژئاوایە و لە هەمسن کاتیش دا لاسایی دەکاتەوە و مشەخۆرانەش بە دەوری دا دەخوولێتەوە!

ساڵانی حەفتا بوو بۆ یەکەمجار سەرم کردە ئەو یانانەوە. هەرزە منداڵێک بووم و هەستم کرد چوومەتە دەرەوەی زەمەنەکانەوە و پاشان زۆر درەنگ لە خۆم پرسی ئەرێ ئەو شوێنە نزیکانە بۆ هەندە دوورن؟ هەستم دەکرد لە نێوان ماڵی باوکم و ئەو شوێنانە بە خێرایی رووناکی دەپێورێن. دونیایەکی دیکە وا لە تەنیشتمانە و دووردەست و دوور لە چاو دەکەوێتە قەراغ ژیانمان و هەمیشەش بە داروەدەوەنی تاریکئامێز دەوردەدرێت. کەمێ ترسام و نەمدەزانیش بۆ دەترسم. ئەمەش لە راستی دا سڕی خۆی هەبوو. بۆچی ئەو شوێنانە هەندە دوورن ؟ با وردتیش لەم بەسەرهاتە ورد بینەوە:

باشە چی رووی دا ئەو ئێوارەی کە من لەوێ نەبووم؟ ئەو رۆژەی کە جەرجیس بیری لە لای ژنەکەی بوو من لەوێ نەبووم، بەڵام گشت ئەوانی دی لەوێ بوون. بۆچی جەرجیس بیری لای ژنەکەی بوو ؟ جاجکی دروست دەکرد و بیری دەکردەوە. قەول بوو ئەو

شەوە منالێکیان ببێ، چونکە کاتێ کە لە ماڵەوە دەرچووبوو مامان بە هەڵەداوان گەیشتبووە سەریان و خەسووشی یەک دوو شەو بوو لەوێ بوو. ئەگەر کوڕ بێ ئەوە ناوی دەنێن ئیسحاق و ئەگەر کچیش بێ ئەوە ناوی دەنێن ماریا. زەردەخەنەیەک لە سەر لێوی و لە پرێکیش دا لە کوونی چێشتخانەکەوە هاوارێک. لە راستی دا هاوار نەبوو فرمان بوو : "شیفۆنێ بۆ مامۆستا سالار و دوو قاپی رەشیش بۆ ئەبوو شەهاب". ئێوارەیەکی گەرم و چیمەنەکەش لە زۆر لاوە رووتابووەوە و سۆندەیەکی زەردی تەڕ لە ژێر بنچکە گژوگیایەکی خۆڕسک دەرهاتبوو.

هەر ئیمڕۆش بوو جەرجیس لای کەشیش ئیعترافی کرد و دڵی خۆش بوو. ئەم کارەی لە لا سەخت نەبوو، چونکە پێکڕا لە گەڵ خۆشابە و مەتێ و ئەلبێر ئیشیان دەکرد. جەرجیس بەروانکەیەکی سپی چڵکنی لە بەر کردبوو، جێپەنجەی قیمە و گۆشتی کاڵی پێوە بوو. نیوشووشە عارەق و سەڵاتەیەک و نۆکی کوڵاو و جاجک و سولاحییە بەفر لە سەری سینییەکی دانابوو و دەیبرد بۆ مێزەکەی رەمزی و دوو مێوانەکە. درەنگتر کاکل و هەندەی نەبرد پەیمانیش هات. جگە لە حوسێن گشت ئەوانەی کە لە ژێر شەپێتۆکە ئەم ئێوارەیە کۆ دەبنەوە لەوێ بوون. دیالۆگێکی دیکە و موفرەدەی نوێ و ریزی زیاتر و نەوازشی شەوان دەست پێدەکات. لە پڕێک دا" ئاااى دەستت خۆش بێت." یا " ئەرێ ئێوە شتێکتان ناوێ؟" یا بە لەهجەیەکی خۆماڵی "ئەدی کوو!! ئەدی سەری خۆمان گەرم نەکەین کوو دەبێ؟" یا رستەیەکی کتێبێکی تازە خوێنراوە " بابم... با جیداری وەهم بڕوخێنین." دوو رستەی پیاوێکی مولتوزیم و دوو رستەی گەنجێکی عەبەسی کە کڵاشێکی قەراغ بە چەرم دەوردراوی لە پێیە

که دەمێکە شارستانان نایکەنە پێ، ئەویش هەر بۆ هەوەسی گەنجایەتی دەیکردە پێ. جۆرە پشتکردنە دابونەریتی خێزانێکی زەنگین بوو.

کاکل دەمێک نییە تەخەروجی کردووە. پەیمانیش لە ناو زەلکاوی گراوبوون، شەیدا شەیدا دەیڕوانییە دەم وپلی ئەوانەی قسەیان دەکرد. ئەگەر پرسیارت لێ نەکردبایە حەزی نەدەکرد کەس گومی مەنگی دلی بشلەقێنێ. سمێلێکی تەنکی زەرد لە ژێر لووتە ڕێکەکەی جوان لە گەل ئەو دەموچاوە خڕەی دەگونجا، زۆر بە بەچکە فینیقی دەچوو تا کوڕە ئاغاکانی دەشتی دزەیی. لەمەودوا ئیتر ڕێکەوت دەیکاتە یەکێ لەو جەماعەتەی کە ئێواران تا شەوی درەنگ هەر کەسەو بە بەرەکەتی خەیالی خۆی بە دەگمەنترین سەهمی خۆی لە موغامەراتە یەک لە دوای یەکەکانی، بەڕێ دەکات ؛ ئەویش دەچێتە پال نوخبەوە و ئیتر لەم نێوەندانە دەبینرێ. لە ئێستاو داهاتووش دا با گریمانی ئەوەش بکەین هیچ بە هیچی نەکات، خۆ هەر بە "ڕواد" لە سەر ڕووپەلی گۆڤارەکانی "بەیان" و "ڕۆشنبیریی نوێ" دەژمێردرێ. بەلام نە ئەم ئێوارەیە و نە ئێوارانی دیش کەس نەیتوانی دیواری ئوستووری وەهمی ئەندێشەی ئەو بڕوخێنێ و ئەویش زۆر ئاساییانە حسێبی هونەرمەندی بۆ دەکرا کە تا سنوورێکی تراژیدیش بە قەد ڕووبەری دووگردی وشکەسۆفییەکی مزگەوتی باقلانی دەپیرۆزێنرا.

تاوسی مێزەکەش هەلبەتە ڕەمزییە. نێرەتاوسێکی باخچەی کەساسی، سەرداری دەستەمۆ نەکراو تا ڕادەیەکی ماقوولیش کێوی بەلام تەواو بۆیەمی. هەر وەک قەرەجەکانی بولغارستان بێوەژنی قەراتی فت دەکرد. هەر غەریبی بە تەنیشت ئەو مێزەیا تێپەڕیبایە

کەمۆکەیەک سڵی دەکردەوە و بۆنی عارەقی بنهەنگڵ و حەشرییەتی دەکرد. رەمزی هەندەی دیکەش جێی گرینگی پێدان بوو چونکە دەمێک نەبوو سی چل لاپەڕەی لە شێوەی کتێبێ لە دار الحوادث لە بەغدا، لە ژێر ناونیشانی " قۆناغ و فیکر "، بە نەفەقەی خۆی چاپکردبوو. شەش مانگ بەڵکو پتریش لە ناو کۆڵکە رۆشنبیرەکان باس باسی ئەو کتێبە بوو. ئەو کتێبە بۆ یەکێکی وەکو خۆشناو یا وەکو مەسیفی یا ئەو لاوانەی کە بە سانایی راو دەکرێن، بەهای لە کتێبە سوورەکەی ماویش زیاتر بوو. سەرەرای ئەوەی هەمان ئەو بیر و بیرۆکانەی کە لەو کتێبە هەبوون لە زۆربەی کتێبە عارەبیەکان دا دووبارە دەبوونەوە، بەڵام ئەوان لە عەرەبییەکە تێنەدەگەیشتن و هەر دڵیشیان دەکرایەوە کە یەک دوو دێر بە کوردی لە مەڕ کێشە فیکرییە هاوچەرخەکانەوە بخوێننەوە و بە تایبەتیش ئێستا وا لە حزووری نووسەرەکە خۆی دان ؛ ئەمە خەڵاتێکە هەر کەس لە لای خۆیەوە بە ئیمتیازەوە دەبێ بینرخێنێ.

جەرجیسی مەشغوول، پاقژ لە هەموو خەوش و گوناهێ بیر لە ئیسحاقەکەی خۆی دەکاتەوە و بەناو ئەو باخچە نیمچە تاریکەدا دێت و دەچێ کەسێکیش بە تەواوی هەست بە بوونی ناکات. ئەگەر بە وردی سەیری هات و چۆی جەرجیست بکردبایە هەر بە تارماییەکی دەکرد، زۆرجار لە نێو سێبەر و تاریکی ئەو دارودەوەنە ون دەبوو. بەڵام بە موفارەقەیەکی تایبەتەوە، ئەو ئیمڕۆ هەست بە وجوودی خۆی دەکات. چووە ژووریێ ملی فەریدەیەکی گرت و چارەکێکیشی لە سەر رەفەکە راکێشا و بە تەنیشت ئاودەستە قرێژەکەیا تێپەڕی و گەرایەوە و بایدایەوە لای مێزەکەی رەمزی. ئەم کارانەی بە دڵخۆشییەکی تایبەتەوە دەکرد و تا رادەیەکی وەکو ئۆتوماتیک

دەبینرا. ڕەمزیش بە چنگە گەورەکانی، ئەو چنگانەی بە هی جوتیاریکی دەشتی بازیانی دەکرد. ئەستوور و بەهێز. یەک دوو کڵۆ بەفری لە سولاحییەکە دەرهێنا و لە سەر پەرداغەکەی خۆی ڕایگرت و زەنگوڵ زەنگوڵ لە بەر تینی گەرمایی دەستی، بەفرەکە دەتوایەوە و دادەچۆڕییە ناو پەرداغ و ئەم لاو ئەو لای پەرداغەکە و وەکو مامۆستایەکیش سەیری خۆشناوی کرد و پاشان سەیری مەسیفی کرد و بە تەوزێکی باوکانە وتی :

- ئەم جەوە گەرمە تەنها بەم بووزە چارەسەر دەکرێت.

هەموو دایانە قاقای پێکەنین. ئەمە یەکەم بادەی مەسیفی بوو. لە دڵی خۆی دەیوت "خوای گەورە دەبێ چی ڕوو بدات!". شەرمیش دەکات ئەم عەرزە ڕەت کاتەوە و بە خۆشی دەڵێ " دەی غیرەت سەگ بتخوا! مەکتەبەکەت بوو بە هیچ! ئەم هەلەت بۆ هەڵکەوتووە... دەباشە بیە ئەکتەرێ. " هەستی دەکرد ئەم بادەیە هەر وەکو کڵاوی سەخرەجن وایە، هەر بە هەڵدانی یەکاویەک کاریگەرییەکی وای دەبێ تووشی مەسخ دەبێت و دەبێتە یەکێکی دی. دەبێتە عاجباتی؟ دەبێتە دەعجان؟ دەبێتە توولە سەگ؟ بیری بۆ هەموو شتێ چوو. دەستی بۆ کڵۆ بەفرەکان برد و دەقاودەق لاسایی مامۆستا نوێیەکەی کردەوە و سەیرێکی خۆشناوی کرد و

هەموو بە یەک دەنگ :

_ لە سەحەتی جەماعەت.

هەنییەکان گرژ بوون و سیماکان گۆڕانکارییان بەسەرا هات و غرەی دەنکە شخاتە و دوکەڵ ڕەخسارەکانی ڕزگار کرد.

****

ئەم ئێوارەیە تایبەتە بە نیسبەت مەسیفی، چونکە پێش دەرچوونی

لە ماڵ هەندەی دیکە خۆی ڕێکخست و قژی شانە کرد. مەسیفی بە قەد کیژێ شەنگ، دەستوپل خرپن و روخساریش تازە مووی کردووە. ئەگەر بە باشی سەرنجت نەدایە وات دەزانی برۆی هەلگرتووە و لێویشی سووریی دەنکە هەناری هەبوو. قژی بەردابووە و لە لاجانگییەوە زولفی کەمۆکەیەک تورە و لوولی خواردبوو. بەرامبەر بە ئاوێنەکە راوەستابوو و ئەو کەمە مووەشی کە هەبوو موسێکی پێیا هێنا و قۆلۆنیای رژاندە نێو هەردوو لەپی و کولمەکانی چوزاندەوە و جوانی وەکو گوناه لە روخسارییەوە چۆرەی دەهات. تاقانە بوو. جێی کوڕ و کچ بوو بۆ دایکی. کراسێکی سپی و پانتۆلێکی رەشی تەنگ لە سەرەوە و لە خوارەوش وەکو خەرتوومی فیل فلت. پێلاوە بنبەرزەکانی کردە پێ و دلی بە قەد دونیایەک خۆش.

سەرەتا دەبوایە بچێتە مالی خۆشنا و بۆ ئەوەی پێکرا بچنە نادی. بە کۆلانە تەسک و دزێوەکان دا هەندێ جار بازی بەسەر قەدەری خۆی دا دەدا : قەدەریش زەلکاوە نائومێدەکان بوون. دوو عەبا لەسەر لە ژێر پێچەوە پڕ چاویان تینوێتی بوو بە شەهوەتەوە سەیری تاقە یوسفی خۆیانیان کرد و بوخچەکانیان بۆنی حەمامی لێ دەهات. هەندە نابات بە پشت شووشتنی یەکترەوە خەونی یەکتر دەدروون.

قەسابێ لە ئیش دەهاتەوە و هێشتا خوێنێکی تەڕ بە بەروانکەکەیەوە بوو، سمێل لوول وەک سەرەتای گەردەلوول، جەمەدانییەکی توندوتۆل، گەیشتە ئاستی مەسیفی وێستێکی کرد و هەناسەیەک ئاگری لە دەروونی کردەوە. مەسیفیش هەنگاو دەنێت بە بێ ئەوەی هەست بە بوونی کەس بکات. هەمیشە ئەوانەش گەلێ

جوانن کە نازانن جوانن. ئەوێک خوێندنی خستە لاوە پێی دەچێ خۆشناو دەروازەی شانۆی بۆ یەکئالا کردبێتەوە!

خۆشناو ئەندامی قووتابیان بوو، هەندەی نەبرد خۆی و تۆرێکی دا بە دەستەوە و خۆیان بە قەنارەیەکەوە هەڵواسی و ئەوانی دیش زۆربەیان لە ئەبوو غریب رۆژگاریان بە دروست کردنی جانتا بە زەنگیانە دەبردە سەر. بەڵام ئەو کات مەسیفی گەیشتبووە سنوور و بەڵکو هەندەی نەبردبوو گەیشتبووە سەردەشت.

لە دەرگا تەنەکەکەی دا. خوشکێکی خۆشناو دەرگای کردەوە، بە شەرمێکی بێ ئەندازە و سەری شۆڕ کردبووە. پێی دەچوو وایان فێر کردبێ کە تا ماوە لە سەر ئەم زەوییە فانییە سەری بەرامبەر بە هیچ بوونەوەرێ هەڵنەبڕێ. بە بێ ئەوەی سەیری مەسیفی بکات:

- فەرموو وەرە ژووری.

مەسیفیش دەچێتە ژووری و لە ناو حەوشە نابووتەکە بە پێوە رادەوەستێ. لە نهۆمی سەرەوە، لۆچی پەردەیەک لادەدرێ و بە ئاستەم چاوێ بە قەد کەونێ دەڕوانێ. روانینێکە جەستەی گوناە شەق دەکات. لەو رۆژهەڵاتە تاڵە پشتەوەی هەموو پەردەیەک چیرۆکێکی حەشار داوە.

مەسیفی داڵغە بردۆتییەوە و پشیلەیەکیش لە بەر سێبەرەکە دەم و لمۆزی دەلێسێتەوە و مریشکێکیش لە ستارەکەوە بە شڕە باڵەکانی شلپەی دێت و دەکەوێتە ناو حەوشەکە و مەسیفی سەر هەڵدەبڕێ خۆشناو دەمولچ مۆن لە بەردەمی قووت دەبێتەوە چونکە بە تۆپزی سێ پەنجایی لە دایکی سەندووە.

سەرەتای جەنگی عێراق و ئێران خۆشناو دەگیرێ و مەسیفی هەفتەیەکە گەیشتۆتە سەردەشت و خۆی تەسلیمی پاسداران کردووە

و ئێوارەیەکی لە ژووورە بچووکەکەی پاسدارخانەکە، چەند پاسداری دەوریان لەو و لە سۆپە نەوتەکە داوە. لە پڕێکدا خۆیان دەکووتنە سەر مەسیفی و دەستە جوانەکانی دەگرن و رایدەمووسن چونکە بە درۆ وتبووی زیارەتی نەجەفم کردووە و ئیتر بۆ ئەو بەچکە عەجەمانە مەسیفی لە حاجییەک حاجی ترە.

دوای هەفتەیەک بەنێکی ئەستوور دەخەنە مەچەکی ئەو و پێنج پەناهەندەی دیکە تا بە هەلیکۆپتەر بیانگوازنەوە و سەقز و لەوێوەش بە قافڵەی سەربازی تەسلیمی تارانیان بکەن و لە ئۆردوگایەکی سەربازی وەکو دەسبەسەر ماوەیەکیش لەوێ دەمێنێتەوە. لە بارودۆخێکی زۆر ناهەموار دا لە گەڵ پانزە پەناهەندەی دیکە مانی خۆراک دەگرن. بۆ رۆژی دوایی کاتێک خەبەر دەگاتە سەرتیپی پاسداران و بە هەڵپە دەکووتنە سەریان. هەر هەموویان بە تەواوی زەندەقیان دەچێ و بە پەنجە راوەشاندنەوە و لێیان دەپرسن :" بیستوومانە مانتان گرتووە؟" هەموویان بە یەک دەنگ و لەسەر یەک ریتم وەڵام دەدەنەوە :" نەخێر وا نییە! هەر خۆمان برسیمان نییە!" مەسیفی بەرامبەر بە ژیانی پەناهەندێتی تووشی یەکەم ملکەچی دەبێ.

یەک دوو هەنگاو دەنێن و ئیتر ملی رێگا بەرەو نادی دەگرن. خۆشناو لەو گەورەترە و ئەزموونیشی لەو زیاترە. زۆر خاکییە. ئێواران بە کڵاشێکی کرمانجانەوە خۆی دەکووتێتە بارەگای کۆمەڵە و خزمەتگوزار و بە تەنگی هەموانەوە دێ. نە ئەکتەرێکی باشە نە ئەو شتانەش کە دەینووسێ رەسەنایەتیان پێوە دیارە. ئەو بە کورتی لە قوتابخانەی رەمزی گەورە بووە. ئەم قووتابخانەیەش هەندەی خۆی بەوەوە خەریک دەکات کە سیاسەت بئاڵۆزکێنێتە هەموو

دیاردەیەکەوە هەندە بە تەنگی ئەوەوە نایەت کە بەهرەکان خۆشە بکات. ئەو کەمە بەهرەیەی کە رەمزی خۆشی هەیبوو بە دەستی مامۆستا نادیارەکانییەوە هەڵپرووکا بوون.

****

سەرەتا، مەسیفی بە سالاریی قوتابییەکەوە سەیری رەمزی دەکرد و ئەویش هەندە نابات هەوری کۆبووەوەی مێشکی قالی دەرەوێتەوە و دەست دەکات بە هەڵرشتنی تیۆرییەکانی لە مەڕ هەموو شتێ. دوای یەکەم بادە مەسیفی هەست دەکات یەکێکی ترە. بەلام هێشتا ئەو یەکە بێشناسنامەیە ناناسێتەوە، بە غەریبی دەزانێ. دەیەوێ ئاشنایەتی لە گەڵ پەیا کات، ئەویش لە ژێر چنگی هەڵدێ و لە باوەشی بەتالیی دا ئۆقرە دەگرێ. هەست دەکات بۆتە ئەکتەر. "ئەکتەر یانی چی؟ یانی مومەسیل، لاسایی کەرەوە." بە تەواوی نازانێ ئەکتەر بوون واتە چی. چوونە پێستی یەکێکی دی دەبێ چ شتێک بێت. بەلام لەم ئێوارەیەوە مەسیفی خاوەنی خۆی نییە! ئەم بێ خاوەنییەیە کە لە فەزایەکی بەتاڵی مارە دەکات. هەست دەکرا کە مەسیفی سڕاوەتەوە. ئەمەش جۆرە گێژبوونێکی دەدایێ. هەر بەو گێژبوونە دەچوو کە لە خەونێکی ناخۆش دا دەبینرێن کە خاوەنەکەی بە قەد چیایەک دا هەڵبگژێ و لە پڕێکدا خۆی لە ترۆپکێک ببینێتەوە و بە بێ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت دابەزێت، خۆی دەداتە دەست بۆشاییەک و گێژبوونێکی بێ سەرحەد لووشی دەکات. نەیدەزانی چ نهێنییەک لەم دانیشتنە دایە و چ سیحرێکی لێ کراوە. لە لایەکیشەوە بە ئۆخژنێکی دەکرد کە توانای ئەوەی نەبێت ئیدارەی بکات. بە کورتی چووبووە ژێر باری هەستی تایبەت و جیاواز. هەموو شتێک نوێ بوو. تەنانەت خۆشی نەدەناسییەوە. ئەمە

جەزبەی راستەقینەی رۆژهەلاتیانە!

پەیمانیش خەریکی هەلدانی بادەیەکی نوێ بوو و بە جەستە لە گەل جەماعەت و بە رۆح و گیانیش لای پەخشان بوو کچە هەرە شەنگەکەی چەلەبی و میکانیکییانە وتی :

- هەموو شتێ رەنگدانەوەیە. وەکو گەلحۆیەک دایە قاقای پێکەنی و وتی "من رەنگدانەوەی برِبڕەی پشتی دەشتی دزەییم." هەستت دەکرد عەقلی پەیمان شیکلی دووگردی هەیە. لاکێشەییە. ئەو لەهەققەت دا بە شەپۆلی گۆمێک دەچوو هەندە لە سەر پانتایی ئاوێک نەدەمایەوە و کەنارێک دەیسرِییەوە.

کاکلیش بە قەشمەری کردنەوە :

- وەلاهی ئەگەر ئەتوو رەنگدانەوەی دەشتی دزەییان بێت، من بە فلسێکی قەرِبیش نامەوێ. کورە ئەتۆ خەیاری دۆن کیشۆتت هەیە دۆنکیشۆت. ئەتۆ لە کنت وایە منارەی چۆری ئاسیاوە و کەچی منارەی چۆری منارەیەکە و بەس!!! هەی خوا بتگرێ تەرەماش!

مەسیفی سرِ بووە و چاوەروانە رەمزی بکەوێتەوە زمان و بارودۆخەکە رزگار کات. عەجیب سەیری رەمزی دەکرد چۆن پەنجە رادەوەشێنێ و چۆن بادە عارەقەکان هەلدەدا و چۆنیش جار نا جارێ دەداتە قاقایەک و کۆخەیەکی دەستکردیش و پاشان وچانێک و بێدەنگبوونێک تا هەموو قووتابییەکان گوێرایەلیی دەنوێنن. کۆخەیەکی کەرخ لە قوولایی سینەیەکی سیخناخ بە دووکەلی سۆمەر. قاقایەکی دۆمانە و لە سەر مەچەکیش بە هێلی ئەستوور سەهمێک کووترابوو و تەعبیرێ لە "ااخ"ێکی سەردەمی هەرزەیی دەکرد کە تێکەلی خوێنی بووە. ئەم ئاخە تا ئێسقانەکانی رەمزی

کردۆتە سووتماک. دواهەمین جار لە سەر شانۆ حەیرانێکی وت
تێکەڵی حەسرەتییە زکماکەکەی بوو. کابرایەکی شکست و بێهیوای
وەکو ئەو تەنها لە ڕێگەی ئەو لاوانەوە بوو کە هەناسەیەکی قووڵی
هەڵدەکێشا و هەستی دەکرد کە نەک تەنها وجوودی هەیە بەڵکو
ئایندەشی ڕۆشن دەبووەوە.
ڕەمزی وەکو لە شتێک بگەڕێ سەیری دەوروپشتی خۆی دەکرد.
پاشان ئاوڕی لە تاریکییەکە دایەوە کە گڤوگیا تێکەڵی خەفەت
دەبوون. بە سەرنجدانەوە سەیری کاکڵی کرد:
- کوانێ "ئەلجینسولاخەر"؟ ئا ئەمەیە وێنەی تەواوی کۆمەڵگا
حەنبەلییەکەی ئێمە. سەیری ئەو مێزانە بکەن. دە تۆ سەیری ئەفەندی
و فەرمانبەرانە مەکە سەیری مێزی ئەو نوخبانە بکە بۆ مێیەک
دەتوانێ توخنی ئەم شوێنانە بکەوێت. داواشمان لێ دەکەن
پێشڕەوەیی بنوێنین. سلێمانی عومەر چاوشینیان هەیە! ئەی ئێمە
کێمان هەیە؟ کاکڵ گیان چی دەکەی بۆ "خەجەکەت"؟ قارەمانەکانمان
هەمیشە هەر پیاون!
- پیاو ئەمما پیاو! کاکڵ وەڵامێکی حازربەدەستی دایەوە.
لە سەرەتای پرۆڤەی خەج و سیامەند بوون. کچە ئەکتەریان
دەست نەدەکەوت. خۆشناو سەیرێکی کاکڵی کرد و دەمی ئاراستەی
ڕەمزی کرد:
- کاک مەسیفی ئامادەیە ئیشتان لە گەڵ بکات. بە هەموو
دەورێکیش قایل دەبێ.
مەسیفێ شەرمێکی پڕ حەز لەشی تەنی و وەکو کیژێک سەری
شۆڕ کردەوە.
- بۆ نا...بۆ نا...زۆر تەبیعییە...ئەهلەن وەسەهلەن... بەڵام با خۆی

قسە بکات. ڕەمزی ڕووی کردبووە مەسیفی.
- بە خوای چ بڕێم. هەر چییەکم دەدەنێ مەمنوونم.
****
بیرم کردەوە کە ڕەنگبێ دیمەنی ئەو شانۆنامەیە شتێک بێت لەم جۆرە :
کاکل دەرهێنەری ئەم شانۆگەرییە بوو و ڕەمزیش یاریدەدەریتی.
پرۆڤەی یەکەم
پەیمان گێلە پیاوی ئاغای دێیەکەیە و ڕەمزیش عاشق و ڕاوچی و مەسیفیش کەمۆکەیەک ماکیاژ کراوە و سمکۆیش سیحربازی پاشایە و خۆشناویش پاسەوانی کۆشکە و ڕەشەخەڵکێکیش چەپڵە بۆ سەرکەوتوو لێدەدەن. دوو بازی کوێر هەڵدراوە و ورچێکیش مێغنجیر لە مل بە دەستی شایەرێکەوەیە. دیمەن ئێوارەیەکی ڕۆمانسییە.
دیمەنی یەکەم
لە بەر سێبەری کۆشک داین. چەند ئەسپ سوارێ بە خۆیان و تانجییەکانییانەوە لە ڕاو هاتوونەتەوە و کەو و کەروێشک بە زینی ولاغەکانییانا شۆڕ بوونەتەوە. دەهۆڵژەنێک بە خێرایی تێدەپەڕێ و سیحربازێکیش ئاگر لە دەمییەوە دەپژێ. دەرگای کۆشک دەکرێتەوە ڕەشەخەڵکەکە دەیکەنەوە هەراوزەنا.
دیمەنی دووەم
عاشق بە تەنیا دانیشتووە. شەیدا. دەست دەکات بە گۆرانی وتن.
گێلە پیاو پەیدا دەبێت.
عاشق بە داڵغەوە. گراوانە ڕووی کردۆتە کۆشک.
گێلە پیاو : باخچەی پاشا لەو بەر ئاوە.

دیمەنی سێیەم
خەج رووی لە پەنجەرە کردووە. خەج کچی پاشایە.
خەج : (غەمگین) خۆزگە دڵم هەر لە بنەوە نەدەبوو. وەختە ببمە چۆڕێ ئاو. هێزم بە بەرەوە نەماوە.
پشتەوەی کوولیس.
دوای پرۆڤە مەسیفی گەڕاوەتەوە لۆژەکەی خۆی و بەرامبەر بە ئاوێنەیەک لە سەر ئەسکەمیلێک دانیشتووە و پارچە پەموویەکی بە دەستەوەیە و خەریکە دەموچاوی خاوێن دەکاتەوە. راماو تەماشای خۆی دەکات. وەکو ئەوەی تازە خۆی بناسێتەوە. وەکو ئەوەی تازە خۆی کەشف بکات. بە سۆزەوە تەماشای چاوانی خۆی دەکات. هەست دەکات خەمۆکانە جوانە. قەد لەوەوە پێش مەسیفی خۆی وا نەبینیبوو. وەکو کیژۆڵەیەک دەمێک بێ دوو مەمکۆڵەی خڕین لەشی تووش گومان کردبێ و دەمەو عەسرانێ بە نیگەرانییەکی پڕ حەزەوە دەست بۆ مەمکە تورتەکانی بەرێت. ئا بەو شێوەیە مەسیفی لە دەم و لێوی خۆی ورد دەبووەوە. مەسیفی خۆی کەشف دەکات. خۆی دادەکەنێ و تەنها بە دەرپێ و مەمکلغێکەوەیە. دڵی بە خۆی زۆر خۆشە. هەست دەکات بووەتە ئینسانێکی سوودمەند. بەرگی ئەو قووتابییە تەوەزلییەی داکەندووەو بەرگێکی نوێی دیکەی لەبەر کردووە. دوێنێ شەو یەک دەنک خەو نەچووە چاوانی و ئیمشەو وەکو یەکێکی دیکە تێروپڕ دەنوێ. وەکو ئەوەی ئەم عەسرە ژوانی لە گەڵ خۆی هەبێت. راستە ژوانی لە گەڵ خۆی هەبوو، واتە لە گەڵ زاتێکی نوێ و بوێر و بە ئەمەک بەرامبەر لە هەستەکانی.
ئەکتەرەکانی دیکەش خەریکی خۆ پێچانەوە بوون. رەمزی هەر بە بەرگی سیامەندەوە و موورادخانییەکی بێ قۆڵ و کراسێکی سپی د

هەر دوو چمکی فەقێیانەیەکەشی لە عەرزە خۆڵاوییەکە دەخشان و تیلێکی کڵاوە مۆرە سورمەدارەکەشی توند لە ناو چنگی گرتبوو و رایدەوەشاندە ناو لەپی لە سەرخۆش، بە هامووشۆ کردنەوەوە گۆرانی دەوت. بە هێواش و بە پێ دزەش بە ئاسپایی بەرەو لۆژەکەی مەسیفی دەچێت. پێش ئەوەی بگاتە بەر دەرگاکە بۆنێکی خۆش رۆ دەچێتە هەستییەوە. ڕێک لە بەردەم دەرگاکە رادەوەستێت. لە پەنجەرەکەوە رۆشناییەکی ئێوارانەی هاوێن دەهاتە ژوورەوە و هەندێکی بەر پەردە نارنجییەکە دەکەوت و رەنگێکی ئاگرین دیوارە گەچینەکەی سواغ دەدا. رەنگی حەز بوو، حەزێکی شەهوەتاوی بێ سنوور.

ڕێک سەیری ئاوێنەکە دەکات و لە چاوانییەوە ئەو حەزەی کە لە سەر دیوارەکە تەجسید ببوو، دەردەپەڕی. سەیری چاوانی مەسیفی دەکرد. سەیری ئەو پەموویەی دەکرد کە خەریک بوو ماکیاژەکەی دەسڕییەوە. تۆپەڵە پەموویەکی رەنگین بوو. لە پڕێکدا شەهوەتەکەی چاوانی کوژایەوە. پاشان کەمۆکەیەک غەمگینی لە سەر روو بینرا و دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە تەقەمووسی کردووە و وەکو پەیکەرێکی مەڕمەڕی سارد هەناسە لە خۆی دەبڕی و سەیری بەتاڵیی دەکات. مەسیفی هەست بە هیچ ناکات. ئەویش غەرق بۆتە نێو ئەو لەشە نوێیەی کە تا دێت عاشقی دەبێت. لە پشتەوەش تەنها ئۆیەی مەمکلغەکە دیارە و پشت و بازووەکانی مەسیفی بێ موو و ناسک دیارن و هەندێک ئەو رووناکییە فێنکەی ئێوارانەی دەمژن کە لە پەنجەرەی ئێوارانەوە دێنە ژووری. ئەویش لە پڕێکدا لە دەریاچەی خودی خۆی سەرئاو دەکەوێ و بە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە هەر لە ئاوێنەکەوە رەمزی بەدی دەکات و زەردەخەنەیەکیش

رووومەتی هەندەی دیکە شیرین کردووە. بە رەمزی دەڵێ:

- چۆن بوو رەمزی گیان؟

- ئافەرین. یەکەم پرۆڤە و یەکەمین رۆل.... زۆر باش بوو. لە سەر خۆ چمکی کڵاوەکە دەداتە ناو لەپی و ئافەرین ئافەرین... دووبارە دەکاتەوە.

چەند مەترێکیش دوورتر، کاکل بە تەنها لە سەر تەختەی شانۆ راوەستاوە و سەیری دیکۆرەکان دەکات و بیری لەوە دەکردەوە چۆن جێگای بریخت لەم ئاوهەوا سیخناخە بە کەشوهەوای دەرەبەگایەتی دەبێتەوە!

سەرێک دەکشێنێتە لۆژەکەی رەمزی دا و پاشان گوێی لە چەند چرپەیەک دەبێ و تێدەگات و تێناگات. بە بێ خواحافیزی خۆی ئاودیوی قەڵەباڵغی ئێوارەی شیخئەڵا دەکات.

****

گەڕاینەوە شوێنەکەی جاران، نیوەی شەو تێپەڕییەوە. کەشیشەکەی عەینکاوە بزنێکی وێڵی داوەتە دوای خۆی و پێش ئەوەی بگاتە بەردەم دەرگای نادییەکە و چمکێکی جوببەکەی بە دوو پەنجە دەگرێت و کەمێک هەڵیدەماڵێ بۆ ئەوەی سەر شۆستەکە بکەوێت و دوای سڵاوکردن دەچێتە ژووری. قەدەرێک لە نێو تاقەکە رادەوستێت و سەیری چیمەنەکە دەکات. لە نێو رۆشنایی گڵۆپە کزەکانەوە دوکەڵی جگەرە دەبینێ چۆن لەو دورگانەوە بەرز دەبێتەوە. وەک بڵێی کەشیش لە سەرەوە دیمەنەکە ببینێ: لە دەوری هەر مێزێک، چوار پێنج کورسی و لە سەر هەر کورسییەکیش بەرخێکی نێر دەبینێ. لە لمۆزی هەر بەرخێکیشەوە دوکەڵێکی چڕ، لە شێوەی بازنەی بچووک بەرزدەبێتەوە. وردە وردە دێتە پێشەوە و

بە نێو مێزەکانا تێدەپەڕێ چاو گڕ دەدات. دوای هەندێک پەتکی بزنەکە بە بەلووعەکەوە دەبەستێتەوە. لە ڕاستی دا هاتووە هەواڵی لە دایک بوونی ئیسحاق بە جەرجیس ڕابگەیەنێت. چاو گڕ دەدات جەرجیس نابینێ.

کەشیش تێناگات. لە خۆی دەپرسێ بۆچی ئەم بەرخە نێرانە وا لە سەر ئەو کۆمەڵە دورگانەدان و دوکەڵێکی چڕیش لە لمۆزییانەوە دەردەچێ. بیری بۆ دەوارەکەی سمایل دەچێت. سمایل لە دەرەوەی دەوارەکە چاوەڕوانە. هاجەری کوێلە کوڕێکی بووە. دوو فریشتەش پەیامی خودایان بۆی هێناوە و مۆژدەی ژیانیان پێیە. کێ فریشتە دەبینێ؟ مەلۆتکەی بێناو چاوی بە فریشتەکان دەکەوێت و پێدەکەنێ. سمایلیش لە دەرەوە چاوەڕوانە و بایەکی کزری بیابانیش ریشە ماشوبرنجەکەی دەماڵێ و سەیری ئەستێرە دوورەکان دەکات و پێغەمبەرانە دۆش دادەمێنێ. مامان بە هەڵپە دێتە دەرێ و سمایلی ڕارا دەبینێ وەکو ئەوەی ملی لە جوغزی تەسکی ئەستێرەیەک عاسی بووبێت و ڕایدەچەڵەکێنێ :

- ئیزاک ئیزاک ئیزاک. بە عیبری واتە پێدەکەنێ.

سمایلیش وەڵام دەداتەوە :

- کەواتە با ناوی بنێین "ئیزاک" واتە ئیسحاق. پێکڕا دەچنە ژوورێ و فریشتەکانیش گەڕاونەتەوە بارەگای باری.

کەشیشیش جەرجیس نادۆزێتەوە.

****

سمکۆ لە نەوەت و هەشت کە بۆ دووەم جار گەڕایەوە هەولێر بەکری بەحری لە نادی بینی. وەکو هەموو خاریجییەک سەرەتا دوو بە دوو لە سەر مێزێک دانیشتن و پاشانیش بوون بە بیست. کوڕێکی

تەمەن نۆزدە سالان بە کراسێکی بۆری چلکنەوە خزمەتی دەکرد. بە چرپە یەکێک بە یەکێکی دی وت" دە بانگی ئیسحاق کە با خزمەتمان بکات". ئیسحاقیش بیری لە هەزار و یەک شت دەکردەوە و نغرۆی بیرکردنەوە و لە پڕێکیش دا لە کوونی چێشتخانەکەوە هاوارێک: "شیفۆنی بۆ مامۆستا سالار و دوو قاپی رەشیش بۆ ئەبوو شەهاب".

یانە لێواولێوی مێژە: هەموو رۆشنبیران و شۆڕشگێران و دادابیەکانی بن قەرات و سوریالییەکانی تەیراوە و رۆژنامەنووسان و چیرۆکنووسان و ئەوانەی تا دێ ورەیان دەڕوخێ و رۆژ بە رۆژیش بالای چیرۆکیان کورتیلەتر دەبێت و خاتیرەخوازان و پەخشان پەرستان و گوێگرانی دەگمەن و ئەوانەی تازە لە رۆمان بوونەتەوە و پێشکەشکەرانی دەنگوباسی دزراوی کەناڵە ئاسمانییەکان و ئەکتەرانی سالانی حەفتا و رەخنەگرە رەزاگرانەکان مەبەست لەوانەیە کە بونیادی بەنیئادەم و بونیادی پەیڤ بەیەک چاو دەبینن. رەخنەگرە مێشک تەنگەکان ئەوانەی لە سەر ئەستۆی دۆگم دانیشتوون و نایەنەوێ بێنە خوارێ و نایەنە خوارێ. داوێن پاکەکان ئەوانەی سوێندیان خواردووە. لاوە پۆستمۆدێرنیزمانەی لە سەر خۆ دەخۆنەوە و کراسی سپی پزیشکانە لە بەر دەکەن. کراس سپی تر لە پلەی سفری خوێندنەوە. ئەوانەی کە مەتارە ئاوی مەعریفە و ئاوی موفەڕکی زمزەمیان تێکەڵ کردووە و لچ خوار بەرامبەر بە شزووزی فۆکۆ. موتەمەڕیدانی شەست : موتەمەریدانی هەتاهەتایی : ئەوانەی خەون دەبینن تەلاری چەوتی هەزارساڵەی رۆژهەڵات بە مەقالەیەک و دوو مەقالە سەروبن کەن. ئەو رۆشنبیرانەی کاتێ کە پەناهەندەیەکی دونیاکاول بوو دەبینین بە قەدەر شەیتانێک رقیان لێی

دەبێتەوە. ئەو شاعیرانەی لە هەڵێک دەگۆڕێن زێدی خراپ بەجێبهێڵن و لە هەندەران پاڵ بدەنەوە و شیعرێکی نوێ بدەنە دەم بادی سەباوە. ئەو نوێخوازانەی کە بە ئاگری کوڕەو پێگەیشتن و بەڵام زۆر زیاتر لە پێویست پەلەیان بوو دونیا بگۆڕن. ئەوانەی پەیوەندی ئینسانی دەخەنە دوای خانەی فیکرەوە. لە گرووپێن و لە گرووپ نین. ئەوانەی وەکو حیزب و زۆر بە سڕییەوە مامەڵە لە گەڵ عەقل دەکەن. ئەو رۆشنبیرانەی کە دەزانن تازە قەتار ئەوانی جێهێشتووەو بیر لە تاشینی سمبێڵ دەکەنەوە و مەبەست ئەوانەیە کە تەواو موتەحەیر ماون لە نێوان چوونە خاریج و ژنهێنان. چ هاوکێشەیەکە! هەموو ئیشکالاتی رۆژهەڵات نەک روون دەکاتەوە بەڵکو رووتی دەکاتەوە. ئەی ئەو کۆنخوازە موحتەرەمانەی کرنۆش بۆ قافییە دەبەن تەنها لەبەر ئەوەی حیزب رێزیان لێ بگرێ سڵاو بۆ ئەبەدییەت دەنێرن. ئەو هەژارانەی کە خواش هیچ حسێبێکیان بۆ ناکات : ئەوانەی کە گەردنیان ئازاد کراوە، گەردنیان لە گوناه و خەتا و رەخنە و جوێن ئازادە. ئەوانەی دەستیان لێ شۆراوە و هەموو شتێکیان بە ناوی دیمەکراسی ساواوە لێ قبووڵ دەکەن. ئەوانەی دوا کەوتن و نا مەدەنییەتی کوردستان دەخەنە ئەستۆی عارەبان. مەبەست ئەوانەیە کە ماڵەکانیان رێک و راست بەرامبەر بە گۆفەکەکانە. لێخۆشبوان، مەبەست لە پەناهەندە گەڕاوەکانی باوەشی وەتەنە، ئەوانەی وا دەزانن لە پەناهەندەکانی دی بە ئەمەک ترن و هەموو رۆژێ لە گەڵ وەفای خۆیان دێنەوە ئاگا. بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ ئەوە لە یاد بکەن کە ئەگەر نەگەڕایانەوە بۆگەن دەبوون لە ئەورووپا. ئەوانەی کە بە کەشخەییەوە باسی مەدەنییەتی رۆژئاوا دەکەن و دوای پانزە ساڵیش کۆرس وەرگرتن هەر فێری

سویدی نەبوون و خەتاکەشی دەخەنە ئەستۆی بێکەڵکی زمانەکە. ئەوانەی لە سەرما هەڵاتن، ئەوانەی لە بێئیشییەوە بوونەتە رۆژنامەوان. ئەوانەی خەونەکانیان پووچ بۆتەوە. ئەمانەو ئەوانی دیش، مەبەست ئەوانەی دی، ئەوانەیە کە لە بەر فیز نەدەهاتنە نادی، هەر هەموویان لە نادی کۆ دەبوونەوە. کەس نەیدەزانی ئەم قایغە دەگاتە چ بەندەرێ!! وێنەی میللەتێکە کە هەمیشە لە کوڕەو دایە. شایی و شیوەنی جودا ناکرێتەوە. ئەو میللەتەی بێ سەبەب دڵی تەنها بە قەڵەباڵغی دەکرێتەوە!

سەرەتای نەوەتە.

دورگەکان وەکو قارچک پەلماون. هەر مێزە و رەگەزێکی لە سەرە. ئیسحاقی لاوی چڵکنیش خزمەتکاریی رۆشنبیریی دەکات. عەرەقی فەلە گڕ دەدات و سرووش لە دایک دەبێ. لە نێو ئەو تاریکاییانەوە شیعرێ لە دایک دەبێ و خاوەنەکەی فریای ناکەوێ بینووسێتەوە و رۆژی دوایش لە گەڵ سەرئێشەیەکی تەنک نوقمی کێشوەرە نادیارییەکانی فەرامۆشکردن دەبێت. شکسپیر لە فارسییەوە تەرجەمە کراوە و خاوەنەکەشی دەمانچەیەکی چەوری پێیە. "ئەرزولخەراب" دەخوێندرێتەوە و دەخوێندرێتەوە. لە ناو بەرداغی یەکتر مانگەکە بێ هەناسەکەی گۆران بە قوولاپ راو دەکرێت. لە هەرە پایینترین توێژی عەقڵیش دا دونیای وێران بە وشە وێرانتر دەکەن. لە نێوان دورگەیەک و دورگەیەک تەنها هەر بستێ ئاو هەیە بۆ ئەوەی ماسی هۆش دەمێک بگەڕێ. قایغ دەمێکە کوونە و کەسێ فریای کەسێ ناکەوێ. کەس تەحەمولی گەمژەیی ئەویتر ناکات. تا عەقڵ سەردارە تورەن کاتێکیش فەلە جێی دەگرێتەوە بەدنمەک و شەرخوازن.

پۆستمۆدێرنەکان بە چاوێکی زۆر سووکەوە سەیری جیلی

شکستەکان دەکەن، پێش ئەوەی سەیری جیلی شەستەکان بکەن، بە تورەییەوە سەیری توراس دەکەن. ئەوانەی دوو قەڵەمییان هەبوو، دوو ناویان هەیە یەکێکی موستەعار و ئەوی دیکەش هەر مەستەعار. بونیادخوازەکان نەیاندەتوانی بونیادی شیرازە تێکچووی مەملەکەت بخوێننەوە. جیهانی دەرەوە تووشی بوورانەوەی هەمیشەیی دەبوو. هەر گۆڤارێک خوولی نوێی بۆ خۆی دروست دەکرد و خۆی لە گوناه پاک دەکردەوە. سەردەم سەردەمی ئیعترافی مەزنە نەک وەک ئیعترافەکەی جەرجیس بەرامبەر بە کەشیشی عەینکاوەیی، بەڵکو ئیعتراف بەرامبەر بە ویژدانێ کەس نازانێ دەست بە سەر سەرەتاکانی بگرێ.

سەلەفییەکان وەکو قارچک لە نێو ئەم کەشوئاوهەوایە تەڕ و شێدار و تاریکە لە دایک دەبوون، نەخێر هیتران بوون تووشی میتامۆرفۆز دەهاتن. دەسەڵاتۆکەکان لە شێوە و شێکلی جیاواز دا نەیاندەتوانی سنوورێک بۆ ئەم کەشوئاوهەوایە دانێن. سەلەفییەکان لە هەموو بەرگێک دەبینران : عەلمانی سەلەفی بوو، دیموکرات سەلەفی بوو، ئازادیخواهانی سەلەفیش هەڵهاتن.

ئایا ئیسحاقی هەتیوی بێ ئایندە لە نێوان عەینکاوە و نادی دا دەتوانێ تۆزقاڵێ بیر بکاتەوە؟ بیر لە چی بکاتەوە کە بیر و بیرکردنەوە سڕ بوو بێتن. هەندێ جار بە بیریا دەهات و لە خۆی دەپرسی : ئەرێ کێ باوکمی کوشت؟

****

کاتێ رەمزی هەولێری جێهێشتبوو جەرجیس سێ مانگ بوو لە چێشتخانەکە، لە پشتەوە سەریان بڕیبوو. بە چەقۆ هەرە تیژەکەی چێشتخانەکە. چەقۆ هەرە ئەستوورەکە. چەقۆ هەرە قورسەی کە

دەمێک بوو تامی خوێنی نەکردبوو، دەمێک بوو بێ ویژدانان
هەڵواسرابوو، تک تک بێدەنگی لێوە دادەچۆڕێ. دەستێکی لێزان ئەو
چەقۆیەی تا ئاستی نەبز وەستان هەڵگرت. لە پشتەوە بۆی دەچێت و
بە دەستێک دەیگرێ و لاری دەکاتەوە و وەکو کارێک سەری لە
جەستەی دەکاتەوە. کاتێ ئەم رووداوە جەرگبڕە رووی دا مەسیفی
تەنها هەر سێ مانگ بوو، تەنها هەر سێ مانگ و بەس، دۆست و
خۆشەویست و مامۆستا و باوکە نوێیەکەی ناسیبوو. هەموو
ئێوارانێ لە نادی یەکتریان دەبینی. مەسیفی مێشکی وەکو مووس تیژ
دەبوو و رەمزیش خەریک بوو کاروباری زەماڵەکەی جێبەجێ دەکرد
و بۆ یەکجاری وڵاتی جێهێشت. شەش مانگ لە بولغاریا و عاشقی
ژنەمامۆستاکەی دەبێ و شیعرێکی قافییەداریش لە مەڕ مەتریالیسمی
دیالیکتیکییەوەی بۆ دەنووسێ تەنها بۆ ئەوەی پێی بڵێ خۆشتم
دەوێ.

ئەو میللەتەی نیو سەدە زیاتر بوو باجی عەدالەتی کۆمەڵایەتیان
دەدا و خەرەندی نا عەدالەتیش تا دەهات قووڵتر دەبوو، لەو
هەندەرانە ساردوسڕە چاوەڕوانی نیمچە خوێندەوارێکی
کلاشخواریان دەکرد بۆ ئەوەی لە مەڕ ئینحیرافی مەنهەجەوە
دەرزێکی قافییەدار بڵێتەوە.

ئەمەش کەلەپووری پێ دەڵێن! پێش هەزار ساڵیش ئیبن مالیک
ناوێک ئەلفییەکی هۆندەوە، هەر لە ناوەکەشییەوە دیارە کە بە هەزار
دێرە شیعر رێزمانە پڕ گرێوگۆڵەکەی عەرەبانی پێ هۆنییەوە. ئ
شکستییەکە کاتێ فیکر و تێڕامان وەک رستی بامییە دەهۆنرێتەوە.
هەزار ساڵە بەڵکو پتریشە ئێمە فیکر و هەموو شتێک دەهۆنینەوە!
فەرهەنگ و عیشق و گاڵتەوگەپ و گۆرانی لە سەر یەک رست

دەیانهۆنینەوە و دڵیشمان خۆشە کە ڕۆژهەلاتناسێ کە کەسیش نازانێ ناوی چیبوو گوتبووی هەموو کوردان شاعیرن. ئایا ئەمە مەزنترین جوێن نییە بە میللەتێکی درابێ.

ئەمە تەنها چەند ئێوارەیەکی ئەو بازنەیە بوو کە دەمێک بوو بە دەوری خۆی دا دەخوولایەوە.

****

لەم گۆڕان و سووڕانەش دا، هەموو یەکشەمووانێک ئەبوونا لە کلێسەکەی عەینکاوە نوێژی بە یادی جەرجیس و شەهیدانی بێناو و بێگۆڕ هەڵدەبەست. بەرامبەر بە ئیقۆنە هەڵواسراوەکان دەهاتە سەر چۆک و بیری دەکردەوە و تەئەمولاتی ئاینیی دەکرد. بیری لە رابردوو و زیاتریش بیری لە ئایندەی قەومەکەی دەکردەوە. ئەویش وەکو ئیسحاقی تاقانە هەموو یەکشەمەیەک هەمان پرسیاری لە خۆی دەکرد. ئیسحاق درایە دەست رابردووە و هەرگیزاو هەرگیز نەیزانی چۆن و بۆ و کێ باوەکی کوشت، بەڵام لە کۆتایی دا ئەبوونا گەیشتە یەک قەناعەت: "جەرجیس زۆر شتی دەزانی. لە کۆمەڵگایەکی جاهیل و نەفام ئەوەی زیاد لە پێویست شت بزانێ دەبێ لە ناوبرێت!!" دەبێ تەنها بە قەد پێویست شت بزانیت. ئامۆژگار پێویستە بەڵام بە قەد پێویست، رەخنەگر لە دەسەڵات پێویستە بەڵام دەبێ خۆی هێڵی سووری خۆی دیاری کات، شاعیری سوریالیش پێویستە بەڵام نەک وەک زەروورەت بەڵکو وەک مۆدێل، موعارەزە پێویستە بەڵام بۆ کاتی پێویست. دەسەڵاتی کۆن بە ئاشکرا تەوری دەگرتە دەست، دەسەڵاتی نوێ لە ژێرەوە تەور دەوەشێنێ.

بۆیە بێوچان کەشیش دەپاڕایەوە، دوعای بۆ هەمووان دەکرد بە تایبەت بۆ مەلایانی هەولێر. بەرامبەر بە خاچی بریندارەکەی دەهاتە

سەرچۆک تا هەردوو ئەژنۆکانی بە تەواوی سڕ دەبوون، دەپاڕایەوە و لە دڵێ خۆشی دەیوت "کەی دەبێ ئەوانەی دەچنە سەر مینبەری پیاوچاکان کەمۆکەیەک، هەر تۆزقاڵێ خۆشەویستی ببەخشن ئەوانەی بە تامەزرۆوە هاتوون گوێ لە دەنگی خودا بگرن؟ کەی دەبێ ناوی خودا بە عیشقەوە بوترێتەوە نەک بە هەڕشە و ترساندن و تۆقاندن. خودا بەنیئادەمی ترسنۆک و گەلحۆی خۆشناوێ و کەسیش گەرەنتی ناداتە کە کێ پیاوی خودایە. کەس مافی دادوەریی نییە و کەسیش نازانێ کێ پیاوچاکە. خودایە ئاگاداری مینبەری خۆت بە!!"

ئەمە کورتەی نوێژ و نزر و دوعاکانی ئەبوونا بوو. لە هەمان کاتیش دا ئەوانەی لە نوێژی هەینی دەهاتنەوە ترسێکی قەبە سوار ئەستۆ و مێشکیان دەبوو کاتێ گوێیان لە نەڕەی مەلا تەیموور پەژموورەدەی لاواز دەبوو کە لە هەموو خوتبەیەک وەکو یەکێک لە تۆڵە سەندنەوە بگەڕێ و دەمی کەفی دەکرد و دەستی رادوەشاند و فرمێسکێکیش قەتیس بوو، بۆنی ئاگری جەهەنەمی پێوە بوو زیاتر لە رەوزوریازی جەننەت، گوێگرانی بێمەبەست جۆش دەدا.. مەلا تەیموور هەندە موژدەی جەهەننەمی بۆ برایانی ئاینیی خۆی پێ بوو هەندە بە خەندەوە باسی خۆشەویستی خودای بۆ نەدەکردن. لای مەلا تەیموور بەهەشت وجوودی نەبوو و ئەسڵەن هەر ئەم فیکرەیەشی لە ناخەوە پێ خۆش نەبوو، بەڵام نەیدەوێرا لای خۆشی ئاشکرای کات. ئا لە بەر سێبەری ئەم مزگەوتانەوە قارچکە سەگانەی تاریکیی تەشەنەی دەکرد.

****

باشە دەبێ جەرجیسی خزمەتکار چی لەوانی دیکە زیاتر زانیبێ؟

ئەویکی حەپسی ریگای نیوان ماڵ و نادی ! ئایا خولاسەی سەرئەنجامی ئەبوونا تەنها حیکمەتێکی گشتی نەبوو لە مەڕ کۆمەڵگای رۆژهەلات و بە تایبەت لە مەڕ کۆمەڵگای کوردییەوە و سەپاندبێتییە سەر تیرۆرکردنی جەرجیس؟؟ رەنگە!

****

ئێوارەی رۆژی دوای و ئێوارانی دواتر و هەر هەموو ئێوارەکانی دیش، کەسێک بەزاری خەیاڵیا شتێک تێنەپەڕی کە ئەو رووداوە لە قورگی لەبیرچوونەوە دەربهێنێ. کەسێک لە شانۆ دۆستانە و لەو عاشق و خەونبینانە سەرەرای ئەوەی لە سەر مێزەکانییانەوە دوکەڵی چڕی رۆحبڵند بەرز دەبووەوە، کەسێک نەیویست لەم تاوانە نەک بکۆڵێتەوە، بەڵکو باسێکی بکات. چونکە ئەم تاوانە بە لای یەکێکی وەکو رەمزییەوە گرینگ نەبوو، ئەوەشی لە لای مامۆستا گرینگ نەبوایە هەڵبەتە لە لای ئەوانی دیکەش ناکەوێتە سەر زار و رۆژگارەکانی ئەو سەردەمەش بە لێزانانە هەندێ شتی تۆمار دەکرد و زۆر شتی دیکەشی فڕێ دەدایە حەوشی بیرچوونەوەوە.

لە نێو ئەو دۆست و هاوکارانە، تەنها مەسیفی خاوەن عەقلێکی تیژیی گوندیانە بوو، لە ئاسمان شتی دەقۆزتەوە، بەلام لەو ماوەیە دونیای ئەویش تەنها دوو شت بوون : شانۆ و رەمزی یا وردتر رەمزی و شانۆ. بەلام لەم خانەبەندییەوە چاکترە رەمزی لە پێشەوەی پێشەوە دابنرێت. بەلام دەبوایە، بۆ یەکێکی وەکو مامۆستا، بە تایبەتیش کاتێک رووداوێک لە ئێوارانێکی هەندە گرینگ دا روو بدات، دەبوایە بۆ بۆیەمییەکی کەتە و یاخی وەکو ئەو ئەم رووداوە لە ناخەوە بیهەژاندایە و ئەم رووداوەش لە زاکیرەو مێشکی لووسی مەسیفی بۆ هەتا هەتا تۆمار بکردبایە. لەمەش زیاتر فلچەیەکی

بریختانەشی بساوییایە سەر خەجوسیامەندە چاخناوەندییەکەی و یەک دوو مانگیش سەفەرەکەی دوا خستایە و دونیای پانوبەرینی لێ نەبوایەتە رچەی سەفەرێک بەرەو هەندەرانی ئەفسووناوی.

سەرەڕای ئەوەشی کە ئەو ئێوارەیەی کە مەسیفی سێ ژووانی پێکرا هەبوو: ژووانی یەکەم لە گەڵ بادەیەکی غەریب، ژووانی دووەم، ناسینی رەمزی بوو، ئەویش تەنها هەر سێ مانگی خایاند، بەڵام شتێکی تایبەتی لە شعووری هەڵکۆڵی، دوا ژووانیش بە ئەکتەربوون بوو! نیمچە نەخوێندەوارێک بۆ ماوەی سێ ساڵ تەختەی شانۆکانی شاری دێرین دەهەژێنێ. جوانترین گوبەرۆ و نایابترین سوخمە و گوڵدارترین کراس و کەوای بۆ دەدروون. ئیتر جێی رەزامەندیی نێر و مێ و نێروموک و پایتەختە. هەموو ئەو دەورانەی کە بینیشی لە دەوری کیژە کۆڵەوارێکی پیاوە دەوڵەمەندێکی قوربانی زۆرانبازییە چینایەتیەکان هیچی تر نەبوون. ئەمە بوو دڵی خەڵکی خۆشدەکرد. چ دەسەڵاتێک شک دەبەین بەرامبەر بە چێژی بینەرانی هیچ نەبینیو!

****

"خەج و سیامەندە" بە ناو بریختەکەی کاکل و رەمزی نەکەوتە سەر شانۆ... مامۆستا سەفەری کرد و پەردەش دادرایەوە.

****

قارچکەکان لە سەر دورگەکانیان و دورگەکانیش لە پاڵ یەکتر وەک ئارشیپێل شەپۆلێکی تەنک لە نێوانیان دێت و دەچێ، دێت و ناگەڕێتەوە، دەڕواو ئاوا دەبێت. پایزێکی دی و تەپوتۆزێکی کۆنیش لە باکوورێکی ساردەوە قەرات و گەڕەکە بێ ناوەکان بە سەر دەکاتەوە. هەموو شتێ پێی دەچێ بە بێ پرۆگرام پیادەکرابێت. بەڵام

لە ڕاستی دا گەلێ ڕاستی هەبوون وشکایی ئەو خاکە تاڵە دەیمژیی. پایز مانا بوو یا وەرز؟ لە ژێر قەڵەمی گەورەترین شاعیریش، ڕەنگ زەرد ڕەنگ زەرد کەل قووتی دەدا.

هەزار و یەک چیرۆک هەموو شەوێ لەم ئۆردوگا زۆرەملێیە لە دایک دەبێ و سەری وەکو بەرخێکی نێر سەر دەبڕن، یا وێڵ و گومڕا وەکو بزنە ونبووەکەی دەستی قەشەکەی عەنکاوە و ڕووی سەری دەکەنە قیبلە و بە کێردێکی ژەنگنیش لێی دەکەنەوە. کەسێک نییە ئەم چیرۆکانە بنووسێتەوە، ئەوەشی دەنووسرێتەوە بە زمانێکی قۆقز ڕاستییەکان تا ماون لە نێو تراوێلکەدا دەلەرێنەوە. ڕاستین لە مێشکی هەرزەکارێک لە نێو وەهمی ئەمنێکی گێل و ڕۆمانسییەتێکی کرچ و خەونێکی دروستکراو کە ئایندە لە ئێستا خۆشتر دەبینێ، بە بێ ئەوەی تاقە پرسیاریش لە خۆی بکات و بڵێ "چۆن؟"

ئۆردوگایە و هەن بە دەروازەیەکی بێ وێنەی دەچوێنن کە دەڕوانێتە سەر چەند ساتێکی هێمن و حەوانەش دەبەخشێتە ڕۆحی کڵۆڵی ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە تاقەت و هێزی لە بەر نەماوە کە جارێکی دی هەڵسێتەوە. کەواتە دوای ڕۆژگارێکی وەستا و چەق بەستوو با ئەم جەستە هیلاکانە بدەینە دەم عارەق و پاشانیش بیدەینە دەم ڕووباری بیرچوونەوە. ئەمە پەڕینەوەیە بەرەو دونیایەکی دی و دەبێ لەم ڕووبارە بپەڕینەوە.

شوێنیش وەکو کات تووشی کەرتبوون دەهات. ئەم شوێنەش بە قەد میحرابێ دەپیرۆزرا! پیرۆزاندن ڕۆحێکی مردوو دەداتە بوون و پاشانیش وەکو سەرتاپای مێژوو دەخوێندرێتەوە. لە ڕاستیش دا مێژووی ڕاستەقینەی ڕۆژهەلات تەنها کاتێک دەخوێندرێتەوە کە تارای پیرۆز لە بەر شتەکان دادەماڵرێ: هەموو جۆرە پیرۆزییەک،

بگرە پیرۆزی فیکریش. نامانەوێ ڕێز لە فیکر بگرن، دەمانەوێ بیربکەنەوە و بەس. ئەو کات بوارمان بۆ دەڕەخسێ مێژوو بخوێنینەوە پێش ئەوەی بینووسین.

بێگومان ئەم پێشەکییە ئەوها بەم ڕوونییە ڕەمزی نەیدەتوانی بەرجەستەی بکات و شیتەڵی بکات و دواجاریش بیخوێنێتەوە. بەڵام هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی پاسەپۆرتێ دەربهێنێ و سبەینێ لە فرۆکەخانەی بەغداوە لە سۆفیا بنیشێتەوە. ئەو سەردەمە و گەلێکیش دوای ئەو سەردەمە ئەورووپا نەک تەنها خەونێ بوو بەڵکو وشەیەکی بەربەری وەکو هەندەران جێی دونیای دەرەوە دەگرتەوە. یا وشەی خاریج هەندە بە تام لەفز دەکرا بەهەشت بەرامبەری بێ قیمەت خۆی دەبینی. دوای بیست ساڵ ئەم وشە سیحراوییە کەوتە زاری هەموو کەسێکەوە. خاریج بوو بە سیستەمێکی بیرکردنەوە، بوو بە تۆڕی وشە، کەس نەبوو بتوانێ مورادیفێکی بۆ بدۆزێتەوە. خاریج دەرەوەی وڵات نەبوو، بەڵکو پیشەیەک بوو، تەعبیری تەواوی لە شێوەژیانێک دەکردەوە کەس لە توانای نەبوو وەسپی کات. نابووترین خاریجی کە دەگەڕایەوە کوێخا و ئاغاکانی جاران دەستیان ماچ دەکرد و دەچوونە مەجلیسی. جوانترین و بێتەمەنترین کچی خۆیانیان بۆ دەبردن. تا کار گەیشتە ئەوەی خەڵکی کچی خۆی بە بێشکەوە بۆ دەبردن و مەلا و کۆڵکە مەلا خواخوایان بوو ئەم بەرەکەتە بەر خاریجییییان کەوێت. هەزار و یەک خەیاڵ لە یەک سات دا گوێگری دەتلیساندەوە، گوێگری بەنج دەکرد. پزیشکان بە جیدی بیریان لەوە دەکردەوە عەمەلیاتەکانیان لای ئەو خاریجییانە بکەن.

بۆیە بیست ساڵ لەمەوبەر، ئەو ئێوارەیەی کە ڕەمزی دەبوایە

ڕۆژی دوایی سەفەر بکات، هەر لەو ئێوارەیەوە و ئیتر ڕەمزی دەچێتە پاڵ جینسێکی دیکەی مرۆڤ. ئەوانەی هەموو شتێک دەزانن و نهێنی بوونیان لایە.

بە قەد یەک دونیا دڵی خۆشە. سبەی دەفڕێ و "ئەرزولخەراب" جێ دەهێڵێ. بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ خوێندن دەچێت بەڵام لە ناخی خۆی دا دەگەڕێتەوە زێدی بابوباپیرانی ئەویش بویەمستانە. نووسەر و ڕۆشنبیرێکی دانسقەی ئەو زەمانەش دەوریان لێ داوە. سمکۆی قۆشمەچی جار نا جارێ خەتەرەیەک بە دڵیا دێت و ئەویش دڵی خۆش دەبێ " ڕەمزی بگاتە ئەوێ ئێمەش رادەکێشێ". ئایا ئەم ڕاکێشانە ئیجایەکی تەواو نییە لە مەڕ میللەتێکەوە کە کەوتبێتە بیریکەوە یەک ئەوی دیکە بەرەو ئاوەدانی هەندەران ڕاکێشێت! یا بۆ ئاژەڵێکی مردارەوە بوو کە هیچ چارەسەرێک نەمابێت تەنها ڕاکێشانی نەبێت بەرەو دوا مۆڵگە. ئەمە چۆن شیتەڵ دەکرێت؟

بەڵام مەسیفی هەست دەکات لە ناخەوە نووخانێک دەیژاکێنێ و دەیکرۆژێ و وردە وردەش دەیخوات و سیسی دەکات و دەیژاکێنێ. هەموو چیرۆکێکی بەختیاری کەساسییەکی لە پشتەوەیە. دەروازەکان لە بەردەمی کڵۆم دادەخرێن و میلانکولییەک وەکو پێستێکی دی لە سەر پێستی پێشووی هەڵدەنیشێ و هەست دەکات شتێکی نامۆش دەوری ئێسقانەکانی دەدات و سڕییان دەکات. کاتێکیش هەندێ جار سەیری ڕەمزی دەکات تەنها و هەمیشە باڵای شکستی خۆی دەبینێ. ئەم شکستییە زۆر لەوەی پەیمان قورستر و بێناوترە. ئەوەی پەیمان لە چاو ئەوەی مەسیفی جۆرە خەمێکی ئەرۆستۆکراتیانەیە و بەس، هی پەیمان هی ئەو دەسبەتاڵانەیە کە نازانن چی لە جەستەی خۆیان بکەن کەواتە دەبێ کەمێ ئازاری

بدەن بۆ ئەوەی جەستە دەم بکاتەوە و بلێ "هەم". ئەوەی پەیمان هی بەترانەکان بوو.

مەسیفی لە ناخەوە جەستەی خودی خۆی دەبینی و لە ژێر دەستی خودی خۆی رادەپسکێنرا. رۆحێکی هیشکەوە بوو، کرابووە بەر جەستەیەکی ژاکاو. ئەمە یەکەم هەژان بوو کە پاشان هەموو هاوڕییانی پێیان دەوت "ئەمە خەلاتێکی راستەقینەیە بۆ ئەکتەر، کەواتە ڕێگای دوور و درێژی تەقەمووست بۆ کورت دەکاتەوە." ئا ئەمە پێوەرێکی راستەقینەیە کە رۆژهەڵات خۆی پێ دەپێوێ! ئینسان تا خەم و خەفەت دەوری لێ دا، تا ئازار و گینگڵدان شەوانی لێ حەرام نەکات، تا بارستایی تارمایی و تارماییش سواری ئەستۆی نەبێت، نە بۆی هەیە ببێتە هونەرمەند، نە بۆ هەیە ببێتە شاعیر، واتە بۆی نییە ببێتە مرۆڤ. ئەو کاتەی مرۆڤ لە تاڵاوی ژیان هەڵکێشرێت ئەو کات گەردن ئازاد سەیر دەکرێت و ئیدی هەندەی تر دەچێتە خانەی پیاوچاکانەوە. ئەم هاوکێشەیە رەنگە لە زەمانی زەردەشتەوە بە میرات بۆمان مابێتەوە! کەواتە نابێ زیاد لە پێویست دڵخۆش بین، یا نابێ دڵخۆش خۆمان نیشان بدەین، چونکە ئەم ئۆخشژنە میسداقییەتمان کەم دەکاتەوە. عەلمانیترین رۆشنبیر لە پێشچاو ئەوانی دیکە نەیدەویست لە یەکێ لە دیسکۆکانی رۆتردام سەما بکات و خوێنەری گەورەترین موفەکەری هاوچەرخیش بوو!

****

رۆژی دوایی. بەڵام کاتێ دەڵێن رۆژی دوایی دەبێ بپرسین دوای چ شەوێکی زوخاوی. رەمزی و مەسیفی سواری هەژدە نەفەرییەکی شینی خامەکی بوونە. ئەو مارلیسە هەژدەنەفەرییە پشتکوڕانەی کە بە شەش سەعات لە هەولێرەوە دەگەیشتنە بەغدا. هەژدە نەفەری

بێدەنگ و کەمێک گومڕا خۆیان گرمۆڵە دەکرد و دەچوونە ناوچە غەریبەکانی دیکە. لە سەرخۆ دەڕوات. کاتێ دەگەنە ئاست شار و شارۆچکە فسکەفسک دەست پێدەکات. بە باڵای ماست و ماستاو کەباب و تەشریبی فڵانە جێگا هەڵدەدەن. جارێکی دی بیابان و جارێکی دیش بێدەنگیی و خاوبوونەوە یا خەوتن.

دەگەنە ئاستی خالیس و پەیکەرێکی نەناسراو قووت دەبێتەوە. ڕەمزی دەڵێ " ئەمە پەیکەری شێخ خالیسە" مەسیفی بە زەردەخەنەیەکی قورگ بەستراو وەڵامی دەداتەوە. هەرچەند دەکات وشەیەک چییە ناکەوێتە سەر زاری. جار ناجارێکیش ڕۆندک وەکو جۆگەلەیەک کە لە جەهەننەمەوە چۆڕەی بێت ئەوها ڕوومەتە جوانەکانی مەسیفی دەژاکێنێ و وەکو یەکێکی دەسلێوەشێنراو لە پەنجەرە تەڵخەکەوە دەڕوانێتە ئەو دارخورمایانەی بە تووڕەیی سەیری ئەو ئاسمانە بێڕەنگە دەکەن. ئەمە یەکەم سەفەری بەغدایەتی، بەڵام هیچ نابینێ. یەکەم سەفەرێتی بۆ بەغدای پایتەخت. دەگەنە فرۆکەخانە و هیچ شتێک نابینێ.

سەعات یەک و نیو فرۆکەکەی ڕەمزی دەفڕێ و مەسیفیش دەگەڕێتەوە و گەراجی نەهزە و ئێوارێ دەگەڕێتەوە خانەخراپ و خۆی بە تەوای مەست دەکات و پەیمان و سمکۆ دەمەو بەیانێ وکو تەرمێکی بێگیان کە تەنها بە ئاستەم هەناسەی دەدا، ئەگینا وەکو لاشەیەکی ڕەنگی پەڕیو دیار بوو، بە جەستەیەکی بێ ڕۆح دەچوو و تەسلیمی پلکە بەهیجیان کرد و ئەویش تا بەیانی بە سەر ڕۆڵە خۆشەویستەکەی دا دەگریا و نەیدەزانی چ باسە!

❋❋❋

بەڕاستی ئەم بەشە زۆر بە زەحمەت دەنووسرێت. هەرچەند دەکەم نازانم چۆن بتوانم ئاودیوی ناهۆشیاریی حوسێن ببم. لە ڕاستیش دا ناهۆشیاریی و ڕچە پێچیدەکانی حوسێن گەلێ لە هۆشیار و زمانی خۆی زیاتر شتمان پێ دەڵێن، بۆیە گەلێکم بە لاوە گرینگە. ئەمەش گەورەترین فرسەتە بۆم. لە هەققەتیش دا حوسێن ڕۆ نەچووبووە نێو نێرڤاناوە هەر وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، بەڵکو قەدەرێکی تەواو لە نێو ئەو دونیا تاریکەی کە بە ویستیش ئامادە نەکرابوو، ڕاوەستا و ڕۆڵی بینی و ڕۆ چووە نێو هەوارە شێدارە خەیاڵییەکەی، ئینفیعاڵە تایبەتییەکانی غەزوویان کرد و نەیتوانی دەست لە سنوورەکانی خوودی خۆشی بدات. ئەم بارەش هەڵبەتە یەکەم جار نییە حوسێن بۆ گریان و فرمێسک ڕشتن پەلکێش دەکات. گریانێکی تەواو.

بەڵام حوسێن قەد لەوەوە پێش بەم ئازادییە نەگریا بوو، ئەگەر ئەمەش دوا گریانی ئەو نەبێت، بێشک قەد جارێکی دی ئەوها بە گوڕ ناگریێ. گریانی سەر تەختەی شانۆ ئیمتیازێکە بەر هەموو کەسێ ناکەوێت. ئەمش ڕەنگبێ یەکێ لەو پەیامانە بێت کە حوسێن ویستبێتی بە پێمانی ڕاگەیەنێت. دوای ئەوەی هەردوو گۆناکانی خلتانی گڕی ڕۆندک دەبن، خەوێکی کەستەکی دەیباتەوە. ئە تەعبیرێکی کوردی پتەوە کاتێ دەڵێین " خەون دەیباتەوە". ئەم دەستەواژەیە ڕۆ چۆتە نێو مێژووی خەون خۆیەوە. ئایا ئەمە تەعبیرێکی تەواو نییە کە ئینسان لە خەونەوە پەیدا بووە. فرمانی بردنەوە تەنها گەڕانەوەیەکی سروشتییە بۆ شوێنێکی سروشتی. کورد نالێت "خەون دەیبات" بۆ ئەوەی تەنها تەعبیر لە بردنێک بکات

بۆ ناوچەیەکی غەیبئامێزی نامۆ، بەڵکو دەوترێت خەون دەیباتەوە.
وەکو دەوترێت فلانە کەس هات کورەکەی بردەوە. زوو لەوە
تێدەگەین کە دەیباتەوە بۆ ماڵ!

هەر ئەم خەوە ساف و بێ گرێیەبوو کە من لە بەشی پێشوو بە
نێرڤانام چواند. بەڵام توخوا حوسێن خەوی بێ گرێ و گۆلی هەیە!
یا حوسێن و نیرڤانا لە یەک جەستە شوێنیان دەبێتەوە!

پێنج دەقەی یەکەم بزەیەکی کاڵفامانە لە سەر لێوە ئەستوورەکانی
حوسێن کە میراتی تافی منداڵی بوون گەڕایەوە و هەنسکێکی
تەنکیش بە دەم خەوەوە نەترێکی سووکی بە لەشەکەی دەدا. پێنج
دەقە بۆ خەوتوویەک رنگە سەرتاپای تەمەنی خەوتوو بگرێتەوە،
بەڵکو لەوەش زیاتر تەمەنی دایک و باوک و باپیرە و داپیرە و بەڵکو
لەمەش زیاتر تەمەنی بنەماڵەکەی کەسی خەوتوو شیتەڵ کات و
لێکیداتەوە و بیهێنێتە سەر گۆمی تەنکی ئەو هۆشیارییەی کە
سەرتاپای سەدەی هەژدەم پێیاهەڵدەشاخی و لەمەش زیاتر، بەڵکو
کرنۆشی بۆ دەبرد.

رەنگیشە لەمەش زیاتر شتی تۆمار کردبێ، چونکە میکانیزمی
تۆمارکردنی رووداوەکان بە شێوەیەکی زۆر پەنهان پیادە دەبن.
رەنگە! بەڵکو گومانیشی تێدا نییە کە ئێستا و دەمێکیشە ناهۆشیاری
حوسێن و ڤێرۆنیکیش وەکو دوو نامەلاولاو لە زۆر لاوە تێکەڵی
یەکتر بوونە. باشە ڤێرۆنیک بویکەر تەنها چەند مانگێک چووە ژیانی
حوسێنەوە، چۆن ئەم پەیوەندییە وا لە ژێرزەمینە شێدارەکان دا
رژاونەتە نێو یەکترییەوە. ئەم بەسەرهاتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو
سەردەمەی کە فرانچیسکا رەشمەکەی حوسێنی بەردا، حوسێنیش
وەکو گومڕاە شەقامەکانی جنێڤی بە سەر دەکردەوە. ئەو رۆژانە

حوسێن مردنی گەلێ لە لا خۆشتر بوو بەڵام دەترسا خۆی بکوژێ.
لە ئێوارەیەکی زۆر ئاسایی دا ڤیرۆنیکی ناسی. ڤیرۆنیکی روومەت
قووپاوی زیاد لە پێویستیش قژ زەرد، لە بن ئەرز بۆ گەنجێکی
گومڕاو برینداری وا دەگەڕا کە هەر خێرا لێوی لە هەموو قوولابێ
گیر ببێ. خۆی دەبوایە زۆر بە پێچەوانەوە بوایە، عاشقی تەواو ئەو
کەسەیە پێویستی بە پرسەیەکی تەواو هەیە تا ئامادەگی ئەوەی ببێ
جارێکی دیش دەروازەکانی دڵی بۆ یەکێکی دی بکاتەوە. بەڵام بە
نیسبەت حوسێنەوە تەواو بە پێچەوانەوە بوو، چونکە لە راستی دا
حوسێن دڵی بریندار نەبووبوو، بەڵکو کێردێک کەرامەتی
درووشاندبوو. بۆیە ڤیرۆنیک قۆزتنەوە، کەرامەت کڕینەوە بوو زیاتر
لە حەکایەتەکانی دڵ و دڵداریی. ئەگینا چۆن بە سەراحەت لای
پەیمان ئەوەی دەدرکان کە زۆر جار دۆشەکە دوو نەفەرییەکەی
جێهێشتووەو چۆتە ئاودەسخانەکە و دەسپەڕی بە سەر نەگبەتی
خۆی لێداوە. پەیمانی ئەرۆستۆکرات سەری لەم کێشەیە
دەرنەدەکرد.
هێشتا لە چرکەکانی یەکەمین. پێنج دقە بزە لە سەر لێوانی حوسێن
مەگەر بە خێرایی تیشک بپێورێن! شەپۆلێ شت تێدەپەڕن و
هەزارەها داویشمان لێ رادەپسکێن.

****

خەونی یەکەم ...

بە ناردەوانە کۆنەکان دا دەهاتمە خوارێ و دونیای ئەرزم لە
سەرووی خۆم جێدەهێشت و شۆڕ دەبوومەوە جیهانێکی دیکە.
بایەک بە ئاسپایی سەروسیمای ئاقارەکانی دەسڕییەوە. باش بۆ من
تەنها هەر یەک شتی دەگەیاند : بەرجەستەیەکی ماددی رەق و تەنە

دونیامان بە دونیای باڵاوە گری دەدات. با لە ناو ڕۆحی گەلی شت دایە. ڕۆحی باڵندە لە با درەستکراوە، ئاگر بە با دەژێت واتە خۆراکی ئاگر بایە. ئاگر ئاژەڵێکی ئەفسانەییە و لە دەشتاییەکانی با دەلەوەڕێ.

یەکەم جار بوو جەستەی با ببینم. شتێکی تا بڵێی سەرنج ڕاکێش. تا چاویش بڕی دەکرد مێرغوزار بوو. لە گشت لایەکەوەش کەوانی زەبەلاح لە کەشکەلانی ئاسمانەوە شۆڕ ببوونەوە و خوناوی پێدا دادەچۆڕی. نمەیەکی ورد کەوتبووە بەر با و بە نێو کەوانەکانا شەپۆلۆکەی دەدا. چێشتەنگاو بوو، چێشتەنگاوی ناهۆشیاری.

ئافرەتێکی لە ئاو هەڵکێشراو، هەناسە بڕکێ، جارجاریش ئاوڕی دەدایەوە. ترس و حەزێک سکی داگیر کردبوو. قژی خورمایی و یەک دوو مێشی هۆنرابووە و چرووسکەیان دەهات. هەردوو پۆتەکەی خلتانی قوڕێکی خەستی سیاهی بە بەرەکەت بوون.

لە پڕێک دا ڕاوەستا و ئاوڕی دایەوە کەس دیار نەبوو. سوخمەکەی داکەند و کراسەکەی لوول دا و دەرپێ قوتەکەی کە بە قەد دەسەسڕی منداڵێ دەبوو داکەند و لەت و پەتی کرد. نووشتایەوە و بە هەردوو چنگ قوڕاوی هەڵگرت و بە لەززەت و حەشەرییەوە دەیساوییە لەشی. قوڕێکی مەیلە و کەسک خۆی دەنواند، قوڕێکی قورس بوو. لەو قوڕانە بوو کە هێسک و پلووسکی مردوو بە یەک دوو هەفتە دەشۆنەوە و دەیگەڕێننەوە باوەشی دایکە-سروشت. ئەمە هیچ کەش و تەقسێکی تایبەت نەبوو، بەڵکە لە حەزێکیش زیاتر بوو.

تەواو خۆی لە قوڕەکە هەڵکێشا. پاشان وەکو دێزەکەرێ چۆن خۆی لە حەمامی گڵ وەرت دەدات، ئەویش ئاوها خۆی لەو قوڕە نێکە وەرت دەدا کە بە لەشەکەی گەرمی دەکرد. خۆی دەگەوزاند.

دەتوت ئاژەڵێکی مێیە و وەختی کەڵی هاتووە.

منیش بیرم لە خەوتووەکەی خۆم دەکردوە. بیرم لە شا- ئەکتەرەکەم دەکردەوە. چۆن دەبێ خەونی ئەوە بێت و خۆشی دیار نەبێت. ویستم هەڵیسێنم، یا رەواترە بڵێم زیاتری بیخەوێنم بۆ ئەوەی فریای خەونەکەی بکەوێت. چونکە بە راستی کاتمان زۆر بە دەستەوە نییە. ئەگەر ئێستاش لە خەو هەڵسێت، هەموو سیناریۆیەکەی من تێک دەدات و نووسینەکەم لێ هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمەش یەکێ بوو لە دەسەڵاتە گرینگانەی حوسێن کە من شکم نەدەبرد.

بزەکە مردارەوە بووە. لەم چەقبەستنە تێنەگەیشتم. دڵی خۆم بەوە دەدایەوە : کێ هەیە بە تەواوی سەر لە بنج و بناوانی خەون دەردەکات!

وەکو ئەوەی لووتی حوسێنیش ئەم چەقبەستنەی رەواندبێتەوە. بۆنی شتێکی دەکرد. بۆنی گۆشتی کاڵی دەکرد. هەر وەکو ئەو سیسارکە کەچەڵانەی لە رۆژە رێیەکەوە بۆنی کەلاک دەکەن. دەزوولە بۆنم بینی بەنەوشەیی بوون و لە دوورەوە دەئاخنێنە بوونی حوسێنەوە. بزە مردارەوە بووەکە رۆحی کەوتەوە بەر و منیشی ئۆخژنی.

وەکو پشیلە دەبزایەوە. سمێڵەکانی دڵخۆش بوون. نازانم چۆن بوو، ئەمە یەکەم جار بوو هەست بکەم سمێڵی پیاوی رۆژهەڵاتی شتێکی رۆح لە بەرە. هەستم کرد سمێڵەکانی حوسێن لە ژێر لووتە چەماوەکەی لە حوسێن خۆشی دڵشادترن. رەنگبێ ئەمەش تاقە هۆ بێت کە جڵەوەی حوسێن بەرنەداو قەتیش حوسێن بیر لە تاشینیان نەکاتەوە. سمێڵەکەی حوسێن دەبێ بە کۆ بەکار بهێنرێن، چونکە

نەک تەنها دووانن و بەم لاو ئەو لادا شۆڕ بوونەتەوە، بەڵکو وەکو سەمبۆل خۆیان دەنوێنن. سەمبۆل و سمبێل زۆر ڕێی تێدەچێ لە سانسکریتی کۆنەوە ڕژابێتنە نێو زمانە هیندیوئەورووپییەکان!!! سەمبۆلی تێروتەسەلیش ئەگەر بە شیکلیش تاک بێت بە واتا کۆ-ن. سمێلکانی کەوتنە بسکە. ئەی تەعبیری بسکەی سمێل لە چییەوە هاتووە؟ ئایا سمێل نین دەکەونە خەندە. ئایا سمێل نین پیاو بە ئاگا دەهێننەوە. سمێڵەکانی حوسێن هۆشیارن و کەوتنە خنەخن. ئیتر لەمە بەدواوە چارەنووسی حوسێنیان بە دەستەوەیە. سمێل و ریش هەردووک موون. تاشینی دووەمیان زۆر ئاساییە، بەڵام تاشی یەکەمیان زۆر دەخایەنێ. هەندێ جار تەمەنێک دەخەیەنێ. دە دوانزە ساڵ زیاتر پیاو بیری لێ دەکاتەوە و تەئوملاتی قوولی لێوە دەڕوێ : بیتاشم نەیتاشم بیتاشم نەیتاشم. ساڵ دەخایەنێ. چ بەختیارییەکی کومپلیتە کاتێ مرۆڤ خۆی بەمەوە خەریک دەکات!

دەجوولانەوە. هێدی هێدی دەجوولانەوە.

لە دوورەوە پەیدا بوو. وەکو بەرانێکی کێوی دەبینرا. بەرانێکی کێوی سەری شۆڕ کردبێتەوە و گومڕاش نەدەبوو. چونکە ئەو دوای بینین نەکەوتبوو بەڵکو بە بۆن ڕێگای هات و نەهاتی شەق دەکرد. حەیوانانە ڕەوتی خۆی دەکردەوە و لە کەلاکەکەی نزیک دەبووەوە و ناولەپیشی لە یەکتر دەخشاند و سەیری ڕاست و چەپی خۆی دەکرد نەبادا بەرانێکی دی ئەم نەخشە تامەزرۆیەی لێ هەڵوەشێنێتەوە. بە مرخە مرخ لەو جەستە گەرمە، ڕەشە، لە قوڕ هەڵکێشراوە نزیک دەبووەوە.

سەرەتا بە دەوریا دەخوولایەوە و ئەویش زیاتر خۆی دەگەوزاند و زیاتر خۆی قوڕاوی دەکرد. حوسێن بە تەواوی پشتی کوڕ

کردبووەوە و دەیمرخاند. هەر بە بیزۆنە پشتکوڕەکانی کیشوەری ئەمەریکای دەکرد. هەردوو چۆکی لە ناو قووڕاوەکە ختم کرد و کەوتە لێستنەوە ئەو قەتماغە رەشەی کە تا رادەیەک تامێکی سوێری هەبوو. زمان قاشە پانەکەی دەردەکرد و ئەو پشتە سیاهەی سپی دەکردەوە، سپییەکی وا چرووسکەی دەهات لە ژێر ئەو نمە بارانەی کە لە کەوانە زلەکانەوە هوورووژمیان دەهێنا.

ژنەکە کەوتە سەر پشت، کەوتە سەر قەبرغە، کەوتەوە سەر سک و پێچێکی خوارد و کەوتەوە سەر پشت. کاتی ئەوە هاتبوو حوسێن بە خێرایی کراسە سپییەکەی دابکەنێ و پانتۆڵەکەی فڕێ بدات و دەرپێیەکەی دابکەنێ، بەڵام قۆپچەی کراسەکەی وەکو تۆپەڵە چریش دەنووسانە پەنجەکانییەوە و قۆپچەیەک دەبووە دوو و دووش دەبوونە دە و کراسە سپییەکەش وەکو کفنێ لە گەردنی زەردی رۆژهەڵات گیر بوو.

****

خەونی دووەم

چەند پایەک بە ناردەوانەکەدا چوومە خوارەوە. دیمەنی ئێوارەیەکی مەنگ لە ئاسۆوە لە لێژاییەکانی دەخواردەوە. قەدپاڵەکان گەرم داهاتبوون و پووشوپەڵاشێکی زۆریش دەکەوتنە بەر قەپاڵی با. لەش تووشی داهێزران دەهات و پێی دەچوو هەموو شتێک، هەموو بەرجەستەیەک لە سەفەر و کۆچێکی ناوادەدا بێت. دیمەنی بێکۆتایی دوو پات دەبووەوە. شتەکان بێ وچان جێگۆڕکێیان بەخۆیان دەکرد. مەنزوور دەشێوا : نووکی شەشپاڵوویەک بە خێراییەکی زۆرەوە لە شوێنێکەوە دەرپەڕیوە و لە ناو هەناوی قوپاوی بازنەیەک دا گیرساوەتەوە. دەیەها رایەڵی حەوجۆش لە ئاسۆیەک گیریان

خواردووه. دەنگێک دێت و بە خێرایی دەگەڕێتەوە. فیییییقەیەک لە ڕۆحی ئاسنەوە دەردەپەڕێ. کات هێواش دەبێتەوە و دونیا لە سەر ئیقاعی سمی کەرێکی دێزە بەرەو پێشەوە دەچێت. منداڵێک دەمێکە نووساوەتە کۆڵی دایکییەوەو وەک کارێکی تازە زاو ملی لە پۆلاشەکەی گیر بووبێت و مردارەوە بووبێت، سەری شۆڕ بۆتەوە. لە هەندێ شوێن بەفری پار یا هی پێرار یا هی زەمەنە تواوەکان، لە سەر هەندێ قووتەدا شۆڕ بوونەتەوە. لەشکرێ شکاوە و لەشکرێکی دیش خۆی بۆ تێکشکان ئامادە دەکات، بەڕێوەن. چەند چەکدارێ چەکەکانیان بە قەد دیوارە شەفافەکانا هەڵواسیوە و چاوەڕێی ئاژاوەیەکی دین.

پاڵەوانە کۆنەکان سەریان بۆ کۆتایی پاشەگەردانی و سەرەتای پاشەگەردانییەکی دی ئامادە دەکەن. کەس کەس ناناسێ، ئەوانەشی یەکتر دەناسن لە پشتەوە زمان لە یەکتر دەردەهێنن. کاتی بووژانەوەی غەریزە سەرەتاییەکانە. سەرما هەناوی هەندێکی کردۆتە کڕێوە و هەندێکی دیش گەڕاوەنەتەوە چاخی یەکەم و شەویلاگەی بزن دەلێسنەوە. پیاوە ئاینییەکان جوببەکانیان لە ناو قوڕوچڵپاوا دەخشێن و چمکەکانی لە بێهوودەیی گیر دەبن. ئایەتەکان بە بەرەواژ دەوترێنەوە و بەڵکو گوێی کەڕی ئاسمان درز بەرێت. کەشیشەکان بە پەتێکەوە خاچە دارینەکانیان بە ناوەند سیانەکان رادەکێشن و دەزووڵە خوێنێک لە هەنییەی ئاسۆ تەلبەندەکانەوە چۆڕەی دێت. فووغانێ بوو کۆتایی نەدەهات. زمان وەزیفەی خۆی ون کردبوو. تەنها چەند پیتێک بەس بوو بۆ ئاڵووێرکردن، تەنها رستەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی جێی رۆمانێک بگرێتەوە. لە زۆر باریش دا تەنها پیتە بزوێنەکان دەوترانەوە : ئا، ئوو، ئای، ئۆ،

ئیییییی، ئاااااااااااا؟ زمان گیانی دەدا. پەسلانێکی بێ ناو بوو. کاروانێک بوو دەرۆیشت و نەدەگەڕایەوە. ئەمە یەکەمجار بوو میلەتێک بە سەر قەدەری خۆی دا هەلگژێ. هەلدەگژا و نەیدەزانی هەلدەگژێ. بۆیە هەلگژان لە واتاوە دەبووە هیچ.

کابرایەکی قوزیش پەیدا دەبێ. شەرواڵ و مرادخانییەکی نوێی لە بەرە. پووزوانە و فەقیانە و جووتێ کلاشی چەرمگی لە پێیە. دەستی کچۆڵەیەکی تازە باڵق بووی گرتووەو لە قەد پاڵەکانەوە دێنە خوارێ. تەنها ئەوە بە ئاراستەی پێچەوانەوەیە رەوت دەکات. ئەو دێتە خوارێ. بەلام بە تەواوی دێتە خوارێ. پێی دەچێت ئەم کچۆڵەیە لە هەموو ژیانی دا بۆ یەکەمین جار بێت پێلاوێکی پاژنە بەرزی لە پێ کردبێ. لە راستی دا پێی دەچێ پێلاوەکان ئەویان لە پێ کردبێ و تا ئەندازەیەکی تەواویش سەغلەتیان کردووە. شەدەیەکی رەنگ زیووینی لە سەرە و لە پشتەوەش کراسەکەی بە کلکی شۆڕی تاوسەمێیەکی سپی دەکات و لەناو قوڕێکی بە هەزار تەرحە شێلاو دەخشێ. لە دوێنێوەیە هەزاران، بەلکو ملێونان پێ ئەم شوێنە دەشێلن. قوڕێکی لینج و تا رادیەکیش بۆنی کردووە. کلکی تاوسەکەش لە سەرخۆ و میهرەبانانە لەو لینجاوە دەخشێ. با ناوی لێ بنێن بووک، بە دەستێکی لەرزۆک چەپکە گوڵێکی سیس بووەوەی بە دەستەوەیە. لاسکەکانی هەلگلۆفاون و پەڕەی گوڵە سپییەکانیش تەواو بۆربوونە و بۆنی تسێکی فێنکییان لێوە دێت.

بە بووک و زاوا ناکەن، بەلکو بە کیژۆڵەیەکی رفێنراو دەچێت و حوسێنیش هەناسەسوار پێشی کەوتووە. تەنها ئەو پەتە وەهمییە نابینین کە لە ملی بووکەکەدایە، ئەگینا حوسێن هەندێ جار بە بزاوتی تایبەت ئەو ئیحساسەمان لە لا دروست دەکات!

ئەویش نیوەی کڵاشەکەی لەنێو قوڕە هەڵکێشاوە و ئەم کەڕەواڵەیەش بەرەو قەدپاڵە ون بووەکان رادەکێشێ. پەرییە تۆقاوەکە بە تەواوی حەپەساوە و نازانێ حوسێن دەیەوێ ئەم بەسزمانە بەرەو کوێ بەرێت. قسە ناکەن. نووکی زمانی حوسێن بە مەلاشوویەوە نووساوە. دوێتەکەش زمانەتەرەک، زایەڵەی ترسێک لە سەر پێستە گەنمرەنگەکەی نیشتۆتەوە. وێنەیەک بوو بە بێ وشە هەموو شتەکانی دەوتەوە. ئەمەش تەنها هەر سەرەتایەک بوو. کیژۆڵەیەکی تۆقاویان رفاند. دەبوایە بۆ رۆژی ئاینده لە سەر رووپەلی رۆژنامەیەک دا ئەم هەواڵە بڵاوبکرابایەتەوە. بەڵام ئەمە بە سەرهاتی کیژۆڵەیەک نەبوو! بەسەرهاتێ بوو هەزاران کچۆڵە خەونی پێوە دەبینی.

ئەکتەرەکەمان بە تووڕەییەوە سەیری ئەو حەشاماتە دەکات و ئەوانیش چاویان لە بەر پێیانە و قوڕی ئازیز دەشێلن.

ئیتر نە گالیسکە دەتوانێ پێچکەکانی گیر کات، نە پێڵاوە لاستیکە سواوەکان دەتوانن پێیەکان بەرەو پێشەوە بەرن، نە قوڕەکەش هێزی ئەوەی تیا ماوە دەستی پێڵاوەکان بگرێ. هەموو شتێک بۆ خلیسکان خۆی تەیار داوە. خلیسکانێک هەتا دونیا ماوە بەرەو خەرەندە نەوسنەکان شۆڕ بێتەوە. حوسێن ئەوەندی بیر لە تۆڵە دەکاتەوە هەند بیر لە زەماوەندەکەی ناکاتەوە. هەندێ جاریش سمێڵە بێژییەکانی دەکەونەوە بسکە و بیر لەو دوو دڵۆپە خوێنە دەکاتەوە کە کاتی خۆی لە وڵات بە دیداری شاد نەبوو. ژیانی پەناهەندێتی ئەم دەسلەملێیانەی لێ زەوت کردبوو.

سەرەڕای ئەم قوڕبەسەرییەی کە میللەتەکەی تا ئەژنۆ هێناوە، ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە ئیمشەو یا سبەی لە باخەڵی نیشتمان دا

دەخەویت. واتە سبەی یا دووەی بە بۆنی دڕنی یەک دوو تنۆک خوێن کە ڕەگی غەریز ئازیزەکەی ئاودەدات، بە ئاگا دێتەوە و یەک دوو کرواسۆنیش بە شیروقاوەوە دەخوات. ئەم کرواسۆنەی کە بە ئارد و شیر و هێلکەی مامر دروست دەکرێن. کەسیش نازانێ بۆچی حوسێن کرواسۆنی لە نێو ئەو هەموو پەپکەسوورانە هەڵبژارد کە نانەواکانی شاری جنێف دروستیان دەکرد!

لە بەرخۆیەوە منگەی دەهات " ئا ئەوهات لێدەکەم فرانچێسکا و کەرەواڵە باڵقرتاوەکەشی لە کەل ئاودیو کردبوو و ئاسۆی تەڵخی هەندەران بزەیەکی درۆزنانەی خستە سەر لێوە هیشکبووەکانیان.

خەونی سێیەم

هاتمەوە لای ئەکتەرە نووستووەکەم. سەیرێکیم کرد و کەمێکیش دیققەتی لووتە بەرانییەکەیم دا. بیرم لە میرات دەکردەوە. بە خۆم دەوت خۆ میرات تەنها زێڕ و زیو و خانوو و تەلار نییە کە لە بابوباپیرانەوە بەجێدەمێنن، بەڵکو شێوە و شیکلیشمان دەگرێتەوە. ئەم لووتە بەرانییەی حوسێن میراتی باوکێتی. باوکیشی لە باپیرییەوە بۆی مابووەوە. ئەو کاتەی کە هێشتا لە ئاغجەلەر دەبێ باپیرەی خاوەن مەڕوماڵاتێکی یەجگار زۆر دەبێ. ناچارن هاوینان یەک دوو کەس بە شوانکارەیی بگرن.

یەکێ لەو بێژییانە بە مەڕەکان فێر دەبێ. هەموو سەر لە بەیانییەک بە بێ هۆ بە تەواوی کێری ڕەپ دەبوو. ئەوێکی بێ ژن و دەسگیران، لە خۆی دەپرسی "باشە ئەم دەعبا دوابڕاوەی من دەبێ بۆنی چی کردبێ، وا هەموو ڕۆژێ لە گەڵ کازێوەدا، دەرپێی خامە زبرەکەم دەلێسێتەوە. هاهاها...دەیلێسێتەوە. نەخێر قەپاڵی لێ

دەگرێ...هاهاهاها؟" بە شەرمی فەقێیەکەوە شەڕواڵەکەی دادەکەند و دەچووە ناو حەیوانەکان و بەرخێکی هەڵدەبژارد و تێروپڕ خۆی پێ ڕەحەت دەکرد.

تیشکی یەکەمی کازێوە و ڕەپبوونی ئەم دوابڕاوە و قوربانییەکی بەسزمان، یەکەم ئاڵای سووری شەکاوەی ئاغجەلەر بوو. چ شیعرێکی جوان بوو :"کازێوەی ڕەپبووی قوربانی". ئەم ئەتوارە، درێژە دەخایەنێت تا بەرخی بەسزمان دەبێتە بەرانێکی تووڕەی دوڕدونگی حەشەری، ئەویش تۆڵەی شوانەکە لە کۆی مەڕەکانی نا_هاوزمانی خۆی دەکاتەوە. بەهاری ئایندە چ گۆشت و سەروپێیەک چووبێتە سەر سفرەی ئاغجەلەری، گۆشتێکی لینجی نەکوڵی بێتام بووە. چ تۆماوێکی باپیرەی لاویش ڕژابێتە ڕەحمی نەنەی میهرەبانەوە، زاکیرەی بەرانێک بووە و تۆڵەی خۆی لە حوسێن کردۆتەوە. کاتێ باوکی حوسێنیش چاوی بە دونیا شاد دەبێ، لووتێکی بەرانی دەیەوێ سمێڵێکی دڵشاد بیگرێتە خۆی. ئەم تراژیدیایەی کە لە ناو بێدەنگیی هەراش بوو، بووە ئەمبلێمی بنەماڵەکە. کەس هەیە بنەماڵەی لووتبەرانەکە نەناسێتەوە؟

حوسێن چاوی لە سابوونکەران دەکاتەوە. منداڵێکی ئاسایی، بە دەم جگەرە فرۆشتنەوە باڵغ دەبێ و وردە وردە دەنگی گڕ دەبێ و لووتێکی بەرانیی وەکو میراتیش ساڵدانە ساڵدانە شۆڕ دەبێتەوە.

****

ڕووناکییەکی کەم، بە ئاستەم هەندێ ڕیش و نێوچەوان و لایەکی لووتی ڕۆشن کردۆتەوە. منیش سەرنجم داوەتێ و خەیاڵێک دەمباتەوە.

****

کەرواڵەکە و بەرانەکە بە خۆیان و باڵەخانەیەک جانتاوە لە گەراجی قامیشلین. لە سەرتاپای مێژووی پەناهەندێتی بگەڕێی میللەتێک نادۆزیتەوە هەندە بە شەوقەوە سەفەری بۆ دونیای هات و نەهات ئامادە بکات و هەندەش بە زەوقەوە خۆی تیفتیفە بدات. ( یەکەم سەدمەی شارستانی تووشی هاوڕێیەکم هات : خۆی و ژنە فارسەکەی دەگەنە فرۆکەخانەی زووریخ. لە هۆڵی چاوەڕوانی بە دیار شەش جانتای پڕ لە جلوبەرگی مۆدێل بەسەرچووەوە وەستابوون. پۆلیس زۆر بە واقوڕماوییەوە سەیری جانتاکانی دەکرد و دەیوت " ئاخر تێمگەیەنن چۆن توانیتان وەکو خۆتان باسی دەکەن، چۆن توانیتان لە نێو ئەو هەموو سەغلەتییە و لیقەومانە دەرفەتی ئەوەتان بۆ بڕەخسێت کە ئەم هەموو کەلە و پەلە لە گەڵ خۆتانە قوتار کەن و وا جوانیش بیپێچنەوە؟" پەناهەندەی هاوڕێش لێی دەپاڕایەوە و پێی دەوت " تۆ لە جیاتی باوکمی" پۆلیسیش وەکو ئەوەی زەردەواڵەیەک لە سەر لووتی نیشتبێتەوە، بە تووڕەییەوە وەڵامی دەداتەوە " قەد من کوڕی وەکو تۆم نەبووە!"

ڕیش تاشین و عەتر لە خۆدان و کراس ئوتوو کردن و زێڕکڕین و زێڕفرشتن و برۆ هەڵگرتن هتد. دەبووە کاروپیشەی سێ مانگی پێش سەفەری ئەم پەناهەندانەی هەندەشی نەدەبرد دەگەڕانەوە گەڕەکە قوڕەکان و ئەوەشیان لە بیر دەچووەوە کە ئیتر خۆیان لە لای پۆلیس بە شۆڕیجەیی، بە تۆپزاوەیی، بە ڕەحیماوەیی ناونووس کردووە. ئیتر ئەم پەناهەندانە تووشی دۆناودۆن دەهاتن. خولە دەبووە جومێر و کامەران دەبوو سابیر و پەیمان دەبووە کەژاڵ و ئامۆزا دەبوو خوارزا و دایک دەبووە دەسگیران و ئامۆژن دەبووە دایکی بووکی یەکەم و جەعفەر دەبووە خولەپیزە و ڕۆستەم دەبووە

قەندەهاری و کچ دەبوو کوڕ و ژن دەبووە نێرەمووک. واتە دەبنە کوردی موحەسسەن. کوردی پلە یەک، کوردی دونیا دیدە.

لە کاتی گەڕانەوەشیان جگەرەفرۆش و بنێشتفرۆش و ئاوفرۆشیش وەکو هەنگ لە گەراج و شوێنە گشتییەکان لە دەوریان گزەییان دەهات. نزیک بوونەوە لێیان بەرەکەتییە. گەورەترین شاعیریان، هێشتا نەگەیشتۆتە برایم خەلیل بە فرمێسک شیعر دەهۆنێتەوە و ئاگر لە لاپەڕەکانی بەربووە. نایابترین رووناکبیریان قاپوقاچغ لە رێستورانەکان دەشوات و دەستوپل کەفاوی بیر لە بیردۆزەکانی مارکس دەکاتەوە، لووت بەرز دەگەڕێنەوە ناو قەبیلە و باسی عەولەمە دەکات. چاکترین رەخنەگریان هەزار و یەک عیللەت بۆ خۆی دەدۆزێتەوە تا کەمترین مووچەی بەدبەختی وەرگرێت. باشترین رۆمانووسیان دوای دەساڵیش هەر لە کۆرسی زمانن و ئەم زمانە نەعلەتییانە فێر نابن و نابن. ناچار خوو دەدەنە فارسی. بالاترین موفەکیریان ژیان لە نێوان سینییە یاپراخی ژن و کتێبخانەی گەرەک بەسەر دەبەن. ئا ئەم نوخبە ئاوارەیەی کە بە زەحمەت دەتوانن لە بارێک دا دانیشن و قاوەیەک فڕ کەن، بە بێ ئەوەی هەستێکی قوول بە مردن نەکەن و کوشندانەش هەست بە خۆبەکەمزانین نەکەن و هەموو رۆژێکیش بستێ بە ژێرخاکا نەچن و ئێوارانیش لە سەر سایتەکان دەیکەنەوە شەڕەجوێن و بە ناو دیموکراسییەوە لە سەر خوانی جوێن نەبێ کەس نایانناسێتەوە!

کاتێش دەگەڕێنەوە باوەشی وڵاتێکی بێ ناونیشان، فیز لێ دەدەن و میللەتی بێبیناش چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن و نوخبەی چەقیوی ناوولاتیش بەغیلی تا سەر ئێسکیان رۆ دەچێت! لە ناو چاوی ئەم گەردەلوولە زەبەللاحە بیناوە، پەناهەندەی دەرەوە و ناوەوە تەوقە لە

گەڵ یەک دەکەن.

حوسێن و خاتوو نیشتیمانی کەڕەواڵەش وەکو دوو گوڵەباغ سیس بووەوە هەنگی قامیشلی بە دەوریانە گممەیان دێت. حوسێنیش جار نا جارێ لە پێناوی خۆشەویستیی نیشتیمان و خۆشەویستیی بۆ فرزەندانی وڵاتە داماوەکەی، بە بەخشینی چەند لیرەیەکی بێ بەها، دڵی بووکەکە خۆش دەکات و دەیەوێ خۆی لەو گوناهە پاقژ کاتەوە. هەر لە خۆڕایش نییە، هەندێ جار بە کەیفەوە دەست بۆ بەرکی دەبات و کەسیش نازانێ لەبەرچی!

گەراجی قامیشلی تەنها باسی سەفەری کەساسان دەکات. دەمەو ئێوارە لە گەڵ شەش نەفەری دیکە سواری هەشت نەفەرییەک دەبن و سەحرای خەم و خەفەتی نێوان شارۆچکە پیس و پۆخڵە لە دڵا شیرینەکەی قامیشلی و دیمەشق دەبڕن. چ سەحرایەکی بێویژدانە. تا چاو بڕدەکات زەمەنێکی خاو و بەتاڵ دەبینی و دەڕژێنە عەدەمەوە. ئەو ڕێگا کەلۆسانە و ئەو ڕەتابەتە و ئەو ریتمەی کە هەڵبەزودابەز دەبەخشێتە کوشنەکان، خەو فڕێ دەداتە نێو چاوی موسافیرەکان. ریشپانێکی لاویش ریشی بە خەنەی قەندەهار زۆلاندووە، هەر بە عەمامەکەیەوە، سەری دەخاتە سەر شانی حوسێن و بە هەندێ تاسەی ناقوڵای ئەو ڕێی و بانە ناهەموارە نەبێت، ئەگینا تا دیمەشق دەیکاتە پرخە پرخ. لە کەپرێک رایدەگرن، عەمامە لەسەر پڕ بەرکی نوقڵ و شکۆلاتە و چوکلێت دەکات. ناوبراو دەگەڕایەوە مەککە، لە کۆلێژی شەریعە زەمالەی دراوەتێ. جار نا جارێ بە چاوێکی تاریکەوە سەیری ئەو بەچکە کافرە دەکات و زوو زووش خەو دەیباتەوە و سەر و عەمامە لۆکەییەکەی بە سەر شانی حوسێنی سێ ژن شۆڕ دەبێتەوە.

حوسێن خەو دەبینێ، بووکەکە خەو دەبینێ، ئیمامی زەمانیش خەو دەبینێ. چ خەونێکن! شوفێرەکەش خەو دەبینێ و ئەو ڕێگایە وەکو ناولەپی وایە و خەویش بیباتەوە هەر دەگەن.

لەو قەفەرەی کە لە سەرەتای خەلقەوە، غوبارێک وەکو پۆدرەی باڕووتێکی سپی، سپی بەڵام قورس، سپی بەڵام بزێو، بایەکی تفت ڕایدەماڵێ و ڕایدەماڵێ و ملیۆنەها زەڕاتی دیکە شوێنیان دەگرێتەوە. مەکینە هەشت نەفەرییە تازەکە، دەمێک نییە بۆ گوازتنەوەی پەناهەندەی نێوان دیمەشق و قامیشلی کڕاوە، ددانی ئەو باڕووتە وردانە پەکی دەخات. هەندەش نییە ئاسۆیەکی تەڵخ هەتاوە نارنجییەکەی وەکو ئیسفەنجێ لووش داوە ؛ ئیمامی زەمان ئەم هەلەش دەقۆزێتەوە و جەماعەت تەیار دەدات بۆ نوێژی مەغریب. لە ناو هاواری شوفێر و سەکنە دەموچاو پڕ قنچکەکە و مشەوەش بوونی موسافیران، حوسێن خۆی دەدزێتەوە. وردو وردە لە ئۆتومبێلەکە دوور دەکەوێتەوە و دەیەوێ پەنا عەگولێ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی چۆڕێ میز کات. هەندەش نابات توێژێ پۆدرە قژە لوولەکەی بە تەواوی دادەپۆشێ و پەنا حووشترەلووکێکیش نادۆزێتەوە. لە سەر پانتۆڵەکەیەوە، بە دوو پەنجە سەری کێری گرتووە و سەیری ڕاست و چەپ دەکات.

کاتێکیش ئاوڕ دەداتەوە هیچی لێوە دیار نییە، تەنها گوێی لە قەپاڵی بایەک نەبێت کە چۆن ڕەشماڵی هەڵتەکاوی عەشیرەتی شمرەکان هەڵدەتەکێنێ و ئەوانیش لە ناو دەریاچەی تراوێلکەدا لە نێوان ئیسپاتی وجوود و سڕینەوە، بە دوای بزنە وێڵەکانیانا عەودالن. حوسێنیش ئاڕاستەکانی لێ تێکدەچێ و گەرووی بە تەواوی هیشک دەبێ. هەست دەکات گلۆڵە بەنێک قورگی ختم کردووە. لەم

گوێچکەی بیابانەوە دەتباتەوە قەراغەکانی چارەکەی بەتال کە جنۆکەشی تیا هەڵناکات، ئەم قاوشە لمینەیە کە بە لێوار هیلالی خەسیب دا تێدەپەڕێ و دەتباتەوە چارەکەی بەتاڵ و حەتاڵ. ئا ئەو چارەکە بەتاڵەیە کە ئیمامی زەمانی بێ قیبلەنۆما، پێشنوێژییەکەی بۆ دەبەستێ.

حوسێنی گومڕاه هەست بە ونبوون دەکات. بیر لە چیا سەرکەشەکانی ئەلب دەکاتەوە. بیر لە شاخەوانە نەبەرد و شارەزاکە و بیر لە فرانچیسکا تاقانەکەی دەکاتەوە. مەگەر تەنها ئەو دووانە لەم عەدەمە قوتاری کەن. ئاسۆش بە قەپاڵێک هەتاوی قووت داوە. جەماعەت نوێژیان دابەستیوە و مەکینەکەش لە وردە باروتی سەحرا پاککراوەتەوە، بووکەکەش کە لە دوای هەمووانەوەیە، کراسە سپییەکەی لە کاتی کرنۆش بردن دا لە گەڵ لمە سپییەکە جیا نەدەکرانەوە، دەتوت لەوێ نییە. کراسە سپییە زیوینەکەی، هەر بە گوڵی سپیش رازاندرابووەوە، تێکەڵی ئەو لمە سپییە دەبوو. جەماعەت زۆر بە قورسی سەریان لە کرنۆشەکە هەڵدەبڕی. هەنییەی هەشت نەفەر لە سەر ئەو لمە باروتییە ختم دەبوون و نایانەویست بەرزی کەنەوە. وەکو چرێش لەو خاکە عەدەمییە گیر دەبوو. ئەم سستیی و لە سەرخۆییەش ئۆخژنێکی هەتاهەتایی دەبەخشیتە عەمامە لە سەرەکە. لە ناخەوە حەزی دەکرد ئەوها وەکو پەیکەری خوێ لەو شوێنە وەکو ئایتێکی ئەبەدی هیشک ببنەوە، بەلام بیری لە زۆر شتی دیش کردەوە.

****

منیش چاوم هەڵبڕی، ملیۆنەها کڕنۆشکەری لە نمەک دروستبووم بینی، تەویلیان لە سەر لمی چرێشین ختم ببوو!

****

پاشان هەمووان دەستی دوعایان بۆ ئاسمانێکی بێ جریوه بەرز کردەوە وەکو تارمایی سواری هەشت نەفەرەییەکە بوونەوە. کەسێکیش بیری لە حوسێنی بەجێماو نەکردەوە. بووکەکە شەدە جوان دامەزراوەکەی رێکدەخستەوە و لە ئاوێنەیەکی خڕی بچووکیش لە ئادگارە منالکارەکەی ورد دەبووەوە. هەتاویش بە تەواوی ئاوا بوو و شەوێکی بێ ئەستێرەش ئەو بیابانەی وەکو رەشماڵێک تەنگەنەفەس کرد.

حوسێنی بەجێماو کاتێ گەیشتەوە سەر جادە قیرتاوەکە هیچی نەدەبینی. ئەو رێگا تووڵەمارەش تاریکیی بە تەواوی قووتی دا. ئیتر لە دونیایەکین شت شت قووت دەدات. دەستی بە فوغان کرد و بە سەر جادە قیرتاوەکە غاری دەدا و شوێنپێشی لە سەر ئاردە سپییەکە ئاسەوارێکی بە پڕتاوی جێدەهێشت. غاری دەدا و هەرزەکانی عەشیرەتەکیش قۆچی تەگەیەکییان توند گرتبوو و دەیانویست بیگەڕێننەوە ژێر دەوارەکەی کە باوتۆزێکی نابووت ئەو سەحرایەی لە وێنەی جەهەننەم نزیک دەکردەوە. هەر بە تەنیشت حوسێنا لە جادەکە پەڕینەوە و بە بێ ئەوەی درک بە بوونی ئەو شارستانە بکەن کە نیشتیمانە جوانکیلەکەی کەوتە ناو کاروانی ئیمامی زەمان.

"ئئئئئایییییی. خۆ دەستم بۆی نەبردبوو!! ئئئئئئئئئاااااااخ بۆچی ئەم لەززەتەم بۆ شاری ژنێڤ هێشتەوە؟" بە هەردوو مستی دەیکێشایە سەر چۆکی و دەگریا.

جارێکی دیکەش گەڕامەوە لای نووستووەکەم. سەرنجم داین. وەکو منالەکەی جاران هاتە پێشچاوم کە لە سەر فەرشەکە خەوی لێدەکەوت کاتێ جەوە و پەیمان و ستاری ناسرییە و سەلیمی شوعی بە دەم حەشیشە کێشانەوە شیعرەکانی بۆدلێر و حەسەبی شێخ جەعفەریان دەخوێندەوە و مەنجەلێکی زلیش لە سەر تەباغە غازەکە مریشکێکی ساغیان تێکردبوو و لە گەڵ سێ سەلکە پەتاتە هەر بە توێکڵەوە قوڵتی دەدا. ئەم جەوە تایبەتە حوسێنی کەمێک سەغڵەت دەکرد، چونکە هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی خۆی بخزێنێتە نێو ئەو کۆمەڵە پەناهەندەیەی کە بە تەواوی لە کۆمەڵگا ساردوسڕەکەی شاری جنێف خۆیان دزیبووەو دەیانویست بە بۆن و بەرامەی بەنگ و بە خوێندنەوەی شیعرە ناخییەکانی شارل تووشی فەنا بوون بن. حوسێن سەری لەم نهێنییە دەرنەدەکرد. دوای ئەوەی بیرەیەکی دەخواردەوە، وەکو هەتیوێک سەری دەخستە سەر سەرینەکە و خۆی گرمۆڵە دەدا و دەخەوت.

جاران سەر و پۆتەلاکی دەروێشێکی لاوی هەبوو، ئێستاش ئادگاری پیرەمێردێکی قەلەندەر. قەلەندەرێک بە بێ ئەوەی هەست بکات قەلەندەرە. حوسێن هەمیشە وای دەزانێ کە گەورەترین ئەکتەری کوردە. ئەم رەگە پاتۆلۆژییە بە تایبەت تووشی پەناهەندان دەبێت. کێ ئەو رۆژەی لە بیر دەچێت کە دە پانزە رۆژنامەنووس و کامێرامان و کارگێڕی مێدیا بە هەڵمەت خۆیان دەکوتنە فرۆکەخانەی شاری مونیخ، چونکە ئاگادار کرابوونەوە کە گەورەترین نووسەری کورد لە رێگای ئاسمانی پاکستانەوە دێت و بە شێوەیەکی رەسمی

حکوومەتی شاری مونیخ پەناهەندێتی داوەتێ. لە هەققەتیش دا، پەناهەندەی ناوبراو، لە کۆتایی ساڵانی حەفتا تەنها دوو بابەتی لە گۆڤاری بەیان بڵاوکردبووە و تاکو ئێستاش وا دەزانێ یەکێکە لە نووسەرە چاکەکانی وڵات. هەر خۆی ئەم درەختە نابووتە ئاو دەدات و هەر خۆشی بڕوا دەکات کە چلۆپۆپەی ئەم درەختەیە سێبەرێکی فێنک پێشکەشی نیشتیمان دەکات!

بەڵام با هەندێ لە خەون ورد بینەوە. ئایا هیچ مەنتقێک خەونەکان پێکەوە گرێ دەدات؟ یا هەر خەونەو مەنتیقی ناوەکی خۆی هەیە. بە رای من پەیوەندیی نەک لە نێوان چەند خەونێک دا هەیە کە لە چەند لەحزەیەک دا دەبینرێن، بەڵکو لە نێوان خەونەکانی دواتر و پێشتریش هەودایەکی نهێنی هەیە، هەر وەکو جۆگەلە ئاوێکی زوڵاڵ دەرژێنە یەکترەوە. ئەدی چ حیکەمەتێکی تێدایە کە بابەتی سەرەکی خەونی چوارەمی حوسێن گالێسکە بێت. مەبەست لەو گالێسکانەیە کە چوار ئەسپ رایدەکێشن. حوسێنیش گالێسکەوانە و قامچییەکی بە دەستەوەیەو دەیکێشێتە سەر سمتی ئەسپەکان و جار نا جارێکیش بە هێزەوە هاوار دەکات " هھاایی!!". ئەوەمان لە بیر دەچێت حوسێن کوڕەزای ئاغجەلەرییە، ئەوەشمان لە بیر دەچێت کە حوسێنی نامۆی جنێڤ ئەکتەرە. بەڵکو رەگی ئەم خەونە شۆڕ دەبێتەوە کۆتایی شەستەکان.

ئەم عارەبانچییە گەڕاوەتەوە نێو پێستە سەرەتاییەکەی و ماسوولکەکانی رەپ بوونە و شەپقەیەکی فراوانی لە سەرە و بە تەواوی سێبەر بۆ دەموچاوە خڕپنە سپیلکەکەی دەکەن و هەر دوو گۆناشی وەکو هەنارێک شەقی بردووەو شووشە شەرابێکی لە گووش پێچراویش بە دەستەوەیە و تا هێزیش شک دەبات جوێن

وەکو تەزرە لە نێو ددانەکانییەوە دەکەونە خوارێ.

چوار ئەسپی سپی و چوست، وەکو چوار گورزە بڵێسەی بە تاو بەرەو ئاسۆیەکی ئاڵ تەوژم دەبەن و ئاسۆی ئاڵی فراوانیش دەکرێتەوە و لە هەمان کاتیش دا دوور دەکەوێتەوە.

لە دوورەوەش ئەسپە نارنجییەکان بە تۆپەڵە هەتاوێکی بچووکراوە دەکەن و گالێسکەکەش بە کەرتە ئاوێنەیەک دەکات کە لە سەدان لاوە روخساری حوسێن بە هەزار تەرحە شەوق دەداتەوە. لە کۆتایی دا، حوسێن لە ناو گێژەلووکەیەکی خێرایی دایە و سەرتاپای جەستە و هزری بوونەتە وزە. وزەیەک کە کیانی ئەویشیان بە دەستەوەیە. هەر ئەمەشە حوسێنی هار کردووە. بێن دەنێتە شووشەکە و قامچیش دەساوێنێتە سەر پشتی ئاگرەکە و جار نا جارێکیش دەنەڕێنێ. هەموو شتێکی فەرامۆش کردووە و تەنانەت لە دەرەوەی کاتیش خێرایی کردوێتییە خۆی. هەر دەڵێی هەندە نابات هەر چوار پاچکەکە دەترازێن و ئاوێنەکەش هەپروون بە هەپروون دەبێت و تۆپەڵە هەتاوەکەش لەو گەردوونە فراوان و بێ کۆتاییە وەکو نارنجۆکی شەق دەبات!

کەواتە چ ترسێک لە هەناوی حوسێنەوە هوروژم دەهێنێ و توێژ لە سەر توێژ لە سەر روخساری دەنیشێتەوە؟ دوا قوم و تا هێزی تیایە شووشەکە تووڕ دەهاوێژێ و بە دەستێکیش رەشمەکانی بە دەستەوەیە و بە دەستەکەی دیش قامچییەکە و هەڵدەستێتە سەر پێ و دەقیژێنێ...هههههههاااایییییییی!!!!!

لە پڕێک دا حوسێن هەست دەکات ئیتر پێچکەی گالێسکەکە لە سەر عەرزەکە ناخولێتەوە و تۆپەڵە گڕەگەش حوسێن لەسەرخۆ بەرز دەکاتەوە بە بێ ئەوەی هەست بە خۆشی بکات، بە بێ ئەوەی

هەست بە سووکی و نیایی بکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەست دەکات بۆشاییەک هەناوی داگیر دەکات و تا دێتیش پان و پۆڕ دەبێتەوە و ئەم بەتاڵییەیە کە ناوی دەنێن ڕاڕایی. بۆیە دەڵێن ڕەگی ڕاڕایی لە دەرەوە لە دایک نابێت، بەڵکو لە ناوەوە لە دایک دەبێت. حوسێن لەو حەوایە بۆتە ڕاڕایی. لە خوارەوەش هەشت نەفەرییەک عەمامە لە سەرێک لێی دەخۆڕێ و هێدی هێدیش بووکێک خۆی ڕووت دەکاتەوە.

خەونی پێنجەم

حوسێن نارەحەتە، چونکە زیاد لە پێویست بەرز بۆتەوە. زیاد لە پێویست لە فەزایەکی گەلێ فراوان دا وەکو پووشکەیەک لە ناو چاوی گەردەلوول دا بێت، ئا ئەوها خول دەخوات و بەرز دەبێتەوە. ئایا دەزانن چاوی گەردەلوول لە کوێیە؟ ئایا کات مانای خۆی ون ناکات لەو شوێنەی کە بۆتە سەنتەرێکی گێژکەر، کە ئینسان تووشی هێلنجهێنان دەکات و دەرژێتە قەراغ خەرەندە تاریکەکانا. ئایا ئەمە حالەتێکی زیهنییە یا حالەتێکی دەروونییە کە بوونی حوسێنی لە ناو مشت توند ڕاگرتووە؟ گەلێ پرسیاری دیکە خۆیان دەکێشنە قەد ئەو مینایەی کە حوسێنی وەکو قۆزاغە لە خۆ گرتووە.
حوسێن دەتوانێ تا هێز شک ببات بداتە قاقا، بەڵام قەت ناتوانێ لە لەحزیەکیش دا کامەران بێت. چونکە وجوودی ئەم ئەکتەرە لە ئیسفەنجێک دەکات تەنها لە مژینی شلەمەنی دا مانای تەواوی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەگینا سووک و پۆکە.
ئەویش وەکو ئیسفەنجێکە و کەوتبێتە بیابانێکەوە : هیشک، چرچ، بەتاڵ و سووک. قەد لەوەوە پێش ئەم شۆڕەسوارەم وا بە کڵۆلی

نەبینیبوو، قەد هەستم نەدەکرد رۆژگار هەندە بێشەرمانە وەکو کرمێک رۆحی حوسێن دەکرۆژێ. لە راستیش دا کەمۆکەیەک دلم پێی دەسووتێ، کەمۆکەیەکیش حەز دەکەم هێوری کەمەوە...کەمۆکەیەک و بەس. چونکە دەزانم هەتوان بۆ گەلێ برین چنگ ناکەوێت، نەخوازەلا برینەکانی وی. برینەکانی وی سرک و ناجسنن. شوێن و جێگای خۆیان دەگۆڕن و ستراتیجییەتەکانیان بێوچان دادەرێژنەوە. مەگەر حوسێن تەنها خودی خۆی ببێتە هەتوان، بەلام کێ هەیە بتوانێ حوسێن بگەیەنێتە سەر ئەم قەناعەتە زۆر سادەیە.

ئێستاش وەکو ئەو کەسە وایە کە بە دەم خەونەوە رێ دەکات. ئەفسووس!! نابێ خەوتووی وا بە بهێنینەوە ئاگا، چونکە تووشی پەرکەم دێت. لە کۆتایی دا ئەم ئەکتەرە تەنها لە خەو دا بە ئاگایە. ئەو، کاتێ شۆڕ دەبێتەوە نێو ئەو دونیا بەرفراوان و بێ سەرحەدە، ئینجا پڕ بە سینەی هەوای تەندرووستی هەڵدەمژێ و ئینجا وەکو ئینسانێک دەژێت. بەلام گرفتە هەرە ئاستەنگەکانی ئەم ئەکتەرەمان ئەوەیە کە بە هیچ تەرحێ سەر لە دونیا پێچپێدەکانی خەون دەرناکات. کاتێکیش دێتەوە ئاگا وا دەزانێ بە راستی لەو دونیایە ژیاوە! حوسێن رەنگبێ مرۆڤێک بێت لە قوڕی خەون دروستکرابێت.

دەبینم بە سەر ستارەکانا لە سەر خۆ رێ دەکات و مانگیش دەستی لێ وەشاندووە. گوێمان لە میاوە میاوی سێ پشیلەی رەش دەبێ. سێ پشیلەی رەشی مانگی رەشەمێ. ئەم پشیلانە چوونەتەوە پێستی کێویتی و وەکو مندالی رفێنراو دەقیژێنن. حوسێن و شەو و کیژدی مانگێکی جادووباز و سێ پشیلەی کێوی. چۆن دەبێ ئەم لوغز و تەلیسمانە شیتەل بکرێن و بخرێنە ژێر زەرەبینەوە.

حوسێن بۆتە تەنافباز. بە سەر سیمی دارتەلەکانا ڕێ دەکات و بە تەواویش هاوسەنگی خۆی پاراستووە، بەلام غەمگینیش دیارە. حوسێن لە هاوسەنگیی دەترسێ، چونکە لە کەسێکی ئێستیسناوە دەبێتە ئینسانێکی خۆمالی، دەیکاتە ئینسانێکی ئاسایی، دەیکاتە ئینسانێکی رووت. حوسێنیش قەد بەم رۆلە رازی نییە. ئەگەر دلخۆش خۆی نیشان دات واتە دەبێتەوە هیچ. ئەو دەمێکە گەیشتۆتە ئەم قەناعەتەی کە ئینسانی گەورە ئەو کات گەورەیە کە غەمگین خۆی بنوێنێ. ئینسانی مەزن ئەو کەسەیە کە لە ناو کۆمەل خۆی وا پیشان دەدات کە خەمی خەلکی دەخوات و تەنها هەر بۆ ئەوان و لە پێناوی ئەوان دا دەژێت. زۆر ناچێتە قاوەخانەکان، کاتێ لە زەماوەندێک دەبینرێت شایی ناکات و هەلناپەڕێ. ئەو خاوەن قەزییەیە. واتە مولکی خۆی نییە، مولکی هیترانە!

هەر بۆیەشە ئێستا حوسێن پیاوێکی ئازادە. قەتیش هەندە ئازاد نەبووە. لەمسەری ئاسیاوە بۆ ئەوسەری ئەورووپا سەفەر دەکات و تەنانەت لە تواناشی دا نییە موغامەرەکانی بژمێرێ... حوسێن دەبێتە کێ ئەگەر بێت و ئێستا لە خەو هەلیسێنین ؟ کەرتە شەخسییەتێکی چایخۆف و بەس... هەر ئەم چنگە وەهمەیە دونیای ئاگای ئەکتەرەکەمان. دەبێتەوە پەناهەندەیەکی کوردی سویسری...تەواو سویسرییە کاتێ دەگەڕێتەوە سلێمانێ و بەلکو هەستیش دەکات زەمەن قژە لوولەکەی ئالتوونی کردووە، کاتێکیش بە تەنها بەرامبەر بە پەنجەرەکەی مالێ فرانچێسکا، لە سەر تێراسەکە بە دیار پەرداخی شەرابی ژورا دادەمێنێ، هەست دەکات هەر ڕۆسمەن فرۆشەکەی جارانە و سایقەکان کەشفیان کردووەو ئیتر کەسێ جگەرەی ڕۆسمەنی مزەوەری لێ ناکڕێ. غەمگین سەیری فوارەکەی

دەریاچەکە دەکات و پاشان دەداتە قاقا.

ئێستاش وا بە ئاستەم هەناسە دەدات، هەر بایی هەوای منالێک ئۆکسجین هەڵدەمژێ، حوسێن فێری ئەوە نەبووە کە هەناسەی قووڵ هەڵمژێ. چونکە هەناسە هەڵمژینی قووڵ تەنها هی ئەوانەیە کە بە ڕۆحانییەتێکی بێ یەزدانەوە دەڕواننە ژیان، هی ئەوانەیە کە شوو و مێردیان بە ژیان کردووە. حوسێن لە ژێرەوە، بە شێوەیەکی پەنهان سێ بە سێ ژیانی تەڵاق داوە. ئەویش قەدیسێکی خوانەناسە. بەڵکو بە پاکیزە ماوەتەوە. پەردەی کوڕێنی وەکو خۆیەتی و وەکو خۆشی دەمینێ. کەساس دەبینرێت، کەساس دەبینرێن ئەوانەی بە پاکیزە دەمێننەوە!

من حەزم دەکرد زەماوەندی بکردبایە و بە تەواوی و حەشەرییانە دەستی بکردبایە کەمەرە باریکەکەی ژیان و ئاوێزانی بوایە. حەزم دەکرد تا هێز شک بەرێت قەپاڵێکی نیمچە ئاژەڵییانەی لەم ژیانە نەعلەتییە بدایە.

بەلام ئەم هاوڕێیە بیرم بۆ گشت حوسێنەکان رادەکێشێ. گشت ئەو حوسێنە شەهیدانەی کە بە زیندوویش هەر شەهیدن. شەهیدی ناوادەی زەمەنەکانن. سەمبۆلی پرسەن لە نێوەند زەماوەندەکان. زۆر بە تایبەتیش شاعیران دەگرێتەوە. ئەو شاعیرە دەستکورتانەی کە باوکیان لێ ون بووە و هەمیشە وەکو زارۆکێ بە دوای ئیلهامی خواوەندێکەوەن کە رانومایان بکات. ویقاری ئەو خواوەندەش لە زۆر شێکلی جوداواز دا خۆی دەنوێنێ. ئەو شاعیرانە یەخسیری کۆمەڵگان و ئۆباڵی دەستکورتی خۆیان دەخەنە ئەستۆی میللەتێکی بەسزمان کە هەر بە ئاستەم هەست بە بوونیان دەکەن.

ئەم یەخسیرانە تەنها دەبێ بخەون بۆ ئەوەی بۆ چەند ساتێک

میللەت گەردنیان ئازاد کات و خۆشیان ئازاد بن. جا چ سوودێکی دەمێنێ کە ئەم دونیا پان و پۆرە بە واقیعێکی تەسک و وەستاو بگۆڕینەوە؟

****

یەک دوو پای تر چوومە خوارەوە. منیش دەبێ بەم قالدرمانە بچمە خوارەوە، رۆ بچمە ئەو کونوکەلەبەرانەی کە هاورێکەم خۆشی سەریان لێ دەرناکات.

نازانێ بۆچی سواری ئەو ماتۆڕە سوورە دەبێ کە ئێواران بە پارچە قووماشێ، بە ئاسپایی و بە نەوازشێکی بێ ئەندازەوە دەیسڕێتەوە، هەندە دەیسڕێتەوە شێکلی و سیمای خۆی لە سەر تەنکی بەنزینەکەی دەبینێ. سیمایەکی سووری قۆقز. دوای ئەوەی بە باشی دەیسڕێتەوە و پێش ئەوەشی بە زنجیرەکەوە قفلێکی لێدات بۆ رۆژی ئایندە، فەرەیەکی پێ لێدەدات. بە شەقامەکانی ژنیڤا دلخۆش دیارە، سلاو لە ماتۆر سوارەکانی دی دەکات. خۆی لە ناو ئەوان دا دەناسێتەوە. هەست دەکات سەر بەو هۆزەیە کە تەنها کاتێ لە سەر پشتی ماتۆڕەکان دەبن سلاو لە یەکتر دەکەن و سلاوی یەکتر دەسننەوە، ئەویش سلاویان لێ دەکات. ئەمە بەشێکە لە عورفوعاداتی ماتۆرسواران.

بیر لەوە دەکاتەوە کە بچێت سەر لە پەیمان بدات. پەیمانی عاشقی هەمیشەیی : ئەو هەر لە منالییەوە عاشقە. دوێنێ ئێوارە بەو سەرمایە چووبووە ناو ئەو بالەخانەیی کە هێشتا تەواو نەبووبوو، تەنها هەر میچ و دینگە بوو ؛ چووبوو لە سەر چەند کەرپووچێکی تەزیوو دانیشتبوو و سەیری پەنجەرەکەی مالی ئانی دەکرد. ئانی بە قەد هەموو ئاسمانەکان خۆشدەویست، بەلام ئان هەفتەیەک زیاتر

بوو لە گەڵ کوڕێکی ئیتالی دەردەچێت. پەیمانی دەشتی دزەیی لێواولێوی ئێرەیی و غیرەت بوو. حەزی دەکرد بزانێ ئەو سپگەتیخۆرە کێیە کە ئانی وا تلیساندۆتەوە. پەیمان لەو باڵەخانەیە بوو و هەستی بە ماندووبوون نەدەکرد بەرامبەر بەم غیرەتەش زەمەن بووڕابووە. دەمەو بەیان گەڕایەوە ماڵ. ئەرێ بە ڕاستی پەیمان بەو شەوگارە سەیری چی دەکرد؟ دوای ئەوەی گلۆپەکان کوژانەوە، پەیمان چاوی ڕێشکەوپێشکەی دەکات. سێبەر و شەو و چەند چرایەکی ئەو دەوروبەرە و بەس، دونیایەکی ئەندێشەئامێز حێکایەتی بۆ دەڕێسێت. کە گەڕایەوە ماڵ وەکو ئەوەی هەست بە تایەکی تایبەت بکات. تایەک بوو مێشکی تەواو گەرم داگرتبوو و هەستیشی دەکرد ترپەی دڵی لە جاران زیاتر لێدەدات. خۆشی نازانێ ئەو شەوە چەند لیتر ئاوی خواردبووەوە. بەڵام بەیانی وەکو شاعیر لە خەو هەڵسا بوو.

لە ڕاستی دا سەرتاپای ئەو ڕچانەی کە پەیمان پێی دا تێپەڕیبوو بەرهەمی ڕێکەوت بوون. خوێنەرێکی وا نەبوو فیزیی ڕۆشنبیرخوازی لێدات و لە چەند پارچە شیعرێکی زۆر باو و سواوی کە هەموو کوردێ شتێکی لێ دەزانێ، شتێکی وای پێ نەبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خەون بەوەوە ببینێ ببێتە شاعیر. بەڵام ئەمە گومان نەبوو، بەڵکو حەقیقەتێکی موتڵەق بوو.

کاتێ حوسێنیش بە خۆی ماتۆڕەکەوەیەوە دەگاتە پێش دەرگاو لە زەنگ دەدات، پەیمان پێش حوسێن، ئەو ڕۆژە کەسی دیکەی نەبینیبوو. نیوەی ڕۆژگار لە نێو پێخەو و نیوەکەی دیکەی بیری لەوە دەکردوە چۆن شاعیربوونی خۆی بەڕێوە بەرێت.

حوسێن کەمێ سڵەمییەوە کە کاتێ لە ئەنتەرفۆنەکەوە گوێ لە

دەنگی پەیمانی شاعیر دەبێ. قەدەرێک خەیاڵ بردییەوە. بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابێت، وتی " کورە پەیمان ئەوە تۆی ؟" پەیمانیش زۆر لەسەرخۆ و بە شێنەیی وەڵامی دایەوە " ئەدی دەبێ کێ بێت؟ ئەدی بۆ کەسی دی لەم مارە دەژێ هەی قۆندەرە؟" حوسێن بە تەواوی لەم وەڵامە سەرسام دەبێت. دەرگا دەکرێتەوە و سەر دەکەوێ.

پێش ئەوەشی حوسێن بگاتە بەر دەرگا، پەیمان دەرگاکە دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە نێو پێخەوەکەی. حوسێنیش دەچێتە ژوورەوە و سەیری راست و چەپ دەکات چاوی بە پەیمان ناکەوێت.

_ کورە ئەوە لە کوێ خۆت شاردۆتەوە خارە؟

_ لێروکانەم حەسۆ، هەتیم لەجێ کەتیم.

- خێرە؟

- چسوانم، لەوسەر لەبەیانییەوە هەست دەکەم دڵم بۆتە دەبدەبە. شعوورێکی تایبەت لە ناو خوێنم دایە. گوێم لە ترپەی دڵم دەبێ وەکو ئەوەی گوێم لە ترپەی دڵی یەکێکی دی بێت. نازانم منم ئەوەی کە قسان دەکەم یا دەنگێکە لە ناومەیەوە. هەست دەکەم پەیامم پێیە. بەڵام داخەکەم کەس و کارم لێرە نینە، پشتم نییە. ئێێێێێێێخ!!!

دەست بە گریان دەکات.

_ دڵ لە دڵ نەدەیت ئەمە عەلامەتی شاعیرییە. من یەکەم کەسم بړوات پێدەکەم. دەتناسم تۆ درۆزن نیت و پەناهەندەی.

پەیمان هۆرهۆر دەگرێت.

_ دەترسم... دەترسم شیعر وتنم پێ نەکرێت و لەم غوربەتییەش تروش بەلایەک بم.

_ گوێی مەدەرێ... هەر یەک دوو رۆژی ناخۆشە.. پاشان خۆت و خەلکیش رادێن. دە هەڵسە هەڵسە، بە قومە ئاوێک دەموچاوت فێنک

کەرەوە. با برۆین پیاسەیەکیش بکەین.

- بەخوای قسەتە.

دەچێتە بەر پەنجەرەکە و تەزوویەک بە نێو پشنی دا وەکو گوێزانێکی سارد تا سەر کۆمی دەڕوا و موچڕکێک لەشی دەگرێ. پەردەکە لادەدات، دەریایەکی بەنەوشەیی دەبینی و لە دوورەوەش گەمی دیارن فەنەریان هەڵکردووە. شار بۆتە ئۆقیانووس و ژوورەکەشی وەکو کەشتییەکی لێهاتووە.

_ کورە وەرە حەسۆ، تەواو ئازاد بووین. ماڵمان لە ناو ئاوە و رۆژێک دەگەینەوە گوێی خاپوور.

حوسێنیش وردە وردە دەچێتە پێشەوە و لە پشتەوە سەیری دەرەوە دەکات.

پەیمانیش دەستی حوسێن دەگرێت و لە پەنجەرەکەوە ئاودیوی دەرەوە دەبن.

ئێوارەیەکی مەیلەو شینە، سەدان ئەستێرە دەکشێن و دەرژێنە ناو ئۆقیانووسەکەوە. ئەوانیش وەکو ئەوەی لە سەر پشتی فەرشێکی ئاوریشمین بن، بەسەر شەپۆلەکانا لە سەر ئیقاعێکی نەرم دێن و دەگەڕێنەوە. پەیمان هەردوو چاوی زەق، بە قەد دوو مانگی خەرمانە کردۆتەوە و بە حوسێن دەڵێ :

- حەسۆ بوومەتە شەپۆل... دەتەوێ دەستم لێ دەیت. من شەپۆلێکی وشکم، مەترسە.

کە وا دەڵێ، دوو زەنگوڵ فرمێسک لە چاوانی قەتیسن و هەست دەکات کێشی نەماوە. هەست دەکات نەک تەنها دڵی بەڵکو جەستەی وەکو دەبدەبەیەکە.

کەس بە دەرەوە نییە. باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینن. بە

شەقامی لۆزانا تێدەپەڕن. دەچنە پلانپالی و لە گۆڕەپانی لامۆنی شیر دەخۆنەوە. فوارەی دەریاچەکە دەبینن و خۆیان دەدەنە بە پریشکی ئاوەکان و جگەرە دەکێشن. بە پەیژە ئاوییەکانا سەر کاتیدرالەکە دەکەون و پەیکەرە برۆنزییەکەی رۆسۆ دەبینن و پێیەکی ناوەتە سەر کتێبی ئیعترافات. دە دوانزە تابلۆ دەبینن لە دەروازەکانا بە سەر شەپۆلەکاندا دێنە دەرەوە. ئەمە یەکەمین جارە حوسێن شاری ژنێف ببینێ و ئەمە یەکەمین جارە حوسێن هەست بە خۆشی بکات. چونکە حوسێن بە تەواوی سڕاوەتەوە و بە چاوی ئەم شاعیرە بێ شیعرە شتەکان دەبینێ. هەست دەکات دونیا فراوانە و ئاویش سنوورەکانی سڕاندۆتەوە. دەست بۆ باغەلی دەبات دەستی بەر مقەبایەک دەکەوێ. "ئەرێ ئەوە چییە؟؟" لە دڵێ خۆی دەڵێ.

پەیمانی شەفاف بە بێ ئەوەی گوێی لێبیت وەلامی دەداتەوە:

_بابم ئەمە "پێرمی سییە(permis C )" تۆ لە خانەی سێیەم دەژیت. فڕێی دە ئاوەکەوە، با ئازاد بیت.

حوسێنیش ئیقامەکەی لە گیرفان دەردەهێنێ و فڕێ دەداتە ئاوەکەوە. ئیقامەکە گڕ دەگرێت و لەم دوو پەناهەندەیە هێندی دورر دەکەوێتەوە و ناکوژێتەوە، لە دوورەوە بە کەچە ئەستێرەیەک دەکات.

حوسێن هەست دەکات ئازادە. پەیمان ئازادی دەداتە بوونەوەران. دەیداتە جەماد و شتە بێ ناوەکان. دەیداتە ئەو باڵندانەی کە لە کنارەکانەوە دێن. دەیداتە ئەو تەمانەی کە هەندێ جار لە سەر سەریان کۆ دەبنەوە، چڕ دەبنەوە و پاشانیش دەبوورێنەوە. پەیمان لە ئازادیی ئازادترە. هەست دەکات وجوودی وەک وجوودی نەبەکە، وەک وجوودی زەڕەیە بایە، وەک وجوودی دوو باڵ وایە،

وەک وجوودی هیچ وایە. لە دڵخۆشێک دڵخۆشترە. هەست دەکات بۆتە کچەکەی چەلەبی.. هەست دەکات هەموو شتێکە تەنها خۆی نەبێ. ئەم هەستەش گەڵێ لای قووڵە.

ترسەکەی ڕەوایەوە و بیری کردەوە کە شاعیربوونی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە شیعر نانووسێت، بەڵکو خۆی دەبێتە شیعر. ئەمەش تەواو قەناعەتی لا دروستکرد. بیری لەوە کردەوە لە سەر ئەم فەرشە ئاوریشمییە تا هێز شک بەرێت جرتێک بۆ هەموو شاعیران لێدات. جرتەکەی بە رستەیەک تەواو کرد و رووی کردە حوسێن و پاشان رووی دەمی کرد ئۆقیانووسەکە و هەست دەکرا دەمی بۆتە فوارەکەی شاری ژنێڤ و تا هێزی هەبوو شیڕاندی :

- شاعیران دوو روون!!!

خەونی شەشەم

منیش نازانم چەند پێ چووبوومە خوارەوە! هەستم کرد چاخەکان لە سەر یەک کەڵەکەیان بەستووە، هەستم کرد چاخەکان تێکەڵی یەکتر بوونە، سنووری لەهجە و زمانەکان هەندە بە سانایی تێکەڵ یەکتر دەبوون، نەدەزانرا سنووری ئەم نەمساوییانە لە کوێ کۆتایی دەهات و سنووری لەهجەی پاریسی لە کوێ تێکەڵی زمانی ئۆک دەبوو. لە سووچێکی دیکەی ئەم دونیایە، نەدەزانرا ئەو "و" چۆن لە پڕێک دا دەبێتە "ب" و ئەو دالانە چۆن دەقرتێن و هەندێ جار هێج شوێنەکەیان دەگرێتەوە. چۆن "و" دەبێتە "ی"، بەڵام روخساری توندوتیژی شەرکەرانی ئەمبەر و ئەوبەر زۆر پێکدەکەن. تا رادەیەکی زۆریش چەکوتفاقیان وەکو یەکە. لە هەندێ رووەوە هەست دەکرێت دۆست و دوژمن هەر شەرکەرەکە خۆیەتی.

خەونێکی تایبەتە کە خاوەن خەون خۆی لەوێ نەبێ و من ئامادە بم. چۆن دەکرێ من بەشداری خەونێک بکەم و قارەمانی خەونەکە خۆی وجوودی دەبێت. ئەم خەونە زۆر بە رۆمانی نوێ دەکات. مەبەستم لە نوێ مۆدێرن نییە، بەڵکو ناوی جۆرە حەکایەتێکن کە نووسەرەکە ون دەبێت. رەنگیشە هەموومان لە ساتەوەختێکدا ببینە نووسەری حەکایەتێکی نوێ. واتە قارەمانی خەونی بێساحێب. کەواتە ئەم خەسڵەتە تەنها حوسێنی بەسزمان ناگرێتەوە. هەندێ جار لە خۆم دەپرسم و دەڵێم رەنگبێ زیاد لە پێویست یەخە شڕەکەی ئەم پیاوەم گرتبێ!

باشە دەبێ هۆی چ بێ کە خاوەنی خەونەکە بسڕێتەوە و هیتران، یا شت و دیمەن جۆراوجۆر شوێنەکانیان بگرێتەوە؟ ئەم خەونانە پلەی سفری نەرگسییەتن. پلەی سفری تەواو. ئەمەش تەواو پێچەوانەی کارەکتەری ئەکتەرەکەیە. ئەو هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە کە سەر پەیژەی خودی خۆی کەوێت و بەرامبەر بە هیتران بەرز بێتەوە. هەموو هەوڵێکی ئەو ئەوەیە هەمیشە لە سەر تەختەیەک لە تەختەکان دا بێت و بە دیققەتەوە تەماشاکەران لە هەموو بزاوتێکی، لە هەموو ئاماژەیەکی، لە هەموو چرپەیەکی ورد ببنەوە و لێی رامێنن.

من وای بۆ دەچم هۆی بینینی خەونی وا، جۆرە خۆ ئامادەکردنێکی ناهۆشیارانەیە لە مەڕ بینینی خەونێکی دیکەوە، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە خەونی وا بکاتەوە. چونکە خەونی وا بە شکست دەدرێتە ئەلەم. ئەمەش نەک تەنها شکستی ئاگاهیی دەگرێتەوە، بەڵکو شکستی نائاگاییشە! کەواتە ئەمە دەبێتە پێشەکی خەونێکی دیکە و دەبێتە ناهۆشیاری پلەی دووی حوسێن. واتە گەیشتینە دونیایەکی ئاڵۆز و پڕ گرێوگۆڵ.

با گریمانی ئەوە بکەین لە تەلاریکی دوو نهۆمی تاریکین. نهۆمی سەرەوە حوسێنی خەوتووەو و نهۆمی خوارەوەش ناهۆشیاری دووەمی حوسێنە. ئەو لەم نهۆمە جێی نابێتەوە، لە حەققەت دا کەم کەس جێی دەبێتەوە. بەلام ئەم نهۆمە پڕی لە رم و قەلغان و تیروکەوان و مەنجەنیق و مەنجەلی زل کە بە مێغنجیری ئەستوور بەرزکراونەتەوە و ئاوێکی بۆر تیایا قولت، قولت، قولت دەدات : بلق... بلق...بلق. تەپلەی ئاسن و یەلەگی لە تەل و سیم دروستکراو و گالیسکەی جیاواز و ئەسپ و ماین و فیلی هیندی و قەفەزی پڕ لە شێر و پلینگ و مەیموونە قون سوورەکان و تووتی لە سەر بالیف جیقنە دەکەن و بە چەندین زمان دەپەیڤن. مێردمندال بە هەزاران تەرحە یاری دەکەن. لە هەندێ شوێن ئاگرجۆشدراوە و لە هەندێ شوێنیش گوێمان لە دەنگی تەپڵ دەبێت و خرینگەی خلخالیش ریتم دەبەخشێتە ئەو دەمەو عەسرەی کە هەتاو دەمێکە لە نێو دارستانە چڕەکان دا ون بووە. هەوا بێگەرد و ئاسمان ساف وەکو خوناوێک لە نێوان مەیین و شەفافییەت دایە.

لە پڕێکدا جەماوەرێکی مێزەرلەسەر پەیا دەبن و هەلقەیان لە دەوری دەیان جارییەی چاو پڕ لە کلی دەرپێ پەمەیی بەستووە. رەشمال و خێوەتێکی زۆر هەلدراون و لە بەردەم هەندێکییانەوە دوکەل هەلدەستێت و بۆنی گۆشتی مامز و کەروێشکی کێوی دەگاتە گوند و بوورگەکانی دەوروپشت. گسکێک ئەم شەو ئاسمانی مالیوە و بایەکی باکووریش رووومەتی پاسەوانەکانی تەزاندووە و بە قەد سمێلەلوولەکانیاوە چلوورە شۆڕ بۆتەوە. پووزووانە لە خوریی زبر و چەکمەش تا سەرووی ئەژنۆ و وەکو پەیکەر لە بەردەم هەندێ دەوار چەقیان بەستووە. لە هەندێ دەواریشەوە عەبالەسەر

دەردەچن. ئەم عەبا لە سەرانە کورتەبنەو ناشرینن. شەش شەش دەچنە ژوورەوە و شەش شەشیش دەردەچن. بێدەنگ و مەلوول. بە فیسکەفیسک دەچنە ژوورە و هەر بە فیسکەفیسکیش دەردەچنە دەرەوە.

کابرایەک سەری خۆی لە ناو گونییەک شاردۆتەوە و سینییەک پەپکەسوورەی پێیە و بە هەڵەداوان دەچێتە ژێر دەواریکەوە. لە سەرووی دەوارەکەی ناوەندیشەوە ئالایەک بەرز کراوەتەوە و وێنەی مانگێکی لە سەرە تەنها یەک هەفتە بە سەر تەمەنیا تێپەڕیوە، دەلەرێتەوە. لەسەر دەوارەکانی دیش وێنەی قەپۆزی گورگ لە سەر قۆندێکی سوور، کاتێ با دەیانلەرێنێتەوە، هەست دەکرێت کە سەری گورگەکانن و بە راستی دەجوولێنەوە.

دوانزەی خەزەڵوەری ساڵی ١٦٨٣ هەوا بە تەواوی ساردی دەکات، بەتایبەت لە دەشتاییەکانی دەوروبەری شاری ڤییەننا. هاوینێکی گەرم و هەورەتریشقەی ناوەخت دەوارەکانی دەشۆردەوە و تا ماوەیەکیش قوڕ و لیتاوی جزمە و بۆت و چەکمەی خۆماڵی ئەناتۆل و پێچکەی گالیسکە و سمی ئەسپ نەیدەهێشت هەروا بە ئاسانی هشک بێتەوە. دوو مانگە : لە چواردەی گەلاوێژەوە ئەم لەشکرە ئابلوقەی شارەکەی داوە. جگە لە سەربازە هەرزەکانی یەنیچەری کە زۆربەیان لە هەتیوخانەکانەوە قۆزرابوونەوە، پیرەمێرد و کۆنە سوارچاکی شەڕەکانی جارانیش ئەم لەشکرەیان گەیاندبووە دوو سەد هەزار سوارچاک.

قەرەمستەفا وەزیری گەورەی سوڵتان بە خۆی هەزار و پێنج سەد کەنیزەوە کە ئامازەی بە دەستڕۆیشتووی وەزیر دەکرد و لە هەمان کاتیش دا بارقورسییەکی بێئەندازەشی بۆ دەخولقێنێ، بە تایبەت لە

کاتی شەڕ و لەوەش تایبەتی تر ئابلۆقەدانی شارێکە. ئایا ئەمە دوا خەونی تورکان بوو کە وەکو بلقی ئاو تەقییە رووی سولتانی بابی عالی کە ئیتر خەونی وا ناخۆش بە گەمارۆدانی شارەکانی ئەوروپاوە نەبینن؟ یا ئەم خەونانە بەرجەستەی کارەکتەری سوارچاکی تورکانە و سەدان سالّی دیکەش هەر دووپات و دەپات دەبێتەوە؟ ئەگەر شارستانییەتێک بە نووکی شمشێر وەدەست هاتبێ یا ئەوەتە بە تێپەڕینی کات وەک گوێزی پووک کەڕوو لێی دەدات، یا ئەوەتە هەر لە نووکی شمشێرەوە دونیا دەبینێ بۆ ئەوەی ئیدامە بداتە خۆی؟

بەلام پرسیاری سەرەکی من ئەوە نییە کە چۆن تورکان بە تەواوی لە دەست لەشکری نەمساوی و پۆلۆنی و کۆمەکی شارلی دووکی لۆرێن دەشکێن و چۆنیش تورکان بە تەواوی دەست لە ئەوروپا دەشۆن و چوار سەدە دواتر خەونی دیکە داگیریان دەکات: چۆن ئەوانەی لە دەروازە زلەکەوە بە خۆیان و مێزەرە زلەکانییانەوە دەرکران جارێکی دیکە لە پەنجەرەکانەوە بە قەرەوێت و سمێلتاشراوی بچنەوە ژووری؛ بەڵکو لەمەش زیاتر دەبێ ئەم رووداوانە چ پەیوەندییەکیان بە ئەکتەرەکەی منەوە هەیە؟

پاشماوەکانی خەونی پێشوو

گەڕامەوە سەر تەختەی شانۆکە. حوسێن هەراسانی لە بەرگیراوە و بە خۆی دەڵێ "چۆن ئەم خەونە بە بێ من دەبینرێت؟" هەستم کرد بە ئاستەم دەجوولێتەوە و بە نووکی پەنجە لووتی خوراند و لە نهۆمی دوو راپەڕی و لە نهۆمی یەکەم دا خەوی لێکەوتەوە. واتە، دەبێتە شەخسییەتی دووەم. دەبێتە یاریدەدەری قەرە موستەفا.

ئۆزن حوسێن فەرماندەی یەنیچەرییەکانە. ئەوانەی کە دوا دڵۆپ خوێن شەڕ دەکەن. ئەوانەی بە تەواوی مولکی سوڵتانن.

خێوەتەکەی بەرامبەر بە خێوەتەکەی قەرە مستەفایە. پرسیارێکی دیکەش : باشە رەگی ئەم خەونە لە چ خاکێکەوە وا رۆ چۆتە نێو ناهۆشیاری حوسێنەوە. ئەوێک قەد کەیفی بە داگیرکەر نەهاتووە نەخوازەڵا هی ئەم جلشۆڕانەی کە سێ سەدە دواتر شارەکەی ئەویش داگیر دەکەن و ئێستاش دەستی راستی وەزیری گەورەی جێی باوڕی سوڵتانی ئەستەمبووڵە؟

حوسێنیش سێ کەنیزەکەی لە ژێر دەوارەکە ئاخنییەوە : فرانچیسکا و ڤێرۆنیک و نیشتمانی دەزگیران و تازە بووک. ئەمە لە کاتێک دا قەرە مستەفا هەزار و پێنج سەد کەنیزە و جارییەی لە ژێر خێوەتەکەی خۆی خڕ داخستووە.

دەبێ ئەوە بهێنینەوە یادمان کە یەکێ لە کەنیزەکانی ئۆزن حوسێن ڤێرۆنیک بوکەرە، بوکەریش جگە لە ناوی خانوادە، بە ئەڵمانی بە مانای نانەواش دێت. چونکە ڤێرۆنیک بە رەچەڵەک دەگەڕایەوە سەر خێزانێکی نانەوای شاری ڤییەننای زۆر بە ناوبانگ. ئێستاش هەر کەسێک سەر بکاتە دوکانی نانەواکانی شاری ڤییەنناوە زۆر ئاساییە چاوی بە sachertochte, esterhazyschnitte, spanishe windtochte) دەکەوێت. کەواتە ڤێرۆنیکی نانەوا لەمەو دوا بە ڤێرۆنیکی حوسێنیش ناوی ببەین ئاساییە و ئەم ناوگۆڕینەش هیچ شتێک لە سجلی شەخسی ڤێرۆنیک ناگۆڕێ، بەڵام لەمەودوا و دەمێکیشە چارەنووسی ناهۆشیاری هەردووکیان پێکەوە گرێ دراون.

مێژووی ئەم خەونە دەکرێ بگەڕێنینەوە شەوی هەینی لە سەر شەممەی گەلاوێژی ساڵی (١٩٨٦) . ئەو ئێوارەیە ڤێرۆنیک نەیدەزانی چۆن نامەیەکی تایبەت بداتە حوسێن و خۆشی نەبینێ و لە ڕێگای ئەو نامەیەشەوە بە حوسێن بڵێ ئیتر نامەوێ چارەت ببینم. بیر لەوە دەکاتەوە کە سێ کرواسانی بە شۆکولاتەی تازە لە نانەواکەی گەڕەکی کارووژ کڕاو و وێڕای تەنها ڕستەیەکیش، ببات و لەبەردەم دەرگای ماڵی حوسێنی دانێت. دوا بە دوای ئەمەش لە گەڵ پەناهەندەیەکی دیکە بچنە دیسکۆیەکەوە، ئەو شەو ئازادانە بە قەد هەموو خەم و ئازارەکانی سەما بکات و پاشانیش بە جووتە بگەڕێنەوە ماڵی ڤێرۆنیک تیروپڕ یەکتر بلێسنەوە. بۆ رۆژی ئایندە ڤێرۆنیک هەموو شوێن قەپاڵەکانی دوێنێ شەو پێشان جزرییەکە بدات و ئەویش بەرامبەر بە پەلە مۆرانە بداتە قاقا و نیرینەی خۆی لە نێو دانەکانی هەڵوەرێنێ.

بۆ رۆژی ئایندەش، دوای ئەوەی حوسێن بە قورسی لە خەو هەڵدەستێ و دوو شەپ ئاو و دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بچێت سەموونێک بکڕێت، چاوی بە کیسە سپییە ڕۆناوییەکە دەکەوێت و دەیکاتەوە چاوی بە سێ پەپکەی کرواسانی شیرین و نامەیەکی ژەهراوی دەکەوێت.

****

پەیمان بە سمۆکین و کڵاشەهەورامییەکەییەوە ئازاد دیارە و ناشزانێ چی لەو ئازادییە بکات! دوای ئەوەی قاوەیەک دەخواتەوە، دەیەوێ سەرێک لە شەپیتۆکە بدات. کەسیش ئاگای لەم خۆ دزینەوە بێکەلکەی ئەو نەبوو. پەیمان کەمۆکەیەک خڕ دیارە. خڕیی ئەو کەسە دڵخۆشانەی هەیە کە زوو ئاشنایی لە گەڵ هیتران پەیا دەکەن. لە راستی دا ئەمە کارەکتەری راستەقینەی ئەو بوو بەڵام عەشق بە تەواوی بنەمای کارەکتەری هەڵتەکاندبوو و لەو رۆژەوەشی کە هەستی کردووە بووەتە شاعیر، بە تەواوی درک بە میتامۆرفۆزبوونی دەکرا. لە هەشتاو شەشەوە شاعیرە بە بێ ئەوەی یەک دێرە شیعریش بنووسێ و بەڵام بە ئەنجەتی مەحکەمەوە بەرگری لە هەڵوێستەکەی دەکات!

کەس نەیزانی کەی ئەو ئێوارەیە خۆی و حوسێن گەڕانەوە. خۆشی نایەتەوە یادی. حوسێنیش تەواو تەبا بوو لە گەڵ سەرتاپای بیرۆکەکانی وی. واشبزانم پەیمان ببڕای ببڕ نەگەڕایەوە. ئەگەریش گەڕابێتەوە ئەوە بێگومان لە دەرگا و پەنجەرەی دیکەوە هاتۆتەوە ماڵ. یەک دوو مانگ هەستی دەکرد بۆتە قافییە. قافییەکی بزوێن و بزۆک کەوتبێتە قایەغێکەوە و لە جۆگەلەیەکی وڵاتانی باکوورەوە، دەشت و چیا و گەوە و بنار و دۆڵ رەوتی دیاری کردبێ. ئەمەشی وا لێکدەدایەوە کە ئەم رەوتە رەوتێکی ناخییە و گەڕانێکی سەرمەدییە بەرەو فەنا بوون.

کەسیش نەیدەزانی ئەم بەچکە دزەییە لە چ کڵاورۆژنەیەکەوە

فیکرەی عەتتاری نیسابووری ئاویتەی ڕۆحە گوندییەکەی ببوو. ئەم سەفەرە ئاوییە بە سەفەری باڵندەکانی ئەو عەترفرۆشە دەچێ کە بە رەو بەرەو چیای قاف دەفڕن و لە ناو چاوی ڕۆشنی سیمورغ دا دەتوێنەوە. ئەویش شەش مانگی ڕەبەق نەگەڕایەوە ماڵ، بەڵکو پتریش.

قایغەکەی کوون بوو، سەوڵکەکانی سوان و بای باکووریش دەست و پەنجە خرپنەکانی سوتاند. قافییەکی بێئاگا لە نێو کرێوە سەفەری دەکرد و نەدەگەیشتە هیچ شوێنێ. بەڵام هەموو وردەکارییەکانی لە زاکیرە تۆمار دەکرد و سەری لە میکانیزمیشی دەرنەدەکرد. بەڵام دوای شەش مانگ سەفەرەکەی لە نووکەوە بۆ حوسێن گێڕایەوە و حوسێنیش وەکو ئەرک دەستی بە گریانە بێتامەکەی کردەوە. ئا لەم ڕەوشتە ناشیعرییە، پەیمان بە تەواوی لە حوسێن قەڵس دەبێت و بۆ یەکەم جار پێی دەڵێ " بە خوای نابی بە هیچ ڕۆڵە".

لە زۆر شوێن هەستی دەکرد لەشی ون کردووە و تەنها زاکیرەیەک وەکو باڵندەیەک، ئەویش هەر لە قەڵەڕەشکەیەک دەچوو جێی لەشی گرتۆتەوە و بە ئاستەم هەستی بەوە دەکرد کە کەمێ لە ئاستی سەرووی چاوانی دایە. بۆیە هەستی بەوە دەکرد کە هەردوو چاوی کەمۆکەیەک لە جاران زیاتر سەیری ئاسۆی بەرز دەکەن.

تەواو ئازاد بوو. بیری ئیقامە کە هەموو پەناهەندەیەکی بە تەواوی دەتلێنێتەوە، لای ئەو بە تەواوی سڕابووەوە. لە یەک دوو ڕێکەوت دا هەستی کرد لە پێستی لەشە نەرم و جوانەکەی کچەکەی چەلەبی دایە، بەڵکو لەمەش زیاتر هەستی کرد بۆتە جوانییەکەی ئەو جوانییەکی مێینەی پاراو!

کەواتە لە قافییەیەکی بزوێنەوە ببووە جوانییەکی مێینە. ئەم خرییەی کە ئێستا لە لەشی پەیمان دا دەیبینین، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە. ئەمەش بەشێکی ئەو میتامۆرفۆزە لێکدەداتەوە. دەیان جاریش تووشی ئۆرگاسم هاتبوو. هەستی تەواوی دەکرد کە جوانییەکە رەحەت دەبێ. ئەم لووتکەی ئۆخژن بوو کە دەیوت شاعیر نییە لە سەرتاپای کوردستان لە هەموو ژیانیان دا هەستیان بە رەحەتبوون کردبێ لە کاتی شیعر نووسین دا، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە ئەوان تووڕە و دوڕدەنگن کاتی شتێ دەنووسن کە تەنها خۆیان ئەوانەی وەکو ئەوانن هەست دەکەن شیعرن.

ئەم کارکتەرە سادە و ساوێلکەیەی کە هەموو بنەماڵەکەی بە دەست بەتاڵ و بێکەڵک سەیریان دەکرد ببووە بەهایەک کەسێک نەبوو بە بەهای بزانێ و خۆشی بە هیچ شێوەیەک لەم بەنرخاندنە نەدەگەڕا. بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ فیکرەی بە شیعربوونی زیاتر دەچووە ناخوەناوی و بیری لەوە نەدەکردەوە کە تاقە دێڕێکیش بنووسێ.

بە تەواوی سپێگەتیخۆرەکەی لە بیرچووەو و تەبریری بۆ هەموو شتێکیش دەهێنایەوە. هەردوو هاوسێیە پیرەمێژنەکەشی بە تەواوی واقیان وڕما کاتێ پەیمانیان دەبینی بە خۆی قایغێکەوە هەموو ئێواران دەگەڕێتەوە و ئاوێکی سازگاریش لە لەشییەوە دادەچۆڕێ. هەموو بەیانییانییەکیش کۆنسیرژەکە، مەبەست لە پاسەوان و خزمەتکارەکەی ئەپارتمانەکە بوو، ئەو ئاوە شینەی دەسڕییەوە و ئاخێکی هەڵدەکێشا و بۆنی دەشت و دەرێکی هەڵگرتبوو کە ناوچەی باوباپیرانی ئەو بوو. شەوان پێش ئەوەی بنوێ خەونی بە

سرینەوەی کاشییەکانەوە دەبینی و هەستی دەکرد هەموو سەرلەبەیانییەک سەفەرێکە بۆ ئەو. ئەوێکی خەڵکی چیاکانی ژوورا.

پەیمان جلەکانی بە ئاسقییەکەوە هەڵدەواسی و تەنها بە دەرپێیەکەوە دەنووست و نووکی هەردوو سەوڵەکەشی لە پەنجەرەکانەوە دەردەکرد و هەرکێیەک بەو شەقامەیا تێپەڕیایا و کەمێکیش سەری هەڵبڕیایا هەستی دەکرد ئەو ئەپارتمانە بەلەمێکی گەورەیە و تک تک ئاوێکی شینیش تا بەیانی دەکەوتە سەر شۆستەکە. وشک نەدەبوونەوە و ڕێبوارانی تووشی حەپەسان دەکرد.

کەسیش سەری لە دەرچوون و هاتنەوەی پەیمان دەرنەدەکرد. تا دوو پیرژنە دەسبەتاڵەکەی هاوسێشی. ئەوان هەر کاتێ گوێیان لە داخستنی دەرگاکەی ببوایە، لە یەک ئان و سات دا، ئەگەر ئیشی ناوماڵیشیان هەبوایە، ئەوە هەر دەردەچوون و پێکرا دەیانکردە فسکەفسک. هەندێ جار ڕوویان گرژ دەکرد و هەندێ جاریش دەیاندایە تریقەی ئەو پێکەنینە دەگمەنەی کە پیرێژنانی شاری لوزان ئالوودەی ببوون. هەندێ جاریش فسکەفسک هەندە درێژەی دەکێشا، ماندوو دەبوون و پشتکوڕ، پێکڕا دەچوونە ژوورێ و دەستیان دەکرد بە دەرهێنانی مەحەلەبی و ئایسکرێمی سەلاجەکە و بە چێژەوە دەیانخوارد و باسی سەفەرە ئاوییەکەی دزەییەکەیان دەکرد.

ئەی ئەو ڕۆژانەی کە پەیمان لە گەڵ شیرەی شەبەقا بگەڕابایەوە؟ خۆ کۆنسێرژەکە بە خۆی و گسکەکەیەوە لە پشت دەرگا را دەوەستا و کاتێکیش دلۆپە ئاوی سازگاری ناوچەکەی باپیرانی نەدەبینی، هۆن هۆن فرمێسکی غوربەتی بە ڕوومەتیا دادەچۆڕین.

کاتێکیش پەیمان دەرگا شووشەبەندەکەی دەکردەوە و بە هەڵپە بە نارده‌وانه‌کانا سەردەکەوت و ئاوێکی شینیش زەنگوڵ زەنگوڵ دەکەوتنە سەر کاشییەکان، کۆنسێرژەکە لە خۆشییانا وەخت بوو شێتوهار بێت و پڕ بە دڵ حەزی دەکرد باوەشێکی گەرم لە پەیمان بدات، بەڵام جورئەتی نەدەکرد. بەڵام هەر بە فیکە و گۆرانییەوە کاشییەکانی دەسڕییەوە و ئەو ڕۆژەی لە لا دەبووە چەند چرکەیەک.

بیری لە زێدی خۆی دەکردەوە کاتێک کە زاکیرەی پەیمان هەموو شتێکی تۆمار دەکرد تەنها دەشتەکانی دزەیی نەبێت. بۆ ئەمەش نەبریری تایبەتی دەهێنایەوە و دەیوت دەشتی دزییاتی بە بێ منیش هەر هەڵدەکەن. من لە کوێ بم بۆن و بەرامەی ئەویم هەلگرتووە. چش لە غوربەتی!

خۆشبەختانە پەیمان دەیتوانی لە چاو تروکانێکدا بگاتە ئەو پەڕی کێشوەرەکان. هەر مانگی یەکەمی زەحمەت بوو کە بە سەوڵ و قایغەکەی ڕاهات، پاشان بە ئارەزووی خۆی دەیتوانی هەوارە دوورەکان بە سەرکاتەوە. پەیمان بەرهەمی ئارەزوویەکی ئاگرین بوو کە بەسەر چیایەک دا هەڵیگژاند تا گەیاندییە ترۆپکی نا-ئارەزووی موتلەق. خۆی ئەمەی نەدەویست بەڵام ئەمە بوو بە نسیبی. ئەو داهێنەری ئەم دیارییە دانسقەیە نەبوو بەڵکو ڕێکەوت. ئەوێکی بەچکەی ڕێککەوتەکان!

وەکو وتمان لە چاو تروکاندنێک دا دەیتوانی لە دەشتاییەکانی گەرەشێخان دا، لە زورگەکانی گۆڵدەرە، لە ڕێگاوبانەکانی قەشقە، تا هەڵەتەکانی تەقتەق بڕوات. ئەویان دەبینی، بەڵام ئەو کەسی نەدەبینی. دەیانبینی هەندێ جار کراسێکی سپی ئاودامانی لە بەر دایە، هەندێ جاری دیکەش دەیانبینی مشکییەکی لە سەرە و

کەمجاریش بە هەڵەداوان دەبینرا قایغەکەی لە ژێر باڵە و غار دەدات.
ئەم توانایەی کە پەیمان لەومەشققەتەوە دەسگیری بوو، ببووە جێی ئێرەیی پێبردنی حوسێن. حوسێن هەموو هەوڵێکی دەدا لە سەرا یەکی توانای پەیمانی هەبێ، بەڵام بێسوود بوو.
هەر بۆ ماوەیەک بە قافییەبوونی خۆش بوو، پاشان وەکو وزەیەکی نەبینراو کۆچی دەکرد. ئەم وزەیە خۆشی درکی پێ نەدەکرد!
تەنها لە چاوترووکانێکدا ماڵەکەی لە ژنێڤەوە بۆ لۆزان گوازتەوە. ئەوانەی دەوروبەر بە هەڵوێستێکی سیاسی لێکیاندایەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە هەڵوێست هەڵگرتنەوە نەبوو. دەیوت من لە وڵاتی تەختاییەوە هاتووم و دەمەوێ لە ناوچەی شاخاوی بگیرسێمەوە. تەختایی ئینسان وڕو گێژ دەکات و تووشی ڕەتابەت و مۆنۆتۆنی دەکات. خەڵکی تەختایی تەنها لە دووبارە بوونەوەی دەژین و زاکیرەیان کەمۆکەیەک لە زاکیرەی هەنگ زیاترە. ئێواران دەچووە بەرزاییەکان و سەیری دەریاچەی لێمانی دەکرد. هەردوو کوونە لووتی فش دەکردەوە بۆنی ئاو و شینایی دەکرد. ئەم ڕەفتارە لە مانگێگ زیاتری خایاند و هەردوو چاوە مەیلەو کەسکەکانی بە تەواوی شین هەڵگەڕابوون و قژەکەشی هەندەی تر ئاڵتوونی ببوون.
پەیمان بە تەواوی لە نووستالژی خاوێن ببووەوە، زاکیرەی توانایەک بوو لە ئێستادا سەقامگیر دەبوو و لە ئێستایەکی بەربڵاویش دا ئۆقرەی دەگرت و درۆشی لە گەڵ خۆی نەدەکرد. هەستی نەدەکرد ئەوەی دەیکات ئەرکە، بەڵکو بەشێک بوو لە کیان و بەشێک بوو لە جەستەی. ڕووداوەکان تەنها هەندە بایەخیان هەبوو کە ئەویان دەخستە نێو مێژوویەکی قورگ بەستراوەوە ئەگینا هەست دەکرا زەمەن بە سەر پشتی ئەو دا ساتمە دەکات. ئەویش ئازادانە

ساتمەی بە سەر رووداوەکان دا دەکرد و قاقایەکیش گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد، تەنها هەر بە تەنیشتی دا تێدەپەڕین.

رووداوەکانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و پاشانیش لە نێوان بەشی ناوخۆ و بەشی درامای هونەرەجوانەکان تەنها هەر بە ئاستەم خەتەرەیان بە دڵیا دەکرد. هەڵبژاردنی بەشی دراما خۆی لە خۆی دا درامایەکی راستەقینە بوو. سەودابوون بوو زیاتر وەک خولیا، شەیدایی بوو زیاتر وەک هەڵبژاردن. بەڵکو رچەیەک بوو تا ئێرەی هێنا. گشت ئەم رووداوانە وا هەستی دەکرد لە خەونێک بینیووی یا یەکێکی دی بۆی گێڕاوەتەوە. کاتێکیش بیری لێیان بکردبایەتەوە بە زاری شەخسی سێیەمەوە دەیانیگێڕایەوە بە بێ ئەوەی کرۆنۆلۆژیایەکی زەمەنی مەتیقیشی لە پشتەوە بێت.

'خەون بوون'. بە ژێر لێوەوە بە خۆی دەوت. هەموو هەر خەونن.

لە پەراوێز دەژیا؟ بەڵێ! نەخێر! بەڵام لە پەراوێزی چی؟ ئەمە پرسیارە بنەڕەتییەکەیە کە من لە خۆمی دەکەم، ئەگینا ئەو، کاتێ گوێی لە پرسیاری وا بوایە بە پشتا دەتریقایەوە و یەکسەریش وەڵامی دەدایەوە کە دۆزینەوەی پەراوێز جۆرە خەڵاتێکە کە بەر کەم کەس دەکەوێت. 'پاشان پرسیاری وا نابێ لە شاعیرانی وەکو من بکرێت. بڕۆن لە کەسانی دیکەی بکەن.' رەنگە رەچەڵەکە ئۆرۆستۆکراتییەکەی وەڵاممان بداتەوە! ئەو لەو نەوەوەیە کە لە ناولەپ بەخێوکران و لە قەفەزی زێرینیش دا گەورووبوون! لە هیچیان کەم نەبوو تەنها لە گرفتی بوون نەبێت. راستە ئەم گرفتە رەنگە مەندێ وەڵاممان بداتەوە، بەڵام وەڵامی تەواومان لە مەڕ ئەم شاعیرەوە هەرگیز ناداتەوە.

کاتێکیش ئازاد هەورامی تەلەفۆنی بۆ دەکات، وەکو ئەوەی لە

خەونێکی قووڵ هاتبێتەوە ئاگا. خەونێکی هەندە قووڵ، بە ڕاستی نەیدەزانی دەست بە سەرەتاکانی بگرێت. لە جیاتی ئەوەی دڵخۆش بێت بەم داوەتە، بە پێچەوانەوە کەمێ سەغڵەت بوو و میلانکولییە موزمینەکەی وەکو توێکلێکی زۆر تەنک، هەر چەشنی توێکڵە پیازێکی شەفاف لە سەر دڵی نیشت. لە ژێر لێوەوەش دە جار نەعلەتی بۆ ئازاد نارد. یەکێ لەو نەعلەتانەش ئەمە بوو " دەک خوا بتکاتە دوو ڕوو هەی لەعین"، مەبەستیش ئەکتەر بوو!

هەرچەندە لەو فەترەیەی کە نزیکەی بیست ساڵ بەڵکو زیاتریشی خایاند جگە لە حوسێن کەسی دیکەی نەدەبینی، خۆ ئێتر کەس نەبوو پەیمان وەکو کوڕەکەی جاران بناسێتەوە. پەیمانەکەی جاران هەر ئەو ئێوارەیە لە سەر کاشییە تەزیوەکە، کە بەرامبەر بە پەنجەرەکەی ماڵی ئان دانیشت، بە تەواوی نیوەی لەشی توایەوە، نیوەکەی تریشی مەیی. لە هەمان کاتیش دا گەرمییەکی سوتێنەر مێشکی بە تەواوی سووتاند.

هەر بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی، پەیمان بوو بە شیعر نەک بە شاعیر. هێشتا بە تەواوی سێ مانگ بە سەر بە شیعربوونی تێنەپەڕیبوو، بە تەواوی وەکو گەڕۆکێ بست بە بست خاکی کوردستانی بە سەر کردبووە. لە سەرەتای ئەزموونە ئاوییەکەی بوو، شەوێکیان لە قەراغ خاپوور چاوی کردبووەوە. لە ناوەندی ئەزموونی بێئارەزووەیەکەی بوو لە سەر لوتکەی قەندیل سبیلی دەکێشا. لە سەرەتای تەجرەبەی با_بوو، بە نێو ئاڵا زەرد و سوورەکانی نیشتیمان هاژەی دەکرد، بە قاقاوە، وەکو ئەسپێکی جڵەو ترازاو غاری دەدا. جارێکیان لە سەر فەرشێکی ئاوریشم دا بە سەر ڕەشماڵی هۆزەکان دا گڕی خواردبوو، لە سەرەوە سەیری

دەکردن و گوێی لە چەقەچەق بوو.
تاڵترین ئەزموونیش ئەو جارەیان بوو کە بە بێ رۆخسەت و ئیقامە و پەساپۆرت، سێ هەفتە لە قەفەزێکی سەر سنووری تورکیا حەپسیان کرد، کەسیش نەیزانی چۆن بەرەڵا کرا. ئەفسەرە سمێڵتاشراوەکان وەکو مەیموونێکی حەپسکراو دیققەتیان دەداو بەرەڵا کرا! کاتێکیش گەڕایەوە لۆزان ویستی یاداشتەکانی ئەو سەفەرەی بنووسێتەوە وەکو نارەزایییەک پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ستراسبوورگی بکات و پاشکۆیەکیشی بۆ ئامادە بەکات لەمەڕ گشت ئەو هەلومەرجە ناقۆڵایەنەی کە تورکیا لە زیهنییەتی ئەورووپا جودا دەکاتەوە. پاشان هەموو داخوازییەکانی بوون بە یەک قەترە فرمێسکی. قەترەیەکی فرمێسکی پەناهەندەی بێ ناوونیشان.
ئەو شەوەی کە لە سەر فەرشە ئاوریشمییەکە بوو بینیی چۆن چەقۆیەکی کوول وڵاتەکەی شەق کردبوو. دوای عەیامێکیش کاتێک چەقۆکەیان لادابوو، برینێک بە قووڵایی سەدان کیلۆمەتر رۆ چووبووە لەشی ئەو قەرەجەی کە سێ یەکی دونیا تەبا نەبوون لە ناوهێنانی. برینێک بوو رەش دەچووەوە و هەراش دەبوو، هەزارەها خەرەند و کەندرِی لێ وەشایەوە، دەیتوانی بە ئاسانی ببێتە نیشتمانی سەرجەمی ئاوارەی زێدەکەی، بەڵام مەخابن کەسێک نەبوو و نییە ئەو برینە سارێژ کات، ئەمە لە کاتێک دا هەموو دەنگناخۆشەکانی نیشتیمان کۆکرابوونەوە، تەنها بۆ ئەوەی بە لەشی ئەو قەرەجە ئەتک کراوە گۆرانی بڵێن و بڵێن جوانە. نیشتیمان ناشرین بوو! پەیمان دەیان جار ئەوەی دووبارە کردبووەوە کە نیشتیمان ناشرینە و هەموو شاعیران درۆ دەکەن کە دەڵێن نیشتیمان جوانە.

ئەو نیشتیمانی بە ژنێکی ئەتککراو دەبینی، لە دەیان شوێنیشەوە برینی نێرینەی وەکو مۆر لێ ختم کرابوو.

چی بە پەیمان دەکرێ؟ خۆ ئەویش دەیتوانی وەکو شاعیرانی دی، یەک دوو کتێبی شیعر لەبەرکات و چل پەنجا قافییە و چەند کێشێکی سواو و لەقیش کۆبکاتەوە و لە سەر ریتمێکی سواو جوانترین شیعری پیاوانە بنووسێت.

دەیتوانی رووی بکاتە شاخ و بیدوێنێ و بڵێ سەرکەشی رووکەش، دەیتوانی نووکی قەڵەمی ئاراستەی رووبار بکات و سەر لە نوێ بینووسێتەوە و بڵێ سیروان غەریبە و بە غەریبی تێکەڵی دیجلە دەبێت، دەیتوانی وەکوا فرانسیس دی ئەسیس سوێسکەکان بهێنێتە سەر لەپی و بیانهێنێتە زمان، تیترواسکێ هێوڕ کاتەوە و کەوێک فێرە قاسپەکات، دەیتوانی لە شاعیرە لاوەکان وێنە و فیکرەی رەسەن بدزێ و هەموو خەڵکی بە هی ئەوی بزانن، دەیتوانی پەشتەماڵێکی سوور لە کەمەری بئاڵێنێ و خۆی هەندە تەسک کاتەوە وەکو ئەمووستیلەیەک لە پەنجەی پیاوی دەسەلات بحەسێتەوە، دەیتوانی و دەیتوانی... دەیتوانی جوێن بدات و گەمە بە وشە بکات، دەیتوانی خۆی شۆرشگێر بنوێنێ و لە فرۆکەی دوژمنیش بترسێ، دەیتوانی بە پێی سوودی جوماوەریش جێگۆرکێ بە شوێن و شێوازەکانی بکات. ئەویش دەیتوانی بە دوو رۆژیش بێ لە کوونە تەیارەیەک خۆی بشارێتەوە، ئەویش دەیتوانی درۆ لە گەڵ زاتی خۆی بکات و جنسییە وەرگرێت تەنها لە پێناو مانەوە، لە پێناو ئەوەی رەسمییانە سنوورەکان تەی کات و لە ترسی پاسداران بڵێ من فەرەنگیم. لە شوێنی کورد بێت و لە شوێنێکی دیکەش نەمساوی، لە شوێنێک سویسری و لە شوێنێکی دیش ببێتەوە سویدی. وەکو

گورگەکەی حەکایەت خۆی لە قوڕی شین و سەوز هەڵکێشێ.
ئەویش دەیتوانی ببێتە خاوەن دوو دەمامک. بەڵام نەیکرد، نەیتوانی،
نەیدەزانی...؟ بەڵام نازانین بۆ ئەو نەیتوانی و هیتران توانیان. هیتران!
ڕەسەنەکان توانیان بچنە ژێر سولتانی زمانی هیتران و لەوێوە لە
ئیمتیاز بگەڕێن، لەوێوە بیانەوێ لاوان فریو دەن. ئەو لاوە خوێن
گەرمانەی، مەخابن بە چاوێکی سووکەوە سەیری خوێنی گەشی
خۆیان دەکەن. ئەوانەی کە بە ئاسانی لە پێناوی فیکرە هەرە
مەزنەکەی مانەوە خوێنیان هەراج دەکەن.
ئەویش هەندێ ئازاری کێشا، هەندێ؟ نەخێر گەلێ ئازاری کێشا.
ئەو باجی خەموخەفەتی هەموو بنەماڵەکەی دا، ڕووی سپی کردن و
کردینی بە بەشەر. بەڵام خۆی لە دەست دا. چونکە پەیمان ببووە
ڕوەک. بە ئاستەم هەناسەی دەدا. ڕوەکێکی خشۆک. بە هی ناوچە
ئیستواییەکانی دەکرد. چینێ عارەق لە سەر گەڵا پانەکانی کۆ
دەبوونەوە. گەڵای گۆشتن بوون و هەزارەها میکرۆ سینە لە نێو
موولوولەکانی دا وەکو کیسەڵێکی سڕ بوو، لە سەرخۆ هەناسەیان
دا. بە جەستە سەفەری نەدەکرد، بەڵکو بە نەست. بۆنی نەستی
چەندین کیلۆمەتر دەڕۆیشت. بە دارستانە شێدارە و تەڕەکانی
لێژاییەکانی ڤالێ دا تێدەپەڕی. ئەم دۆڵە سەدان کیلۆ مەتر دەبوو و
چەندین شار و شارۆچکەی داڵدەدابوو و تا دەهاتیش تەسک
دەبووەوە تا دەبووە دەربەندێک ئەو ناوچەکە هەناسەی لێوە دەدا. لە
سەرووشەوە چیا سەرکەشەکان بوون، بەفری هەمیشەیی لە سەر
لووتکەکانیان سەدە بوو نەدەتوانەوە. هاوینان بن بنارەکان
چۆڕاوگەیەگی پێدا دهاتەخوارەوە و وردە وردە ڕوەکی کەسکوونی
بەهاران ئەو دەورووبەرەی بە بۆنوبەرامە پاراو دەکرد. پەیمان لە

گەڵ ئەو رووەکانا چاوی دەکردوە. دەبێ چاو کردنەوەی رووەکێک لە چی بکات ؟ دەبێ زۆر لە خەونی ئاژەڵانەوە نزیک بێت. دەکرێ ئەم قوناغەی پەیمان بەو رووەکە_ئاژەڵە گۆشتخۆرانە بچوێنین کە لاقیان لە ناو قوڕە و سەریانیش وەکو ئاژەڵێکی ئەفسانەیی مێش و مەگەز قایم لە ناو گەلاکانی دەگرێت تا هەرسیشیان نەکەن پەڕەکانیان ناکرێنەوە.

ئا لێرە چمکی زەمەن وەکو بووچوونێکی دەرەکی بە تەواوی دەسڕێتەوە. لە سەر سنووری عەدەم و وجوود داین. لە نێوان بزووتنەوە و هەرەسهێنانین، لە نێوان کەوتنە خوارەوە و ئیدامە بەخۆدانین. واتە لە نێو فەزای بەرگریکردن داین. ئەم پانتاییە فراوانە_تەسکەی کە لە هەمان کات دا شناسنامەمان پێدەبەخشێ لە هەمان کاتیش دا دەبێتە زیندان. واتە لە ناو هەناوی بگرەوبەردە دا دەژین، لە سەر گوریسێکی گرژداین.

لە رووەیەکەوە بە خەونێکی قووڵ دەچێت، لە رووەیەکی دیشەوە بە زۆرانبازییەکی بێ کەنار.

ئەم حاڵەتەی پەیمان سەدان لاپەرەی مێژووی ئەو ژنە قەرەجە بوو کە بە تەواوی بریندار کرابوو.

هەندێ جاریش پڕ بە سینەی هەوای هەڵدەمژی و دەیوت ' پەکووووو' ئەم ئاداتی سەرسوڕمانەی هەندە بە کەشخەیی و ئەریستوکراتانە دەوت ئەوەی گوێی لێ بوایە هە حەزی دەکرد دووبارە و دەبارەی کاتەوە. بە تەواوی حوسێن حەقی بوو ئێرەییەکی ناجسنانە بە پەیمانا بەرێ، نەک تەنها ئەمە و بەس، بەڵکو حوسێن ئێرەیی بە تورکێکیش دەبرد دوای بیست و سێ ساڵ لە شاری ژنێف هێشتا بە فرەنکی سویسری دەوت لیرە. ئەمەش ببووە

ئەتواری ئەو.

***

پەیمان وەک ئەندازیاریکی بێ ئەزموون لە شەپیتۆکە ورد دەبێتەوە. سەیری بنمیچەکەی دەکات، بنمیچێک هەر وەکو تەونی جاڵجاڵۆکەش کۆتایی هاتووە و بە شریتی شینی تۆخیش، مەحکەمانە توند کراوە و بە شێوەیەکی لێزانانە گوریسەکان توند لێکتر هەڵکێشراون. تەماشاکردنەکانی بە هی ئەو میوانانەی دەکرد کە لە "دەشتێوە" دەهاتنە لای باوکی و قەدەرێک بە تەنها لە دیوەخانەکە دادەنیشتن تا جەنابی ئاغا تەشریفی دەفەرموو، ئیتر ئەو میوانانە چاویان وەکو مارمێلکە بە قەد دیوارەکانا هەڵدەگێڕاند و بنمیچەکانیان بە سەر دەکردەوە. ئەم هەڵسوکەوتە تەنها خۆ تەکاندن بوو لە تەپوتۆزی غوربەتی و جۆرە خۆ ڕەوینەیەک بوو لە سەدمەی دابونەریتی گوندیان و ئاغای گوند یا جۆرە ئولفەت پەیا کردن بوو لە گەڵ دەوروبەری نامۆ؟

بە هەرحاڵ دەمێکە پەیمان نەک تەنها لە شتی دەوروبەر ورد دەبێتەوە بەڵکو خۆشی زۆرجار فەرامۆش دەکات و خەونی ئەو شتانە دەبینی کە دەیبینین. ئەمەش بە پرۆسەیەکی غوربەتئامێز دەکرێ شی بکرێتەوە. پرۆسەی فرێدراوێکە بۆ سەرخاکێکی نائاشنا، بەڵکو فرێدراوێکی زەمەنێکی نامەئلووفە. مەرجیش نییە ئەم فرێدرانە تەنها پەناهەندەیەک بگرێتەوە، یا رۆمانسییەکی بەدەر لە شوێنگە و پێگەی خۆی ؛ بەڵکو زۆربەی خەڵکانێک دەگرێتەوە کە لە توانای کۆمەڵگادا نییە هەرسیان کات و بیانکاتە بەشێک لە پێکهاتەکانی خۆی.

شانزە ساڵێش بە سەر بە شیعربوونی پەیمان تێپەڕی و تەواو

گشت خاکی سویسرای بە سەرکردەوە و لە پەراوێزی پەراوێزان دا دەژیا.
ئێستاش بۆ گەمەیەکی شانۆیی بانگهێش کراوە و ناشزانێ چ رۆلێکی بەردەکەوێ. لە راستی دا ئەوەی ئەویش بیری لێ ناکاتەوە ئەم شانۆگەرییە کە بۆی هاتووە. پەنجا و یەک ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە. ئیتر تەمەن وەکو گلۆلەیەک غلۆر دەبێتەوە و وردە وردەش هەڵدەوەشێتەوە و تا لە قەراغ شەوێکی ساردوسڕی یەکجارەکی کپ لێی دەکەوێ. ئەم سەفەرەی بە رابواردنێک دەچوواند، هی ئەو پەناهەندە دەسبەتاڵانەی کە لە خانوویەکی سێ نهۆمی رێک و پێکدا، کۆمەڵ کۆمەڵ لە دەوری مێزێک دانیشین و تاوێ ئەزنیف و تاوێ دۆمینە و تاوێکیش لە رێگای نوستالژیایەکی کەمۆکەیەک گەوجانەوە گەڕەک و شەقامە تەسکەکانی رابردوو بەسەر دەکەنەوە و نازانین لە چ خەونێکیش دا فراوان و فەراح بووبن. یا وێنە کۆنەکان لە بەرک دەردەهێنن و کەللەکان لە یەکتر نزیک دەکەنەوە و سەیری رابردوو دەکەن. ئەم پەناهەندە خانوونشینانە، هاتوون لە ئەورووپا پاڵبدەنەوە. ئەورووپا پێش ئەوەی شوێنێک بێتە بۆ دابین کردنی ماف، شوێنێکە بۆ پاڵدانەوە. میللەتەکەی پەیمان هەر هەموویان حەزیان دەکرد بێن لەو سەنتەرانە وەکو خانەنشین پاڵبدەنەوە. میللەتێکی گەلێ ماندووە، پێش ئەوەی گسکێک بە بەردەم ماڵەکەی دا بهێنێ، بیر لە موجیزەی سەدەی بیستویەکەم دەکاتەوە.
بۆ پەیمان ئێستیسنایە! رەنگە ئەوەی پەیمان کەمێ جوداواز بێت! سەفەرەکەی بانگهێشێک بوو، بەلام نازانین چۆن گەیشتە ئەستە تێژەکەی. ئەویش هیچی لەو رۆژهەلاتییانە کەمتر نەبوو کە دوای

ەندین مەشقی عەقلانی و مەشقی راسیۆنالی و هەولدانی بێوچان
بۆ ئـەوەی هـەمـوو شـتێک بخرێتـە ژێـر تیـشکی مێشک و
ئەزموونگەرایی و ئیختیبارەوە، ئینجاش لە دوا تەلاش دا گەلێ کونج
کەلەبەر مابوون بۆ ناعەقلانی و خرافات و بڕواهێنان بە میتافیزیک
شتە ئەودیوییەکان تەرخان کرابوو. بۆیە ئەویش ئەم بانگهێشەی
بانگهێشێکی غەیبی لێکدایەوە. غەرەزێکی قوول و پەنهان لە ژێر
ئەم داوەتـە دا هـەیـە، بـەلام هێشتا زوو بـوو بۆ ئـەوەی سـەری
لێدەرکات. لە خۆی پرسێ " من چی دەکەم لێرە؟"
بۆنی شێیەک کەمێک ناخۆش، کەمێک گەنیو، کەمێک نارەحەتکەر
لووتی دەتۆزێنێتەوە و سەیری ئەو پەنجەرە بچووکە بەرزانە دەکات
کە رۆشـناییەکـی کـەمـی لێـوە دێنـە ژوورەوە هـەنـدەش نابـات
رۆشناییەکان لە ناو تاریکایی ژێر چادرە زەبەلاحەکە دەبوورێنەوە.
هەست بە ساردییەکی شێداری کەمێک سەغلەتکەر دەکات. لە سەر
جووتێ پێی سووک هەنگاو دەنێ. لە هەندێ لەحزە هەستێکی نامۆ
دەیتەنێ و لە دەرەوەی زەمەنەکان خۆی دەبینێتەوە.
هەر ئەم ئازادییەشە کە پەیمان دەمێکە دەیچێژێ. ئازادییەکی هەندە
رەهایە وەکو بارستاییەکـی لـێ دێت. دەیچێژێ بـەلام تامی ناکات،
وەکو ئەوەی ئازادییەکە ئەو تام بکات. ئەم حالەتەش گێژکەریی بۆ
دەهێنێتەوە. هەر ئەم گێژبوونەشـە وەکو مێوەی ئازادی پەیمان بۆنی
دەکات و تـامی دەکـات و هـەنـدێ جاریش بـە تـەواوی سـەرسـامی
دەکات.
ئایا نـابێ ئـەم تورهـەلدرانـە بـەرەو دەرەوی زەمـەن بـە جۆرە
خەلاتێک سەیر بکرێت؟ ئایا ئینسان لە بارستایی ئەم وجوودە رزگار
ناکات و هەر ئەم نێرڤانەیەش نییە کە شاعیران هەولی بۆ دەدەن؟

خەلاتی ئازاریکی مەعنەویی نییە کە پێشکەشی پەیمان کرا بێت؟
هەنگاو دەنێت و وەکو حەیوانێکیش بۆن دەکات. دیسانەوە پەیمان نەستە تایبەتەکانی دەبووژێنەوە بۆنی ئاردی سووتاو دەکات، بە ئاستەم بۆنی سووتانی کەرەی مانگای دەشتاییە کەسکەکان دەکات. بەڵام ناشزانی چ حیکمەتێک لەم بۆنە تایبەتە دا هەیە وا ئێستا بوونی دەگەڕێنێتەوە چەند سەدەیەک پێش ئێستا. ئەرێ بۆنی ئاردی سووتاو هەموو زاکیرە سەرەتاییەکانی ئینسانییەت دەبووژێنێتەوە؟
نەستە سەرەتاییەکانی پەیمان وەکو مارمیلکەیەکی سەرەتای بەهار، بە سەرخۆ و بە ئاسپایی لە ژێر گڵ سەردەردەهێنێ و دەمێکیش دیققەتی راست و چەپ دەدات و پاشان ئاودیوی دیوی هەتاوینی دونیا دەبێت. ئا لەم دیوە رووناکەدا خۆی دەداتە بەر ئەم گەرماییە پێویستەی کە نەبز و حەرەکەتی دەداتێ.

دوا خەونی حوسێن

حوسێن جزمەیەکی تا سەر ئەژنۆی لە پێیە و بە هەڵەداوان لەم چادرەوە بۆ ئەو چادرە هەڵپە دەکات. دوو پاسەوانیش وەکو دوو مێش لە کۆڵی نابنەوە. ئوزن حوسێنی پێ دەڵێن، بەڵام هەر باڵا کورتەکەی جارانە سەرەرای ئەوەی مەملەکەتی خەون ئەو لەقەبە تورکەی پێ بەخشیوە کە ئەگەر تەرجەمەی بکەین دەبێتە حوسێنە درێژ. بەڵام لە خەونەکە، حوسێن هەست دەکات چوار شانە و کەتەیەکی بێ هاوشانە لەو مەیدانەی کە هەزارەها چادری لەشکری تورکان هەڵدراوە و بە سەر سەدانیشیان ئاڵای هیلالی تورکی دەشەکێتەوە، هەست دەکات رەشمەی دونیای توند لە چنگ دایە. رێک و راست تەمەنی قۆماندانێکی تورکانی هەیە. سی و پێنج

زستانە تەمەنی. مێردمنداڵ حوجرەی فەقێیان جێدەهێشت و هەندەشی نەبرد کەوتە بەر ئۆردوگای بەرەی ڕۆژئاوای ئمپراتۆرییەت، گسکێکی سوڵتانیی لە زاکیرەی دەدا و ئیتر دەبێتە سەربازی جیهادی ئەوحەد.

دەمێکیشە لە بەرەی ڕۆژئاوا دەستی ڕاستی وەزیری گەورەی ئەو لەشکرەیە کە دوو مانگ زیاترە لە لایەن سێ سەد هەزار سەربازەوە، شاری ڤییەننایان ئابلۆقە دراوە. بەڵام دەمێک نییە قەرە مستەفا مەدالیای لە سوڵتانی دەروازەی بالاوە پێ بەخشراوە. مەدالیاکەش بە ئۆیەیەکی ڕەشی لە ئاوریشم دروستبووی زۆر قایم هەڵکێشراوە و ڕەشترین خەڵاتە کە تا ئێستا پێی بەخشرابێت و لە هەمان کاتیش دا جێی دڵخۆشی وەزیری گەورەیە. قایم وەکو ئێستای ڕەشیش وەکو داهاتووی.

قەرەموستەفا سێ جاران تەڵاق دەخوات کە تا دوا دڵۆپ خوێن بجەنگێ و دەروازە زێڕینەکانی بەرەی ڕۆژئاوا بۆ موسڵمانان بخاتە سەر گازەرای پشت بۆ ئەوەی بە کەیف و ماشای خۆیان قەپاڵ لەو سێوە زێڕینە بدەن کە سوڵتانانە ئەم ناویان بەخشیوەتە شاری ڤییەننا. " ئاڵتوون ئەڵمەسی" بە داوێکی نهێنییەوە بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە. کاتێکیش قەرە مستەفا و ئوزن حوسێن دەمەو عەسران بە دەم مێوژ خواردنەوە لە قەراغەکانی شار نزیک دەبنەوە، لە ئاسۆی شارەوە سێوێکی ئاڵتووتی دەبینن وەکو تاجێکی سەر شارەکەیە و هەردووک ئاوێکی سوێر لە نێو کاکیلەکانیان دەزێ. حوسێن هەموو شتێکی کە پەیوەندی بە ڕابردوویەوە هەبێت لە دەست داوە، تەنها ئەو ئەکسان و لەفزە کرمانجییە نەبێت کە بە بێ ویست دەخزێتە نێو ڕستەکانییەوە، بە تایبەتی کاتێ: یا ماندوو دەبێت

یا تورە و دوڕدەنگ دیارە. ئەمەش یەکێکە لەو گوناهە گەورانەیە کە قەرەموستەفا قەد لێی خۆش نابێت.

باشە چۆن تەلاقی قەرەموستەفا دەکەوێ لە کاتێک دا هەزار و پێنج سەد کەنیزە و جارییەی لە گەڵ خۆی هێنابێت. لە دەواری وەزیری گەورەشەوە بڕوانی تا چاو بڕ دەکات کوێلە و کارەکەرن، لەم دەوارەوە بۆ ئەو دەوار فرتە دەکەن. ئوزن حوسێنیش لە چادرەکەی بەرامبەری هەر سێ ژنەکەی خۆی هێناوە : فرانچێسکا و ڤیرۆنیک و نیشتیمانی تازە بووک.

شەوی هەینی لە سەر شەممەیە. قەرەمستەفا بڕیار دەدات کۆتایی بە ئابلۆقە بهێنرێت و شاڵاوی یەکجارەکی دەست پێبکات. حوسێن و تیپی تونێل هەڵکۆڵین دەمێکە دەست لە کارن و خەریکن تونێلێک هەڵدەکۆڵن بۆ ئەوەی لە ناوەندی شارەوە دەرپەڕن. ئەم هونەرە جرجییە تاسەیەک دەبەخشێتە ڤیرۆنیک و ئەم ئێوارەیە نارەحەت دیارە. هەر سێکییان خۆیان گرمۆڵە داوە و جار ناجارێکیش حوسێن دەگەڕێتەوە لایان و تۆپەڵە هەویری پێیە و دەیکاتە گونتک و دەیپەستێتە دەمی ڤیرۆنیکەوە و بە قاقایەکی نەجیبانە و بە ئاوڕدانەوە دەوار جێدەهێڵێ.

تیپەکەش بە باشی پێشکەوتوون و نزیکی سەنتەری شار بوونەتەوە.

بەرەبەیانە. سەرتاپای خەڵکی شاری ڤییەننا نووستوون، تەنها نانەواکان نەبێت کە خەریکی دروستکردنی نان و سەموونن بۆ دانیشتوانی شار نان. یەکێ لەو نانەوایانە ئەمانوێل بوکەرە کە باپیرە گەورەی ڤیرۆنیکە. خەریکی هەویر شێلانە. کابرایەکی بە خۆ و چوارشانەی سپیکەلانەی نوکتەچییە. خۆی و کوڕە گەورەکەی لە

نانەواخانەکەن. بەیانییەکی هێمن و سایقەی سامالە و ئەستێرەیەکی زۆریش بە دەرەوەن. جار نا جارێک بۆ حەسانەوە سەرێک لە دەرەوە دەدات و هەوای پاقژی سەرەتای خەزان هەڵدەمژێ و بە بازووە توکنەکەشی زەنگوڵە عارەقەی کۆبووەوەی سەر تەوێڵی دەسڕێتەوە. کاتێک دەگەڕێتەوە سەر تەشتە هەویرەکەی، قەدەرێک سەیری هەویرەکەی دەکات و داڵغەیەکی کورت دەیباتەوە. هەست دەکات ژێر پێی دەخورێ و سەری شۆڕ دەکاتەوە و هەردوو پێڵاوە چەرمەکەی دەبینێ. وەکو ئەوەی هەردوو پێڵاوەکەی لە سەر ئیقاعێکی ڕێک : تەپ...تەپ....تەپ. بە ئاستەمیش تەختە ڕیزکراوەکانی ژێر پێی بلەرێتەوە. هەڵوێستەیەک و :

- داڤید، کوڕی خۆم داڤید!

بانگی کوڕەکەی دەکات کە لە ژوورەکەی تەنیشت خەریکی کاری دییە.

ئەمانوێل بوکەر سەرەتا وا بیر دەکاتەوە کە ڕەنگبێ هۆی ئەشک و شەونخوونی بێت ئەم هەستە تایبەتەی لە لا دروست کردبێ. داڤیدی کوڕی خێرا دەگاتە لای باوکی و باوکیش بە پەنجەی دۆشاومژە ئاماژەی ئەوەی بۆ دەکات کە وس بێت. ئەویش لە شوێن خۆی متق لە خۆی دەبڕێ : تەپ....تەپ...تەپ. دووبارە دەبنەوە!

تیپەکەی حوسێنن وا لە ژێرەوە بە باڵتە و قازمە دەمی تونێلەکە دەکەنەوە. کوڕەکەی ئەمانوێل یەکسەر تێدەگات...

هەردووک خێرا دەچنە نزیکترین مەخفەری شار و ئاگاداریان دەکەنەوە. هەندە نابات دژەشاڵاو ڕێکدەخرێت و پیلانی تونێلەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە و هێرشێکی تەواو ساز دەدرێت و لەشکری تورکان بە تەواوی تێکدەشکێنرێت. ئەم سەر و ئەو سەری

تونێلەکەش کونبەست دەکرێت و وەکو جرجیش سەربازی سوڵتان لە کونەوە فرتە دەکەن و لەو کون خۆیان دەشارنەوە.

ئەم تێکشکانە سەتاپاگەرییە لە رووی سەربازی و سیاسی و شارستانییەتیشەوە دەلالاتەکانی تا رۆژی ئیمرۆشمان هەر لە کارایە. نەک تەنها وەزیری گەورە ددانی لەو سێوە ئاڵتوونییە گیر نابێت کە دەمێک بوو خۆی بوو ئامادە کردبوو و پیلانی بۆ دادەنا و هێز و وزە وکاتێکی زۆریشی خۆی لەو رێگایە خەرج کردبوو، بەڵکو بووە ناخۆشترین کابووسیش بۆی. پاش ئەوەی بارەگای زستانەهاواری بۆ بێلگراد دەگوازێتەوە بە تەمای ئەوە دەبێت بۆ بەهاری ئاییندە شاڵاوێکی دی ئامادە بکات، بەڵام ئەوانەی لە دەوروبەری سوڵتان دەبن، دەیهێننە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێ قەرە مستەفا لە ناو ببرێنرێت. ئەوە بوو لە ٢٥ دیسەمبەری ساڵی ئایندە قەرە موستەفا لە بێلگراد هەر بە هەمان ئەو ئۆیە رەشە زۆر قایمەی کە مەدالیاکەی پێوەهەڵواسرابوو هەڵیدەواسن و هەزار و پێنج سەد کەنیزە و جارییەکانیش پەراگەندەی دونیا دەبن.

لە گەرمەی ئەم پاشاگەردانییە، حوسێن بە خێرایی با خۆی دەگەیەنێتەوە ژێر خێوەتەکەی و دەیەوێ ژنەکانی کۆ بکاتەوە. دە دوانزە مەتری ماوە بگاتەوە ژێر چادرەکە جزمەی پێی راستی لە قوڕێکی خەستی چرێشین گیر دەبێت. بێسوودیش هەوڵێکی زۆر دەدات، گۆرەوەیە خورییەکەی لە ناو عارەقێکی لینج دایە و لە پڕێکدا قاچە تووکنەکەی بە تەنها و بە بێ جزمە دەردێت. هەموو هێزێک دەداتە خۆی بۆ ئەوەی پێیەکەی دی دەرکات، بەڵام هاوسەنگی لە دەست دەچێت بەردەبێتەوە نێو قوڕاوەکە. کاتێکیش بە خێرایی هەڵدەستێتەوە و بە هەڵەداوان بە تاکی جزمەوە را دەکات، کە

دەگاتەوە بەر دەرگای خێوەتەکە دوو پاسەوانەکە نابینێ و بە پرتاو دەچێتەوە ژوورەوە هەر سێ ژنەکەی دەبینێ خۆیان پەستیوەتە نێو بزگوڕی شێواو و تێکئالاو. حوسێنیش مشەوەش دیارە.

سەیری ئەو شەش چاوە تۆقیوانە دەکات وەکو شەش چاوی پشیلەی پەشێو سەیری قۆماندانی هەرەسهێناو دەکەن. هەرەسێکی گشتییە و گەورەترین تێکشکانیش لەو مەیدانە دەقەومێ. مانگێکی گەشیش لە ئاسمانێکی سامالەوە چرووسکە لە رمە و شمشێرانە هەڵدەستێنێ کە نووکەکانیان چەقیونەتە نێو چلپاوی هەرەس و مەیدان جێهێشتن. مانگێکی تەزیو بەڵام گەش.

حوسێن هەست دەکات ئەمە دوا شەوە لە ژیانی، کەواتە دەبێ دوا تۆڵەی خۆی لە ڤێرۆنیک بکاتەوە. لێیان دەچێتە پێشەوە و پێلی ڤێرۆنیک دەگرێ و رایدەکێشێتە نێوەند خێوەتەکە و بەرامبەر بە فرانچێسکا و تازەبووکەکە رووتی دەکاتەوە دەست بۆ پشتێنی شەرواڵەکەی دەبات و بە پەلە پشتێنێکەکەی دەکاتەوە و تووڕی هەڵدەدات و دەرپێیە خامە بۆرەکەی دادەکەنێ. مرادخانییە نەراوییەکەی دادەکەنێ و تووڕی هەڵدەدات و دەستەوپلە نەراوییەکانی بە شەرواڵەکەی دەسڕێتەوە و ڤێرۆنکیش زارەتەرەک، تۆقیو دیارە.

حوسێن دەمرخێنێ و سەیری راست و چەپی خۆی دەکات و لە پڕێکدا قەرە مستەفا بە خۆی تەوریکەوە خۆی دەکووتێتە ژێر دیوارەکە و ئوزن حوسێن و ڤێرۆنیک بروکەر دەبینێ وەکو کەروێشکێکی تاساو کەوتووتە سەر عەرزە کزرەکە. قەرەمستەفا ئەم تێکشکانە لە سەر ئەستۆی سەرداری تونێلەکە دەبینێ و تا هێزی تێدابێ هاوار دەکات :

- گاور ئۆغڵ گاوری.

حوسێنی رووت و قووت ئاورێکی شێتانە دەداتەوە و تەورێکی تیژ دەبینێ کە مانگێکی تەزیویش قەراغەکانی رۆشن کردۆتەوە. لێی نزیک دەبێتەوە و تا هێزی تیایا، قەرە مستەفا تەورەکە راست دەکاتەوە و ....

***

تاکو ئێستاش، پەیمان بۆنی ئاردی سووتاو مێشکی تەنیوە.

هەتاو هەڵاتووە و جەژنە لە شاری ڤییەننا. ئەمیر لیۆپۆلد هەموو نانەواکانی شار داوەت کردووە و یەک بە یەک خەڵاتیان دەکات. ئەگەر ئەوان نەبووانایە، یا راستر ئەگەر باپیرە گەورەی ڤیرۆنیک نەبوایە چی رووی دەدا؟ حوسێنەکان هێرشیان دەکردە شار و گەورەترین قەسابخانەیان دەنایەوە و بەها رزیوەکانی تورکانیش بەسەر شارا دەشەکایەوە.

گرینگ ئەوەی رووی دا : بە هۆی ئەم سەرکەوتنەوە نانەواکان بیر لە دروستکردنی سەموونێکی چەوری لە کەرە هەڵکێشراوی تایبەت دەکەنەوە کە شیکلی هیلالی سەر بەیداغی تورکانی هەبێت و دەبێتە داپیرەگەورەی ئەو کرواسانەی کە ماری ئەنتوانێت دەیهێنێتە کۆشکی ڤێرساوە. ئەو کرواسانە نەرم و گەرم و چەورە بوو کە ڤیرۆنیک سێ سەدە درەنگتر ویڕای نامەیەک لە بەردم دەرگاکەی حوسێنی دادەنێ لە کاتێک دا خۆی و جزرەییەکە لە دیسکۆ سەمای شێتانە دەکەن و تا رۆژهەڵاتیش ئەو لەشەی نەرمونۆڵەی پێشکەشی ئەو شوانە دەکات کە تەنها دوو مانگ بوو دیاربەکری ژان و خەفەتی جێهێشتبوو. رۆژی دوایی جزرییەکە هەندێ شیعری خانی بۆ ڤیرۆنیک هەر بە کرمانجی دەخوێنێتەوە. ئەرێ خانی تەمەنی چەند

بوو کاتێک قەرە موستەفا لە بەرەکانی ڕۆژئاوا نەوسنانە دەیڕوانیە سێوە زێڕینەکەی قیەننا؟

کاتێک پەیمان بە نێو کووچە پێچپێچەکانی زەمەنەکانا پیاسە دەکات، بۆنی زۆر شتی دیکەش دەکات. بۆنی تاڵە خوێنێک دەکات لە مێژایە تک تک دەرژێتە سەر ویژدان. پەیمانی ئازاد، پیاسە دەکات و بۆن دەکات.

## ژووری ئەکسەسوار

با بزانین چی بە سەر ئەو ئەکتەرانە هات کە ئازاد هەورامی و زەرەنگ لە پێناوی نمایشکردنی شانۆنامەیەک، لە ژێر ئەو شەپێتۆیە کۆیانیان کردبوونەوە و تا ئێستاش کەس نازانی ناونیشانەکەشی چییە! ئاگاداری ئەوە هەیەن کە پەیمان پیاسە شیعرییەکانی خۆی دەکات و بە شێنەییش بۆنی رابردوو و داهاتوو دەچزێتە کەپووی و بە حەپەساوییش سەرنجی هەندەسەی ئەم دەوارە زەبەلاحە دەدات. ئەوەش دەزانین کە حوسێنی قەلەندەر لە نێو خەونە کەستەکییەکانی دایە و خۆی تەیار داوە بۆ ئەوەی لە خەو هەڵسێت. مەگەر تەنها تەورەکەی قەرە مستەفا لە خەو هەڵیسێنێت، ئەگینا ئارەزوومەندە لە نێو ئەو کۆڵانانە سەرداریی دونیای خۆی بکات. کاکلی دەرهێنەریش گەڕاوەتەوە ژوورەکەی خۆی و بە تەنیا لە سەر قەرەوێلەیەک پاڵکەوتووە. مەبەست لەو پاڵکەوتنانەیە کە پەناهەندان چێژێکی نوستالژیانەی تایبەتی لێوە دەبینن. رابردووی دوور دەهێننە ژێر میچەکە و لێی رادەمێنن. هەردوو دەستیش دەنێنە ژێر سەر و کوردانە سەیری بنمیچی ژوورەکە دەکەن و بیر دەکەنەوە: واتە دالغە لێدەدەن. عومرێک وەکو کەفی سابوون لە پێش چاویان

هەڵدەتۆقی. سمکۆیش ئەورووپیانە لە سەر قەنەفەیەکی زلی لە چەرمدروستبوو، دانیشتووە و بە دەم قاوە خواردنەوەوە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە سەر خۆ هەڵدەداتەوە و لە دوا لاپەڕەوە بەرەو لاپەڕەی یەکەم دەگەڕێتەوە. ئەمەش خوویەکی تایبەتی ئەو بوو. لەم ماوە کورتەش دا ئازاد هەورامی چووبووە سەرەوە و هەندێ کەس ببینی. کچەقژ زەردی کارمەندیش خەریکی دەرپەڕاندنی کاروباری ئیداری و سەفەری ئەکتەرەکانە.

مەسیفی و زەرەنگیش بەرامبەر بە توالێتەکان ڕاوەستاوون و بە دەست ڕاوەشاندنەوە پێکەوە قسە دەکەن و پێشی دەچێ پێکەوە گونجا و تەبابن. زەرەنگ دەمێک بوو بێوچان قسەی دەکرد و واشبزانم باسی چالاکییەکانی خۆیانی بۆ دەکرد و جارناجارێکیش سەیری لای ڕاستی دەکرد و دەستی بۆ ئەو ئاڕاستەدا ڕادەکێشا و جارێکی دیش بۆ لای چەپ. وابزانم باسی ژووری ئەکسەسوارەکەی بۆ مەسیفی دەکرد :

_ بۆ نا! گەر حەز دەکەی هەر ئێستا پێکەوە دەچین و پیشانت دەدەم.

مەبەستی ژووری ئەکسەسوار و جلوبەرگ و ماکیاژکردن بوو.

مەسیفیش زۆر بە دڵخۆشی و بە کەیفەوە :

- وەڵا حەز دەکەم. هەرکاتێک دەرفەتت بۆ هەڵکەوت دەچین دەیبینین.

- دە با بڕۆین، هەر ئێستا با بڕۆین.

پێکرا بەرەو ژووری ئەکسەسوارەکە دەچوون، جارێکی دیش دەمامکورچەکە پەیدا بووەوە و سەیری مەسیفی کرد :

- دەزانم بۆ کوێ دەڕۆن هەی زاڵمانە. مۆڕەیەکی لە هەردووکیان

کرد و زەرەنگیش دایە قاقای پێکەنین.

- بە بێ ئانوسات هەمیشە خەریکی قۆشمەی خۆیەتی ئەم کافرە!

تا ماوەیەکیش مەسیفی هەر ئاوڕی لێ دەدایەوە و وەکو ئەوەی ترسێک چووبێتە ژێر پێستەکەیەوە.

گەیشتنە پێش دەرگاکە و زەرەنگ کلیلێکی لە بەرکی دەرهێنا و دەرگاکەی پێ کردەوە و دەستی بۆ سویچەکەی دەستی راستیش برد و هەموو گڵۆپەکانی داگیرساند و لە ناوەندی ژوورەکەش چلچرایەکی زل و قورس شۆڕ ببووەوە. ڕیزێ کانتۆر دەبینران و هیچیانیش کلیل نەدرابوون. بە دەستی راستیش ئەکسەسوارێکی زۆر، هەندێکیان هەڵواسرابوون و هەندێکیشیان و لەسەر یەک کەڵەکەبوون، داندرابوون. بە قەد دیوارەکەشدا قەڵغان و شمشێر و خەنجەر و رم و دەمەداس و شەنە و رەشمە و مێغنجیر و مەسینەی باغەی رەنگاورەنگ کە عەورەتی بیر دەهێنایەوە و چەقۆیەکی زلیش لە سەر هەموویەوە شۆڕ بۆتەوە و لە سەرەوەش تەورێکی دەسک رەشی پتەوەیش لە سەرەوەی چەقۆکە، بە لاری هەڵواسرابوو.

زەرەنگ بە هەردوو دەست دەرگای کانتۆرێکی کردەوە، خشڵ و زێر و زیوی قەستیلانە چرووسکەیان دەهات، بەڵام هەندە وەستایانە دروستکرابوون کەسێک هەستی نەدەکرد کە راست نەبن. ئەمووستیلە و تاسکڵاو و گۆبەرە و ملاونکەی جۆراوجۆر و بازنگ و قردێلە و بارۆکەی هەمەچەشن و تاخمی ماکیاژ هێشتا قەپاخەکەشی هەڵندرابووەوە، بە جوانی ریزکرابوون.

- پیباح!!!

مەسیفی زۆر بە ئیعجابەوە سەیری دەکردن و چاوی بەقەد دوو زێر پیالە کردبووە.

زەرەنگیش بە وەلام دانەوەوە :

- کورە هێشتا چیت بینیوە هەڤاڵ.

دەستی بۆ کانتۆرێکی دیکە برد و کردییەوە. ئەم کانتۆرەیان پڕی لە جلوبەرگی پیاوانە بوو. شەرواڵ و مرادخانی، کڵاو جەمەدانی سوور و رەش، فەقییانە لە ئاوریشمی سپی دروستکراو، پووزوانە و دەیەها پژدێنی رەنگاورەنگ و تەنکی وا کە لەوەوە پێش کەس چاوی پێ نەکەوتبوو. ئەم رەنگ و ئاڵاوواڵایانە سەردەمێکی کۆنی بیردەخستینەوە کە تەنها رۆژهەڵاتناسان یارمەتیان داین کە کۆکردنەوەی زاکیرەیەکی وەردوخاشبوو. بەرامبەر ئەم دونیا تایبەتە مەسیفی بە تەواوی دەحەپەسێ و تەزوویەکی شیرین لەشی داگیر دەکات و دڵخۆش دیارە. سەیر، تەزوویەکی راز دەچێتە ژێر پێستی و قەدەرێک باخچەی تەنهایی دەبووژێنێتەوە، بەڵام هیچ ناڵێت.

زەرەنگ هەست دەکات کە مەسیفی کامەران دیارە، بۆیە هەندەی دیکە حەماس دەیگرێ و دۆڵابەکانی دیکەی یەک لە دوای یەک بۆ دەکاتەوە. ئەمیان جلوبەرگی شارستانانەیە، ئەویان جلوبەرگی ژنانەیە بە کوردی و شارستانیانەوە. یەکێکیان تەنها بۆ پێڵاو دانراوە، هەموویان زۆر بە جوانی لە سەر رەفەکان ریزکراون. پاژنە بەرز و فلات و ئەتڵەسی و پەنجەرەدار و هەندێکیانیش نووک تیژ و چرووسکەیان لێوە هەڵدەستێت و هەندێکیان پاژنەکانیان پان و بەرزە و هەندێکیشیان وەکو قابقاب وان و هەندێکیشیان بە کەوشی کۆن دەکەن. جگە لە کڵاشی جووتیارانە خۆماڵی کە لێوارەکانی بە چەرمێکی ئەستووە وەکو شوورە لە تەرایی دەیپاراست، داندرا بوون، جووتێ کڵاشی هەورامی لە سنووقێکی شووشەی شەش پاڵوو داندرابوو. هەر هەمووشیان هێشتا کەس نەیکردوونەتە پێ.

ئەم دیمەنە دلگیرە حەزی شانۆ جارێکی دیکە لای مەسیفی دەبووژێنێتەوە و دالغەیەکیش دەیباتەوە و بە ژێر لێوەوە وەکو ئەوەی لە گەڵ خۆی بدوێت :

- باشە بۆ دەسبەرداری ئەم هونەرە رەنگینە بووی هەی قورمساغ؟

***

ئازاد بە خێرایی بە پەیژە دەسکردەکانا دەهاتە خوارەوە و کچەقژزەردەکەش بە دوایەوە بوو و گەیشتنە بەرامبەر ماکینەی قاوەکە و سمکۆیش سەری هەڵبڕی و بە ئازادی وت :

- ها چییە خارە، مشەوش دیاری؟

- سمکۆ گیان هیچ نییە، ئەو رەمزی هاتووە و ئەمیش دەچێتە شوێنی.

دەستی بۆ قژزەردەکە درێژ کرد.

سمکۆ هەر لە بەر خۆیەوە و دەستی بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی رۆژنامەکەی کردەوە و وتی:

- ئای رەمزی، مەگەر هەر خوا بە خۆی بزانێ لە کوێەوە دێی!

تا نزیک دەرگا زلەکەی دەوارەکە رۆیشتن و ئازاد کارتۆنێکی دایە قژ زەردەکە و یەکتریان جێهێشت.

***

گەڕاینەوە لای تەختەی شانۆکە، خەونەکەی حوسێن تا دەهات سووک دەبوو. منیش هەستم دەکرد قەرە مستەفا تەورەکەی بە تەواوی راست کردۆتەوە و هەر هەندە نابات رایدەوەشێنێ. قەرە مستەفا کابرایەکی کەتە بوو، چوارشانە و بە خۆ، خۆێن تا کەللەی سەری بەرز بۆتەوە و لەوێ مەنگی خواردووە و سپێنەی هەردوو

چاوشی ئال هەلگەراون. گەراوەتەوە نێو قوزاغەکەی خۆی. حوسێنیش هەردوو چاوی زەق و زارەتەرەک بە پشتا چاماوەتەوە. هێلێکی زیوین، باریک، تیژ، هەشتا سانتیمەتر زیاتر دەبوو بە هێزێکی حەیوانانە بەرەو ناوەندی کەللەی حوسێن لە نێو چرکەدا بە خێراییەکی گێژکەر دابەزی.........

حوسێن وەکو شێت راپەڕی. کاتێکیش خۆی لە سەر تەختەی شانۆ نیمچە تاریکەکە بینیوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و سەر و قژە بژەکەی کە لە زۆرلاوە سپی هەڵگەرابوو، راوەشاند و دەمێک سەرتاپای ئەو خەونانەی کە بینیبووی پچڕ پچڕ دەهاتنەوە بیری و تەنهاییەکشی وەکو پەقرەنجی ئاوی سارد هێنایەوە ئاستی واقیعێکی بێتام.

پێش ئەوەی هەڵسێتە سەر پێ، هەردوو ئەنیشکی خستە سەر ئەژنۆی و سەری شۆر کردەوە. حوسێنیش لەو کەسانە نەبوو لە مانا شاراوەکانی خەون بگەڕێ. بە نیسبەت ئەوەوە خەون خرافاتە. نە رابردوو لێکدەداتەوە، نە داهاتووش دەخوێنێتەوە. لە راستی دا ئەمە کێشەی وی نەبوو. هەڵسایە سەر پێ لە سەر تەختەکە هاتە خوارەوە. ئەمجارەیان وێنەکە سەرنجی رانەکێشا و نەیبینی و هەستی بە بوونی دەسکە گوڵە لاستیکییەکەش نەکرد. گەڕایەوە لای مەکینەی قاوەکە. دەتوت بەرامبەر ئەو مەکینەیە بارەگایەکی کاتیی ئەو ئەکتەرە پەناهەندانەیە. ئەمەش شتێکی ئاساییە. پەناهەندە زۆر خێرا خوو بە شوێنێکەوە دەگرێ. شونێکی هاکەزایی، زۆرجاریش لە مانا رووت بووەوە. شوێنێکە تەنها دەلالاتی ئاشناییەکی درۆزنە دەبەخشێ. هەر هەمان پەناهەندە دوای چەند مانگێک، چەند ساڵێک بێزشێ نایەت بیر لەو شوێنانە بکاتەوە، چونکە بێمانایی خۆی

لێکدەداتەوە.

مەکینەی قاوەکان شوێنی یەکەم بوو کە ئەم ئەکتەرەکانی گرتە خۆ.

کاتێکیش حوسێن گەڕایەوە ئەو شوێنە، زیاد لە پێوەست پێویستی بەو شوێنە بوو. سمکۆیش بەترانانە لاپەڕەکانی خۆی هەڵدەدایەوە. بێ ورتە لە سەر قەنەفەکە دانیشت. سمکۆیش ئاورێکی لێ دایەوە و کەمۆکەیەک سەرنجی سیمای ئەم قژبژەی دا و گەڕایەوە سەر ڕۆژنامەکەی. سمکۆ ئەکتەرێکی واقیعی بوو. ژیان بۆ وی پێش هونەر دەکەوت. ناوچەی ئازادی وا هەڵنەدەکەوت بۆ ئەوەی ئەم دووە پێکەوە ئاشنایەتییەکی وا پەیا کەن کە لە داهاتووی نزیک و دوور دا تامەزرۆی ئەوە بکەن کە یەکتر ببیننەوە.

هەندەی نەبرد گەلاڵەیش بە ڕۆحێکی تازەوە، بەڵکو پێستێکی تازە لە سەر پێستە کۆنەکەی بە ئاسپایی نیشتۆتەوە و دە پانزەساڵیش گەڕابووەوە دواوە. چرووسکاییەکەی جاران وێڕای ئەزموونێکی نوێ ڕژاونەتە نێو هەردوو چاوی و زەردەخەنە بەنەوشەییەکەی جارانیشی وەکو شەوبۆ تاموبەرامەیەکی خۆڕسکیان داوەتە سیما نەرمونیانەکەی. مەسیفی خاوەن پێستێکی ناسک بوو، خێرا دەبووژایەوە، پێستی ئەو ئینسانانەی هەبوو زۆر بە گوڵی سروشتیان دەکرد. زیاد لە پێوێست هەستیار، زیاد لە پێویست ناسک. کاتێک گەڕایەوە بارەگا وەکو ئەوە وابوو کە لە ئەشکەوتەکەی عەلی باباوە گەڕابێتەوە. بە کورتی گەلاڵەی بە ئینسانێک دەچوو کە لە خشڵ هەڵکێشرابێت. جا چ گرنگییەکی هەیە کە ئەو خشڵانە خشڵی ڕاست بن یا درۆ. ئەمەش یەکێکە لە نهێنییەکانی دونیای شانۆ. شانۆ درۆیەکێ زلە حەقیقەتەکان کەشف دەکات. نەک وەکو ئەوەی کە حوسێن لێی تگەیشتبوو. ئەو وای

دەزانی شانۆ حەقیقەتیکی گەورەیە درۆکان کەشف دەکات.

گەیشتە ئاستی هەردووکیان. سەیریکی سمکۆی کرد و پاشان سەیریکی حوسێنی کرد. بێدەنگ. وەکو زەمانی زوو لە سمکۆ نزیک بووەوە و چمکێکی رۆژنامەکەی گرت و کەمێ رایوەشاند و بە سمکۆی وت :

- دە توخوا واز لە موتالەعە بێنە. دە دوو قسەی قۆرمان بۆ بکە.

حوسێن سەری بەرز کردەوە و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد.

جاریکی دیش :

- کوانێ جەماعەت لە کوێن؟

سمکۆیش :

- کورە چسوانم. کاکل لە سەرێیە و پەیمانیش پێش هەندەک لێرووکانە بوو...رەمزیش وا بەڕیوەیە... خانمی قژ زەرد چویتە شوێنی.

***

بنمیچەکە چەمەنتۆیەکی ساردی سپییە. چ وەسفێکە بۆ ئاسمانە بێگەردە چکۆلانەیەی کاکل! تەنها هەر چوار مەتر دەبێ مەودای نێوان نیگا و بنمیچی ژوورەکە. ئەم مەسافەیە روانگەکانی ئێستای دیاری دەکات. ماندوو نییە بەلام وەکو بلێی مێشکێ بە تەواوە بەتاڵ بێت وایە. هەموو پەناهەندەیەک بەم لەحزانە ئاشنایە. ئەم لەو رەگەزەیە کە نایەوێ لە گەڵ خۆی درۆ بکات. ئەو نالێ من غەریبم و نانووزێتەوە. بەلام هەندێ جار بیر لە گەڕەکە پیس و پۆخڵەکەی دەکاتەوە، بیر لە شتی سادە و بەسەرچوو. بیر لە شتی بێ سوود دەکاتەوە. نایەوێ تۆنێکی تراژیدی بداتە ژیان. هەست دەکات دەرهێنەرە، دەتوانێ بە خۆشی بلێ ئەکتەر. هەندی خەواتیریشی

نووسیوە، هیچیانی بڵاونەکردۆتەوە.

ئەو دەڵێ " من لە تەمەنی بیست و چوار ساڵ بە فەرەنسی جارێکی دی لە دایکبوومەوە. با بە رەچەڵەک خەڵکی کوردستان بم، بەڵام باوەڕم بە رەگ نییە، من باوەڕم بە ڕێگاکانە، چونکە رەگی تەواو هەمیشە چەقیوەتە نێو قوڕێکی خەست و ناوچەیەکی تاریک، بەڵام ڕێگا بەرەو جووڵانەوە و ڕۆشنایی دەچێت". کەواتە کاکڵ سنوورەکان ناناسێت.

بیست ساڵ زیاترە لە دەرەوەیە. دەخوێنێتەوە. شتی خراپ و باش. هەرچەند وا هەست دەکات بە کوردی شتی باش نانووسرێت. ئەو وا بیر دەکاتەوە. وەچەی ئەو و ئەوانەی دوای ئەو جیاوازە. ئەو بەتران نییە، توانای ئەوەشی نییە شتێک لە دوو ڕووی زۆر جیاوازدا ببینێ. بەڵام زۆر بە باشی گشت ئەو ساڵانەی دێتەوە یاد کە نەیتوانی بگەڕێتەوە گەڕەکەکەی و نە لە گەڵ دایکە بە ساڵاچووەکەشی قسان بکات. دەیوت ئەم کێشەیە ڕاستەقینەیە و دەیوت من لە ژێر ئیقامەی جەبری ژیام. ژیانێک تەنها هەر خۆی سەری لێدەردەکات.

نەخەوتبوو، بە ئاسپایی چاوی لە ژێر ئەو بنمیچە کردەوە. شتێک بە خەیاڵیا هات "ژیانی هونەریم ڕەنگە لێرە کۆتایی پێ بێت. بەڵام ئەم سەفەرەشم کرد تەنها بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان پەشیمان نەبمەوە. ڕەنگە ئەم ڕێککەوتە دوا ڕێککەوتی هونەریشم بێت، ڕەنگیشە وا نەبێت."

ئەمە نەستی پێ دەڵێن یا ئەو بنمیچە هەند سپی و ساردە ئەم بیکرەیەی ئاخنییە هەناوییەوە؟ من نازانم. بەڵام بێگومان لە خۆراییەوە نییە ئەم خەتەرەکردنە.

تا ڕادەیەک خۆشم دەوێ بەڵام ڕەخنەیەکی زۆریشی لێ دەگرم،

چونکە تەنها کەسێکی بە قابلییەت هەبێت لەو کۆمەڵە ئەکتەرەی کە ئیمرۆ لە بروکسلن، تەنها هەر ئەوە. ئەویش شتێکی هەندە گرینگی نەکردووە کە دڵی پێی خۆش بێت. ئەگەر بگەڕێتەوە وڵات ڕەنگبێ بیکەنە بەڕێوەبەری شوێنێک. ئەم فیکرەیە زۆر ئازاری دەدات. "باشە بۆ دەبێ بکرێمە بەڕێوەبەر؟" هەمیشە بە خۆی دەڵێت. باشە بۆ کەسێکی خاریجی ناکەنە یاریدەدەری بەڕێوەبەر. ئەو زیاتر بیر لە وەزیفەیەکی وا دەکاتەوە. هەر چەندە فیکرەی بوون بە فەرمانبەر بە هیچ نەوعێ ختووکەی نادات. بەڵام ڕەنگبێ دایکی پێی خۆش بێت کە کوڕەکەی ببینێ دوای چەندین ساڵی دەربەدەری، هەموو سەرلەبەیانییەک پێش دەرچوونی، هاوسەرە خەپانەکەی بۆینباغەکەی بۆ ڕێکخات و شۆفێرەکەش بێت بە شوێنیا. گرینگ نییە لە دائیرەکە چی دەکات. گرینگ بە سەیارە هاتووچۆی پێ دەکرێت.

لە سەر ئەسکەمبیلێکی بەڕێوەبەرانە پاڵی لێ دەداتەوە. لەو ئەسکەمبیلە نەرمانەی کە هێشتا نایلۆنەکەشیان لێنەکردۆتەوە، تازە لە بازارەکانی ئەنقەرە کڕاون. هاوینان سەرەرای ئێرکۆندیشنەکە و پانکەکە، نێوان ئەو نایلۆنە و پانتۆڵە قوماشەکەی عارەق دەکەن. ئەمە ئەسکەمبیل نییە، کوشنە، هی ئەو کەسانەیە کە دوای دانیشتن حەز ناکەن هەڵسن. چای دەخۆنەوە، چایەک، دوو چای، سێ چای، ڕۆژنامەیەکی خۆماڵی کە هەموو هەواڵەکانی لە کەناڵە ئاسمانییکانەوە دزراون، لە سەر مێزەکە داندراوە. مێوان سەری لێدەدات. ئەوانەی دەسیان بۆشە، ڕەفیقە کۆنەکانی کە دڵی بە کەسیان ناکرێتەوە. دێن، ئەوانیش چای دەخۆنەوە، پێدەکەنن، دەستێک بۆ ڕۆژنامەکە دەبەن و لە شوێنەکەی خۆی دایدەنێنەوە. چایەکە نوێ دەکەنەوە و بێ موناسەبەت پێدەکەنن. حەز دەکەن

خۆیان وا پیشان بدەن کە لە ژیان سەرکەوتوون و نهێنییە نووڵەکانیان دۆزیوەتەوە. دوای راپەڕینە و پیاوان پێدەکەنن!

برادەرە رەزا قورسەکانی دەڕۆن. بە تانیا دەمێنێتەوە، چایەکی دی دەخواتەوە. دوای شەش مانگ ددانەکانی رەش دادەگەڕێن. جگەرەیەکی زۆریش دەکێشێ. پێش ئەوەی بگاتە دایەرە، لای بەرمیلە زلەکان رایدەگرێت کە بەنزینخانەی پێ دەڵێن، لە سەر دوو تەنەکەی راعی کارتۆنێکی ئەستوور داندراوە و پاکەتی سەیر سەیری لە سەرە، بە پەنجە ئاماژە بۆ رۆسمەنەکە دەکات، دوو پاکەت دەکرێت. دەگاتە ژووری دایەرەکەی. دادەنیشێتەوە. ئەگەر خەت هەبێت ئەوە بە تەلەفۆن قسان دەکات، پێی دەکەنێت، بە قایمی پێی دەکەنێت، جارێکی دیکەش چای دەخواتەوە. سەیری رۆژنامەکە دەکات، بەڵام نایخوێنێتەوە. هیچی تیا نییە. هەست دەکات شانزە لاپەرەی سپییە و خەرجێکی زۆری لێکراوە، بەڵام ئەو دەبێ چای خۆی بخواتەوە، ئەگینا ئەم بەرێوەبەرییە هیچ مانایەکی نییە. رۆسمەن دەکێشێت و بیر ناکاتەوە.

تەنها دایکی دڵی زۆر خۆشە. لە گەرەک دەیکاتە رۆژی خۆی "کورەکەم هیچ ناکات، بەرێوەبەرە. تەنها هەر ئیمزا دەکات. کورەکەم موهیمە. چایچی خسووسی خۆی هەیە. کورەکەم ئەو چەند ساڵە لە خاریج بوو، شوکر بۆ خوا گەرایەوە و ئەوە بۆ خۆی دامەزرا، کوڕی من کوڕە ها".

بەڵام ئەوەی کاکڵ بیری لێ ناکاتەوە گەڕانەوەیە بۆ ئەو وڵاتەی کە هەر چەند دەکات ناوێکی بۆ نادۆزرێتەوە. هەست دەکات وڵاتەکەی مانای نییە. کێشەی گەڕانەوە هەندە کێشەی دایکیتی ئەوەندە نەبۆتە

کیشەی ئەو. سادە دەژیت. ئیش ناکات. ئەو کەمە پارەیەی کە وەزارەتی کۆمەلایەتی دەیداتی بەشی دەکات. کەم مەسرەفە. قاوە و جگەرە و دوو پاروو نان سەروزیادیتی. سەفەر ناکات. ئەو تەنها دەخوێنێتەوە. بە کوردی دەخوێنێتەوە، بە عارەبی دەخوێنێتەوە، بە ئەلمانیش دەخوێنێتەوە، ئەمە جگە لە فەرەنسی. هەست دەکات لە مالی خۆیەتی. بە تەنها دەژیت. ژنێک دەناسێت هاوتەمەنی ئەوە. واتە کەمۆکەیەک لە سەرووی پەنجا. یەکتر دەناسن و ناناسن. ئەمەشی زۆر لە لا گرینگ نییە. ئەم پەیوەندییە زۆر عەقلانییە. تەنها ئێوارەی شەمووان یەکتر دەبینن، واتە شەمە لە سەر یەکشەمە. شیو پێکرا دەخۆن، هەر پێکراش چێی دەکەن. زۆر جار بوتلێ شەراب لە گەل خۆی دەبات. بوتلە شەرابێکی ئالی بۆردۆ. حەز لە تامی بۆردۆ دەکات. کەمێک مەلاشوو دەگریێ، تالییەکی خۆشی هەیە، خەستە، سوورە، نەخێر قورمزییە، رەنگی دەنکە هەناری هەیە، بۆنی بەرمیلە لە تەختە دروستکراوەکەی هەیە. بۆردۆ شەرابی موفەزەلی هەردووکیانە.

دوای نان خواردن گوێ لە مۆسیقا دەگرن. مۆسیقای کلاسیکی، حەز لە فادۆی پورتوغالیش دەکات. ژنەکەی حەز لە مۆسیقای فارسی دەکات، بە تایبەتی گوێ لە نای دەگریێ. ژنەکەی لە خانوویەکی فراوان دەژیت. کوانوویان هەیە. زستانان دایدەگیرسێنن. پایزان پێکرا دەچن کۆتەرە لە دارستانەکە کۆدەکەنەوە. بە دیار ئاگرەکەوە دادەنیشن. گوێ لە قرچەی کۆتەرەکان دەگرن. هەندێ جار دەتەقێ. ئاگریش مۆسیقای خۆی هەیە. باسی سووتان ناکات، بەلکو خەون دەگێرێتەوە. سالۆنەکە گەرم دادێت، گەرمییەکی سروشتی. پاشان پێکرا دەچنە سەر دۆشەکە دوو نەفەرییەکە کە لە

تەنیشت سالۆنەکەیە. فەرشێکی ئێرانی زۆر راخراون، گۆزەی رەنگاورەنگ، شووشەی دەگمەن. فەروویەکی ریویش لە تەنیشت قەرەوێلەکە راخراوە. کاکل بە پێی پەتی هەندێک لە سەر فەرشەکە دەوەستێ. پێی خۆشە.

خۆیان رووت دەکەنەوە. بە پاڵکەوتووی گوێ لە نایەکە دەگرن. لەم لاو ئەو لای قەرەوێلەکە دوو چیلکە بخووری میسک داگیرساون، دەزووڵە دووکەڵێکی بۆندار بەرز دەبێتەوە.

باسی هونەر و کتێب و فەلسەفە ناکەن. هەردووک دەیانەوی بحەسێنەوە، لەززەتی ژیان بچێژن. بۆن و بەرامەی یەکتر بلێسنەوە. هەندێ جار بە دەم خەونەوە، ژنەکە هەندێ شیعری کۆن دەخوێنێتەوە، بەڵام نەک بۆ ئەوەی کاکل گوێی لێ بێت، بەڵکو هەر بۆ خۆی بە دەم خەونەوە دەیگێرێتەوە.

کاکل هەست ناکات لە تاراوگەیە. تەنها لە ریگای گۆڤارە کوردییەکانەوە نەبێت کە هەمیشە چاوی بە ناونیشانی قەبە دەکەوێت وەکو " ئەدەبی تاراوگە یا تاراوگەی ئەدەب" یا " کورد ئەدەبی تاراوگەی هەیە یا نا" یا " لە شیعرەوە بۆ مەنفا، لە مەنفاوە بۆ شیعر". بەڵام تەنها یەک شت ئازاری دەدات ئەویش ئەوەیە دەیەوێ بەردەوام بێت لە ئیشی هونەری. ئەم کێشەیە هی خۆیەتی و یەخەی کەس ناگرێت و سەری کەسیشی پێ نایەشێنێت. لە سەرووی هەمووشییەوە مننەت بە سەر کەسەوە ناکات. هەندەی هەست دەکات دەیەوێ شتێ بکات کە ئارەزووی لێیەتی، هەندە باسی ئەوە ناکات کە دەیەوێ خزمەتی میللەتەکەی بکات.

لە کۆتایی دا، هەست دەکات کە ئەگەر ئەویش نەبێ شتەکان رێرەوی خۆیان وەردەگرن، هەر ئەمەیە ئازادییەکی تەواوی پێ

بەخشییوە. کاکل دڵی خۆشە بەوەی وڕک بە شتەوە ناگرێ.

***

خاتوونی قژ زەرد لە ژێر چەتری "رەندێ ڤوو" واتە لەو شوێنەی کە چاوپێکەوتن تەرخانکروە، راوەستاوە و کارتۆنێکی بە دەستەوەیە لە سەریشی بە قەڵەمێکی دەمپان نووسراوە " رەمزی.

هاتووچۆکەران بە پەلە دێن و دەچن، هەن دوو جانتای پێچکەدار رادەکێشن، هەن بە تەواوی خۆیان بارکردووە و جارناجاریکیش یەک دوو قەرەجی رۆمانی، بۆ کۆکردنەوەی چەند ئێرۆیەک، منالێکی چلمنیان بە بارمتە لە کۆڵ هەڵگرتووە. لە ناوەند ئەم سەخەبە هاوچەرخەش کابرایەک ڤیۆلێنسێلێکی زەبەلاحی پێیەو دەیژەنێ. جار نا جاریکیش، هەمیشە دوای چەند فیقەیەکی سەرنجراکێش دەنگێکی ناسک هی خانمێک کە لە پشت مایکرۆفۆنێکەوە دانیشتووە، کاتی هاتن و چوونی شەمەنەفەران بە فلامان و فەرەنسی و ئینگلیزی بۆ موسافیران رادەگەیەنێ. کاتێ بە نێو ویسگەیەکەدا تێدەپەڕی هەموو شتێ ئاساییە، تۆ تەنها بە دوای شەمەنەفەری خۆت دەگەڕێی، بەڵام کاتێک دە دەقە یا چارەکێ لە شوێنێک رادەوەستیت، ئیتر ئەو دەنگە دووبارە بووانە هەرەسانت لێ دەبڕن.

رەمزی دواکەوت و خاتوونیش کەمێ وەڕس دیارە. بە چەند پەنجەیەک تاڵە قژەکەی لە سەر چاوی لا دەبات و منیجۆبێکی لەبەرە لە گەڵ کراسێکی شینی دەریایی و چاکەتێکی بۆری تۆخ. جووتێ نیمچەپووت و گۆرەوییەکی سپش دوو سەنتیمەتر لە سەرووی لیواری پێڵاوەکەیەوە کەمۆکەیەک پووزی بە نەرمی گوشیون. کچێکی ناشرین نییە، بەڵام جوانی کچانی رێکلامەی هەیە، لە

مۆزیفەی فرۆکەکان دەکات، یا ئەوانەی لە ئاژانسی سەفەر ئیش دەکەن. بە پاراوی دەدوێن، بەڵام ئەوەمان لە بیر دەچێتەوە کە تەنها هەر رستەی دووبارەبوو دەڵێنەوە. بۆیە ئێمەمانان قەت کاتی ئەوەمان بۆ راناخسێ کە لە نزیکەوە بیانناسین. کاتی لە چاوە شینەکانی ورد دەبینەوە، هەست بە جوانییەک دەکەین کە تێکەڵی ساردییەک دەبێت و لە ژێر نیگامان خۆی رادەپسکێنێ. سەیری دەستوپلی دەکەین، دەستوپلی کچۆڵەیەک دەبینین کە هێشتا خولیای گرتنی قەڵەمی قووتابخانەی دواناوەندیی هەیە. لێوانیش دوو تیشکی قرمزین. لووتێکی کچانی کێشوەری باکوور. کەمێ کورت و تۆزێکیش بەرزبۆتەوە، تەنها هەر تۆزێک واتە بە قەد شیعرێکی نەنووسراو. باڵای بەرز نییە بە نیسبەت دانیشتوانی ئەم ناوچەیە.

قژەزەردەکەشی وەکو شەپۆلێکی زەریا بەڵام ئاڵتوونی، بە سەر شانیا، کەمۆکەیەک بە سەر پشتیا هاتۆتە خوارەوە و وەک ئاڵتوونییەکی بێگرێی زەرد بێتام نییە، بەڵکو رەنگی قژێکی زیندووی هەیە. تەنها شتیش کە ئەم وەسفە رزگار بکات، ئەوە وێنەی شەپۆلە کە بدرێتە زەریا و بدرێتە ئاڵتوونیی، چونکە ئەم شەپۆلەیە وەکو بەرهەمی جوولانەوە خۆی دەبەخشێتە رەنگی ئاڵتوونی. بۆیە کاتێک رەنگی ئاڵتوونیش بێبەش دەبێت لەم شەپۆلە ئەوە تەنها هەر رەنگێکی مردارەوە بووی بێ لەشە و هیچی دیکە.

ناکرێت لە بینینی یەکەم دا هیچ جۆرە حەشەرییەک بدرێتە پاڵ خاتوون. یا ئەوەتە بڵێین لەو ژنانەیە کە لێواولێویان حەز و ئارەزووە. کاتێکیش سەرنجی لێویان دەدەین، یا سەرنجی لووتیان دەدەین، لەشی رووەکێکی زیندوو دەبینێت و هەمیشە سیحرێکی شەیتانیش دەچژێتە هەناوت. سیحرێکی شەیتانیش رەگە

هەمیشەییەکانی تێکەڵی ڕیشاڵی ئینسان بوونە.

ئەم وا نییە. لە دوورەوە هەر لەو پەیکەرە یۆنانییانە دەچێت کە جوانن بەڵام ساردن. ساردن چونکە تەنها هەر لە دوورەوە سەیریان دەکەین. گەرمیی و جوانی کاتێک دەرژێنە یەکترییەوە، کاتێک نیگا بەر نیگا دەکەوێت، کاتێک دەست بەر دەست و لەش بەر بەر لەش دەکەوێت! ڕاستە جوانیی قەت نابێتە هی تۆ، بەڵام دەکرێ لە نزیکەوە، زۆر لە نزیکەوە بۆنی بکەیت.

پەیوەندی ئەو لە گەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە تەنها پەیوەندییەکی پرۆفیسیۆناڵە. واتە لە ڕێگای کارەوەیە. نایەوێت لەمەش زیاتر بێت. ئەو ئیشەکانی زۆر بە ڕێکوپێکی دەردەپەڕێنێت و بە شێوەیەکی پیشەیی کارەکانی ئەنجام دەدات. شتی زۆر لە بارەی ژیانی شەخسییەوە نازانین، ئایا بە تەنها دەژێت، ئایا کوڕی برادەری هەیە، ئایا هێشتا لە سەر قەرەوێڵەی کچێنی، لە بنمیچی ماڵی باوک و دایک دا ژیان دەباتە سەر. بەیانیان بە پاس دێتە سەر ئیش و هەر بە پاسیش دەگەڕێتەوە. کەمجار دەبینرێت بە مۆبایلەکەی تەلەفۆن بکات. ڕستەکانی بە هاوسەنگیی دەردەبڕێت و کەمیش ئاماژە تەعبیرییەکانی ڕوخساری دەبینرێت. تەنها شت هەستی پێبکرێت ئەویش لە ڕێگای دەنگییەوەیە. هەندێ جار زەردەخەنەیەک دەکات، زۆر لەو زەردەخەنانە دەکات کە بیەوێ ئەوەی بەرامبەر ڕازی کات. ئەمەش دەچێتە خانەی کارەکەیەوە.

سەیری سەعاتەکەی سەر مەچەکی دەکات و هەناسەیەک هەڵدەکێشێ. جاریکی دیش بە دوو پەنجە قژەکەی فڕێ دەداتە پشتەوە.....

لە شۆستەی یەکەمەوە کە دەکەوێتە ئەو سەری تێپەڕگەکە، بە

هێواشی، جانتایەکی بچووکی داوەتە سەر شان و بە ناردەوانەکانا دادەبەزێ. قژەکەی وەکو جاران بژە، وەکو جاران رەشە، بەڵکو لە جارانیش رەشترە. لە جاران چوارشانەترە. قەمسەڵەیەکی چەرمی لە بەرە و پانتۆڵێکی تەسکی رەش. جووتێ پێڵاوی لووت باریک و تیژ، چرووسکەیان دێت. سەیری بەر پێی خۆی ناکات، سەیری هاتوچۆکەران دەکات و کەمۆکەیەکیش سەری دەلەقێنێتەوە، وەکو بڵێی لە ژێر لێوەوە گۆرانییەک بڵێ. نازانین لە کوێوە دێت.

کاتی خۆی هەر شەش مانگ لە بولغاریا بوو، پاشان لە نێوان پۆلۆنیا و دانیمارک دەژیا. چەند کۆرسێکی لە مەڕ سینەماوە لە یەکێ وڵاتە سۆسیالیستەکان خوێند. پاشان لە ئەرمەنستان لە گەڵ ژنێکی هاوتەمەنی خۆی دەژیا. هیچ جۆرە خۆشەویستییەک لە نێوانیانا نەبوو، تەنها سێکس نەبێت. کەسێک نییە لەو گرووپە بە تەواوی ئەدریسی رەمزی پێ بزانێ. بیست و پێنج ساڵ بە سەر تەمەنیا تێپەڕیوە بە بێ ئەوەی گۆڕانکارییەکی زۆر لە سەر پێستی هەستی پێ بکرێت. گەیشتە هۆڵەکە، واتە تێپەڕگەکەی کە نهۆمێک لە ژێر هێلی شەمەنەفەرەکان دایە. لە دووری بیست سی مەتر، چاوی بە ناوەکەی خۆی کەوت. هەر بە کوردی نووسرابوو "رەمزی" بەمە بزەیەک کەوتە سەر لێوی. لە خاتوون نزیک بووە و بە ئینگلیزی سڵاوی لێکرد  دەستی بۆ دەستی برد و وەکو جەنتڵمانێک بێزمانێکی کرد. واتە پشت دەستی خاتوونی ماچ کرد. بەم کردەیە، خاتوون بزەیەکی بۆ کرد و بە ئینگلیزی پێی وت " وێڵکەم".

رەمزی کارتۆنەکەی لە خاتوون وەرگرت و کەمێک سەرنجی ناوەکەی خۆی داو و پاشان لوولی داو فرێی دایە نزیکترین تەنەکەی زبڵ کە هەر دە مەترێک لە پاڵ دیوارەکانی هۆڵەکە داندرابوون.

سەیرێکی دیکەی خاتوونی کردەوە و پێی وت :
- ڕەنگبێ هەموو شت لێرە کۆتایی بێت. ( دەستی بۆ تەنەکەی زبڵەکە ڕاکێشا).
- بڕوا ناکەم هەموو شتێ. هەر شتە و دوای قەدەری خۆی دەکەوێت.
لە دەرگا زلەکەی وێسگەکە نزیک دەبوونەوە، ڕەمزی سەیری ئاسمانی کرد، ڕووناکییەکی کەم بە دەرەوە بوو. ئێوارە بە تەواوی رادەکشا.

***

زەرەنگ بەرامبەر بە چێشتخانەکەی دەوارەکە راوەستابوو و کەمێ مشەوەشیش دیار بوو. دەستی بۆ لایەک درێژ کردبوو و چاوەڕوانی کەسێکی دەکرد. لە ژوورەوەش، مێزە لاکێشەییەکە بە جوانی رازاندرابووە و ژەمی ئێوارە بۆ میوانان و ئەوانی دیکە ئامادە دەکرا. ساڵۆنی نانخواردن گەورەیە. سفرەیەکی سپی مێزەکەی داپۆشیوە و شانزە چەتاڵ و شانزە چەقۆ و شانزە کەوچک و شانزە پەرداخ و شانزە دەسەسڕی کاغەزی سوور داندرابوون. لە بەینی دوو فەخفووریش دا سولاحییەک ئا و ئاوپرتەقاڵ داندرابوو.
دوای ئەوەی پەیمان گەڕایەوە بارەگا و کاکلیش وردە وردە بە پێپلیکەکانا هاتبووە خوارە و گەلالەیش لە توالێتە دەرچووبوو و بەرەو لای ئەوان دەچوو. هەر پێنجیان لە لای مەکینەی قاوەکە بوون. سەرەتا بێدەنگییەک و پاشانیش ئازاد پەیا بوو و بە زەردەخەنەیەکەوە دەمی ئارەستەیان کرد :
- چۆنن هەڤاڵان؟
پاشان بە پەلە بۆ لای زەرەنگ ڕۆیشت کە چاوەڕوانی دەکرد و

هەردووک پێکرا چوونە چێشتخانەکە و لە تەنیشت مێزەکە ڕاوەستان و بە هێواشی قسەیان دەکرد.

پاشان زەرەنگ گەڕایەوە لای مەکینەی قاوەکە و هەر پێنجیانی بۆ چێشتخانەکە برد و دوو دوو بە ڕێوە قسەیان دەکرد. کاتێک گەیشتنە بەردەم دەرگای چێشتخانەکە سمکۆ هەڵویستەیەکی کرد و :

- پیییاح هەتیم...

مەسیفی وەڵامی دایەوە :

- بە خوای گەلەک برسیمە. ئەرێ چیمان هەیە؟ ئەمەی لە زەرەنگ پرسی.

- لەحمولعەجین و نیسک و سەڵاتەی لای خۆمان.

مەسیفی هەردوو ناولەپی لەیەکتر دەخشاند و پەیمان دەستی نایە سەر شانی :

- ئەی کەبابەکەی تۆ چۆنە مەسیفی؟

- کورە دەواز بینە، کەبابی چی و حاڵی چی. بە خوا بڕۆمەوە دایدەخەم و دەگەڕێمەوە سەر هونەرە حەیاتەکە. توخوا وانییە سمکۆ گیان؟

چوونە ژوورەوە.

هەموویان لە دەوری مێزە لاکێشەییەکە خڕ بوونەوە و ئازادیش بەم شێوەیە مێوانەکانی دابەش کرد : لە سەرەوە بۆ خوارەوە، نژزەردەکە و ڕەمزی بەرامبەر یەکترین، مەسیفی لە تەنیشت نژزەردەکە و و سمکۆیش بەرامبەری، حوسێن لە تەنیشت سمکۆ و کاکلیش بەرامبەری، زەرەنگ لە تەنیشت حوسێن و پەیمانیش بەرامبەری، شەش کچە پیرەژنەکەش، سێ سێ بەرامبەر یەک و ئازاد و دەمامکورچەکەش بە درێژکۆڵەیی بەرامبەر یەکترن. واتە لە

لایەک حەوت بەرامبەر یەک و لەمسەریش یەک بەرامبەر بە یەک.

- فەرموون دانیشن. ئازاد فەرمووی لێی کردن.

لە بەرئەوەی هێشتا ئەوانەی دیکە ئامادە نەبووبوون، مەسیفی و کاکل و پەیمان و سمکۆ و حوسێن دانیشتن. کەمێ بێ دەنگیی و پاشان مەسیفی بە حوسێنی وت :

- دەمێکە نمایشت لە شانۆ نەکردووە حوسە گیان؟

حوسێن دەستێکی بو سەرورێشی برد و پاشان وەڵامی دایەوە :

- دەمێکە...نازانم دەمێکە یان نا، بەڵام لە نێوان نمایشێک و نمایشێکی دی دەبێ بە قەرن بپێورێن، ئەگینا من حەز دەکەم ئەم مەسافەیە هەر بە تەواوی بسڕێتەوە.

پەیمان دەستی بە پێکەنینێکی گەلێ میکانیکی کرد و سەیرێکی حوسێنی کرد و پاشان ویستی وەڵامی مەسیفی بداتەوە :

- حوسێن لەو جنسەیە کە قەد ماندوو نابن. پەکوو ماردان جیڕە... هەر دەڵێی چرێشی قۆرییەیە!

مەسیفی ئاوڕی لای دەرگای دایەوە بینی هەر شەش پیرەژنەکە لە سەرخۆ بەرەو مێزی نانخواردن بەرێوەن و :

- مەجلیس گەرم دەبێ ئینشائەڵا...

سمکۆ دەسێکی نایە سەر دەمی مەسیفی و ویستی پێکەنینەکەی پێ بشارێتەوە. زەرەنگ بە هەڵەداوان گەیشتە لایان و هەر شەشەکەی پێشکەش کردن :

ئەم خوشکانە کۆڕاڵن، لای خۆمان جۆقەیان پێ دەڵێن. سەیرێکی کردن و بەردەوام بوو :

- ئەم هەڤاڵانەش هەرە ئەکتەرە چاکەکانی وڵاتن. کاک سمکۆ و کاک حوسێن و کاک مەسیفی و ئەمەش کاک کاکلە و کاک پەیمانیش

ئەم برادەرە ئێسک سووکەیە. دە فەرموون دانیشن.
سمکۆ سەیرێکی سەر مێزەکەی کرد و بە فسکەفسک بە حوسێنی وت :
- وشکەڕۆیە حوسێن. مەشرووباتی رۆحی نییە، هەمووی هەر مەشرووباتی بەدەنییە. دە سندانم لە بەدەن دا.
- لە جانتاکەم، بۆتڵێ جینم هێناوە. ئەوەتا لە خوارەوەیە.
سمکۆ دەستێکی بۆ سەر شانی برد و:
- بەخوای میری میرانی.
ئەو زەلامەی کە پاڵی بە پرۆژەکتەرەکانەوە دەنا، خزمەتیشی دەکرد. هەندەی نەبرد لەسەر سەریان قووت بووەوە. زازا بوو لەهجەکانی دیکەی نەدەزانی. بەڵام دەم بە پێکەنین بوو. سەیرێکی مێوانەکانی کرد و وتی :
- ئەمرێ، خزمەتێ؟
کەس وەڵامی نەدایەوە.
چوو لە سەر سینییەک لەحمولعەجینەکانی هێنا و بەسەر تەخوورییەکانا دابەشی کردن. لە سەر هەموویانی دانا. لەسەر ئەو تەخفوورییانەشی دانا کە خاوەنەکانیان لەوێ نەبوون. پاشان گەڕایەوە و قاپە نیسکەکانی هێنا و لە تەنیشت فەخفوورییەکان دایانی نا. پیرەژنەکان سەیری یەکتریان دەکرد و بە چاو شتیان بە یەکتر دەوت. کەس تێنەگەیشت.
هەندەی نەبرد رەمزی و قژزەردەکە و ئازاد و زەرەنگ پەیا بوون. کاتێک رەمزی مێوانەکانی بینی، هەر لە دوورەوە :
- یا خوا بەخێر بێن؟

هەموویان هەڵسانە سەر پێ و مەسیفی کەمێ زارەتەرەک سەیری ڕەمزی دەکرد و بۆ ماوەیەکی کورت، بەڵام زۆر خێرا هەموو رابردوو لە مێشکی دا وەکو نارنجۆکێ تەقییەوە. حەپەسا. ڕەمزی لێیان نزیک بووە و یەک بە یەکیانی گرتە باوەش و ئەم لاو ئەو لایانی ماچ کرد. گەیشتە لای مەسیفی و ئەویش چەند دڵۆپە فرمێسکێ لە چاوانی دا قەتیس بوون و گریەکی وشکیش گەرووی نووساند. مەسیفی پڕ بە دڵ حەزی دەکرد دەست بە گریان بکات، بەڵام تەجرەبەی ئەم بیست ساڵە، فێری ئەوەی کرد بوو کە خۆی کۆنترۆڵ کات، بەڵام پڕ بە دڵ باوەشی لە ڕەمزی دا و پێی وت :

- ئەوە لە کوێ بووی هەی فیرعەون؟

ڕەمزیش کەمێ کشایەوە و سەیرێکی ئەکتەرەکانی کرد و:

- لە کوێ بووم..... لە کوێ بووم؟ کورە چوزانم لە کوێ بووم. کورە لە هەموو شوێنێ بووم.

هەموو دایانە قاقای پێکەنین و پاشان هەموو دادەنیشتنەوە. جگە لە دەمامکورچەکە، ئەگینا هەموو لەوێ بوون.

ڕەمزیش سەیرێکی مێزەکە دەکات و دەستێک بۆ جانتا ڕەشەکەی شانی دەبات کە پێشتر لای پێی دانابوو و دوو بوتڵ دەردێنێ. یەکێکی ئوزۆی یۆنانییە و ئەوەی دیکەش ڤۆدکایە.

ئازاد چاوێک لە ڕەمزی دادەگەرێت بۆ ئەوەی بوتڵەکان نەخاتە سەر مێزەکە و هەر لای قاچییەوە دایاننێت، بەم هێمایە، حوسێنیش تێدەگات. ئیتر هەر سێ بوتڵەکە لە تەنیشت لاقیان، لە خوارەوە چاوەڕوانن.

کە زازایەکە دەگەڕێتەوە، داوای ئەوەی لێدەکەن کە هەندێ بەفر بهێنێت. ئەویش بە خێرایی چیایی دەچێت لە سەر سینییەیەک سەڵاتە

و سولاحییەک پڕ لە بەفر دەهێنێت. بە بێ ئەوەی بزانێت کە بۆ
مەشرووبەکانە.
یەکە یەکە بە دزییەوە، پەرداخەکان پڕ بەفر دەکەن و دەگاتە لای
ڕەمزی و ئەویش بە ئاستەم خۆی دەنووشتێنێتە و عارەقیان بۆ
تێدەکات. هەر شەشیان بادەکان بەرز دەکەنەوە و بە یەک دەنگ :
- بە سحەتی جەماعەت و بە سەحەتی یەکتر بینینەوە و بە
سەحەتی شانۆ.
چ دیمەنێکی سەرنجراکێش بوو! ئەم هاوڕێیانە دوای بیست ساڵ
زیاتر، جارێکی دی شانۆ کۆیانی دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی ناو
شانۆنامەکەش بزان. ئەمە پێی ناچێت هەندە بە لایانەوە گرینگ بێت
ئەوەی زیاتر گرینگە ڕەنگبێ بووژاندنەوەی حەزێکە دەمێکە تیایان
دەژێت.
پێش ئەوەشی ئازاد دەست بە قسە بکات، حەزی دەکرد
دەمامکورچەکەش بهاتبایە بۆ ئەوەی بە تیروتەسەلی باسی ئەم
پرۆژەیەیان بۆ بکات. بەڵام هەر وەکو ئەوەی زەمینەی قسەکان
خۆش کات، سەیرێکی ئەکتەرەکانی کرد و وتی :
- وا بزانم هەمووتان ماندووی سەفەرەکەن، ئەم شەو بە
ئیسراحەت لێی دەخەون و سبەی دوای قاوەڵتی کردن دەست بەکار
دەکەین. ڕەنگبێ پێتانیش سەیر بێت کە وا بە خێرایی دەست بە
خوێندنەوە دەق و پرۆڤە کردن و هتد دەکەین. نامەوێ لێتانی
بشارمەوە، ئەوەی ئێمە خەریکی دەبین شتێکی زۆر نوێ نییە، بەڵکو
تەواوکردنی پەیمانێکە، یا ڕاستر تەواوکردنی پرۆژەیەکی نیشتیمانە.
ئەوەی لەوێ تەواو نەکرا ئەوە ئێمە لێرە تەواوی دەکەی. بێگومان
کاک کاکل و بەڕێز کاک ڕەمزی بە باشی لە مەبەستەکەی من

گەیشتن. بۆ ئەوەی ئاشکراتریش بدوێم....

لەم کاتەدا دەمامکورچەکە لە دەرگای چێشتخانەکەوە دەهاتە ژوورەوە، هەموویان ئەم عەسرە تووشی هاتبوون، تەنها رەمزی نەبێت. کاتێ دەگاتە ئاستی مێزەکە و سلاوێک دەکات و دەچێت لەو شوێنە دادەنیشێت کە بۆی تەرخان کرابوو، ئەویش بەرامبەر بە ئازاد بوو. دەمێک بوو دوکەڵی جگەرە بە سەر مێزەکەدا بەرز دەبووەوە.

ئازاد دەستی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ :

- ئەمیش جەنابی بەڕێوەبەر و لە هەمان کاتیش دا عودژەنە.

ئەویش زۆر بە رێز، جارێکی دی هەڵدەستێتەوە سەرپێ و دەست دەنێتە سەر سینەی و دادەنیشێتەوە.

قژزەردەکە بزەیەک دەیگرێ و سەیرێکی رەمزی دەکات. رەمزیش سەری بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دووکەڵێ جگەرەکەی پەرت و بلاودەکاتەوە. مەسیفی سەرنجی دەدات و رەمزیش وەکو ئەوەی هەست بە وجوودی نەکات. بە ئینگلیزی بە قژزەردەکە دەڵێت :

- ئەم جیهانە هەر بە قەد پەشتەماڵێکە. تا دێتیش هەست دەکەم ئەم دونیایە بچووک دەبێتەوە. جاران، مەبەستم کاتێک لە کوردستان بووم، هەستم دەکرد جیهان زۆر لەوەی من تەسەوری دەکەم فراوان و بەرین ترە، بەلام تەواو بە پێچەوانەوە تێگەیشتبووم.

ئازاد دەست دەکاتەوە بە قسە.

-مەبەستم ئەوە بوو کە "خەج و سیامەند"ەکە تەواو دەکەین. لە راستی دا هیچی نەماوە بوو...

بەمە کاکل سەری شۆڕ دەکاتەوە. وەکو ئەوەی بیرێکی قوول بیباتەوە.

زیادە بە قسەکانی دەدات :

- دەقەکە دەسکاری نەکراوە. ئەوەی دەسکاری دەکری تەنها شێوەی خوێندنەوەیە. وا بزانم هەمووتان لە گەڵم دان. تۆ کاک کاکل، چ دەڵێی؟

کاکل هیچ وەڵامێکی وا حازربەدەستی پێ نەبوو، بۆیە وەڵامی نەدایەوە تەنها بە دەست ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە رەنگە بکری.

جارێکی دیش بە دزییەوە بادەکان پڕ کرانەوە و هەڵدرانەوە. لە دوورەوەش دەنگی شمشاڵێک بە بارێکی دەگەیشتە ژووری چێشتخانەکە. وەکو ئەوەی یەکێ لە میوانەکان لە یەکێ لە ژوورەکان بە تەنها مابێتەوە و خەریکی شمشاڵژەنین بێت! بەڵام ئەم بۆچوونە ماقووڵ نەبوو، لە بەر ئەوەی هەموو میوانەکان ئامادەن، جگە لە یەک دوو کەسی دیکە نەبێت کە لە سەرەوەن و قەد نایەنە خوارەوە. لە ئازاد و زەرەنگ بترازێ کەسێکی دیکە چاوی پێیان نەکەوتووە. بە هەر حاڵ دەنگێک بوو زۆر لە دوورەوە دەهاتە بەر گوێ.

رەمزی بادەیەکی دیکە پڕ دەکات و پێشکەشی قژزەردەکەی دەکات، ئەویش سەیرێکی ئازاد دەکات و لێی وەدەگرێت و نۆشی دەکات. جگەرەیەکی دیکە دادەگیرسێنێ و دەست بە قسە دەکات :

- بە راستی ئەمە وەفای راستەقینەی پێ دەڵێن. ئەوەشی پەیوەندی بە منەوە هەبێت. ئەمە دوا شانۆیە کە بەشداری تێدا دەکەم. ئامانجی بنەڕەتیی من ئەوەیە بگەڕێمەوە وڵات و دەست بکەم بە سینەما. چونکە سینەما تاقە زمانێکی هاوچەرخە کە میللەت پێویستی تەواوی پێی هەیە. سینەما و سینەما، بە خوا لە سینەما بترازێت، ئەوەی دیکە سانەوییە. هەندەش نابات لە باوەشی زێدەکەی خۆمم. ئەو بستە خاکە بە دونیای بەرین ناگۆڕمەوە. ئێێێێێاخ کوردستان. جاران من

تیاتا دەژیام، بەڵام ئێستاش هەر تیاتا دەژیم. بەڵام هەر دەشرۆمەوە.
ڕاستە من لە دەرەوە دەژیم، بەڵام بۆ یەک چرکەش لە سۆزی وڵات دانەبڕام.

ئازاد حەزی دەکرد کە گوێی لە خیتابێکی وا ببێ، هەندەی تر باوەڕی لە لا دروست دەبوو و بە شانازییەوە سەیری زەرەنگ و دەمامکورچەکەی دەکرد. هەستی دەکرد ئەوەی دەیکات ئەم ماندووبوونە دەهێنێ و بەڵکو زیاتریش.

حوسێن خۆی بۆ نەگیرا، هەڵسایە سەر پێ :

- نیشتیمان... ئەمەی زۆر ئەکتەرانە وت. دەنگی بە تەوای گڕ کردبوو.

هەست دەکرا دەگریێ. کەمێ سەری راوەشاند...بەوە دەچوو خۆی لە خەوەکان بتەکێنێ. جارێکی دی دەستی بە قسەکردەوە :

- من کە دەڵێم نیشتیمان وا بزام شەرحی ناوێ...ئێمە لە تووتکە سەگیش کەمترین لەم ئەورووپایە...

دیسانەوە سۆزێکی بێتام سوار ئەستۆی حوسێن دەبێ.

کاکل بەرامبەر حوسێن دانیشتبوو، بە تەواوی واقی وڕمابوو کە زڕتە زەلامێکی وا، هەندە بە سادەیی هەموو خەماکانی بۆ ئەم مەجلیسە هەڵدەرێژێ. حەزی نەدەکرد کە زیاتر گوێی لە قسەی وا بێت. وەکو ئەوەی پەیمان هەستی بەمە کردبێ، سەیرێکی کاکل دەکات کە لە تەنیشتی دانیشتبوو و ئەچرپێنێتە بنا گوێی :

- ئەدەبی تاراوگەیە هەڤاڵ...ئاخر تاراوگە قورمساغی وای تیایە بۆیە حاڵمان هەندە خۆشە. ئاخر بنیادەمی وا بگەڕیتەوە یا نا چ ئەهەمییەتێ هەیە!

- لێی گەڕێ با لە تەقوموس نەبێتەوە...

سمکۆ ویستی بابەتەکە بگەڕێنێتەوە سەر شانۆ، بۆیە دەمی ئاراستەی ئازاد کرد:

- باشە بۆ خەج و سیامەند. ئاخر بوو بە چی..بەیتی بلەیە؟ ئەم قلقوهۆرە تەواو نەبوو. مەبەستی فۆلکلۆر بوو. ئاغا و دەرەبەگ، ئاغا و دەرەبەگ، ئاغا و دەرەبەگ. دە توخوا بەسە با شتێکی دی بکەین.

ڕەمزی وەکو جاری جاران، بەڵام سەد و هەشتا پلە سەرتاپای تێڕوانینەکانی گۆڕانکارییان بە سەردا هاتبوو. لە مارکسییەکی برینگەوە بۆ ناسیۆنالیستیکی پەتی. ویستی گرینگی ئەم پرۆژەیە روون کاتەوە. هەر وەکو جاران بە تۆنێکی موعەلیمانەی مۆنۆتۆن. بەڵام تەمەن رستەکانی قورس کردبوو، ئەویش هەندەی دیکە زمانی لە سەر هەندی وشە دادەگرت و هەندێ حەرفیشی خاو دەکردەوە و هەندێکی دیکەشی درێژ دەکردەوە:

- خەج و سیامەند مۆڵکی میللەتە، گەنجینەیە، بڕبڕەی پشتی کوردە. تەنها چیرۆکێکی عەشق نییە، بەڵکو رۆحی میللەت زیندوو رادەگرێ. ئەم عیشقەیە کە سنوورە دەسکردەکان دەبەزێنێ. ئەمە نەمرییەیە کە نەوەکان یەک لە دووی یەک ئاوڕی لێ دەدەنەوە، بەڵکو دەبێتە سەرچاوەیەک و لێی دەخۆنەوە. سەرچاوەیەکی لە بنناهاتوو بۆ ئافراندنی راستەقینە. خەج و سیامەند دوو کەسی رووت و رەجاڵ نین، دوو رەمزن. دەزانن رەمز چییە، رەمز سەمبۆلە سەمبۆل. هەر میللەتێک رەمزەکانی لی بقەپێنی، رووتی دەکەیتەوە. دەزانن میللەتێک رووت و قووت چ دەگەیەنێ؟

پەیمانی هەمیشە عاشق، ئەگەر جاران گوێی لەم چیرۆکە بوایە، ئەوە یەکسەر تەقەمووسی سیامەندی دەکرد و کچەکەی چەلەبیشی لە خەجێ دا دەبینی، بەڵام لە ناخەوە بە تەواوی پێدەکەنی. بادەکەی

گەیاندە لای رەمزی و بە لێواولێوی بۆی گەڕایەوە. پەیمان، پەیمانەکەی جاران نەبوو، کەساسەکەی دەشتی دزەییان نەبوو، بەڵکو گەورەترین و دەگمەنترین شاعیری بێ شیعر بوو! خۆشی سەری لە خۆی دەنەدەکرد.

تا دەهات، مەجلیسەکەش خۆش دەبوو، هەندێ جار بە ئینگلیزی بۆ ئەوەی قژزەردەکە تێ بگات و هەندێ جاریش بە کوردی قسان دەکرا. رەمزی سولاحییە بەفرەکەی لە خۆ نزیک کردبووە و چنگێ بەفری هەڵگرت و کردییە پەرداخەکەیەوە و نووشتایەوە و پڕی لە ئوزوو کرد. هەستت دەکرد کە تینووە. قژە چرووپرەکەی لە جاران رەشتر دەچوونەوە و وەکو جارانیش گڤ و بژ بوو. دەمێکە رەشی دەکات. رەشترین بۆیاغ دەکرێ و هەفتەی جارێک رەشی دەکات. زور نەگۆڕاوە. بەڵام ئەگەر بە تەواوی لێی ورد بیتەوە، هەست دەکەی کەمێک ماندووە. بە موسافیرێک دەکات ئەم بیست ساڵە لە هیچ شوێنێ نەحەسابێتەوە، پێی ناچێ خانووشی هەبێت. بە راستی قەرەجێکی تەواوە. جار ناجارێ کەمێک لە قژ زەردەکە رادەمێنێ و بە چاو ئادگاری بەسەر دەکاتەوە و ئەم تێڕوانینە تێکەڵی خەون دەبێت. گەلاڵەیش جار نا جارێ دەیەوێ شتێک بڵێ سەرنجی رەمزی راکێشێ، بەڵام هیچ شتێک ناڵێ کە ببێتە جێی سەرنجدانی ئەوانی دی.

شەش پیرەژنەکەش، لەحمولعەجینەکانیان تەواو کردووە و خەریکی فڕ کردنی شۆربای نیسکەکەن کە کەسی دی دەسی بۆ نەبردووە. یەک دوو قەپاڵ لە لەحمولعەجینەکان دراوە و سەلاتەکەش بە مەشرووبەوە دەخورێت. ئەم شەش ژنە بێدەنگن، بێدەنگن وەکو دەمامکورچەکە. ئەو لە ژێر دەمامکەکەیەوە سەیری مێوانەکان

دەکات و جار نا جاریکیش سەیری کاکل دەکات و پاشان دەڕوانیتە شەش رەشپۆشەکە.

هەر دە دەقە جاریکیش زازاکە دەگاتە سەریان و سەیری میوانەکان دەکات و دەگەڕیتەوە. زۆر بە ریز دیارە، بەلام هەر هەندەی پێویست قسان دەکات. کراسێکی سپی و یەلەگی رەش و بۆینباغێکی پەپوولەیی بە تەواوی رەخساری گارسۆنی داوەتی. کاکل جار بە جار سەیرێکی دەکات و لە دڵی خۆی دەڵێ " بۆ نا، بیترنجینینە خەج و سیامەندەکەوە!".

قژ زەردەکە هەڵدەستێ و دەچێتە توالێت. کەمۆکەیەک مەستە. کەمێ بەرامبەر ئاوێنەکان رادەوەستێ و قەڵەمی سووری لیو بۆیاغ کردن لە جانتاکەی دەردەهێنێ و لیوی بە تەواوی سوور دەکات و هەندێکیش دەیساوێنیتە سەر روومەتی و بە پەنجە بە سەر گۆنای دا دەیتلیسێنیتەوە و دوگمەیەکی کراسەکەشی دەترازێنێ و دەگەڕیتەوە.

شەش پیرەژنەکە بە واقوڕماوییەوە سەیری قژزەردەکە دەکەن، کەمێ نارەحەت دیارن. یەکێکیان دەچرپێنیتە بنا گوێی دەمامکورچەکە و ئەویش دەمی ئاراستەی زەرەنگ دەکات و لێی دەپرسێ :

- ژووری ئەم خوشکانە لە کوێن.

- شەشت و شەش و حەفتاوپێنج. سێ سێ لە ژوورێک قەرەوێڵەیان بۆ تەرخان کراوە. شەست و شەش بەرامبەر بە سێ و یەکە و سێ و یەکیش لە تەنیش هەشتە.

کە گوێیان لە ژمارەی ژوورەکانیان دەبێ، یەک لە دوای یەک، بە ئاسپایی هەڵدەستن و بە بێ خواحافیزیی دەڕۆن دەخەوەن. کەمێ تورە دیارن. لە راستی دا پێش نانخواردنیش زۆر دڵخۆش دیار

نەبوون. پێش ئەوەی بچنە ژوورەکانیان، سینییە چای دیکەیان هێنا و لە دەوری مێزە خڕەکە، بە دوم چای خواردنەوەوە، دەستیان بە فسکەفسک کردەوە.

هەندەی نەبرد، دەمامکورچەکەش هەڵسایە سەر پێ، زۆر بە ڕێز دەستێکی بۆ میوانان بەرز کردەوە و شەوباشی لێ کردن. ئەوانیش هەر هەموویان وەکو ئەوەی چاویان شەش و بێش بکات، دەستیان هەڵبڕی و هەر کەسە و بە تەرحی شەوباشی لێکرد. ئازاد چاوێکی لە ڕەمزی قووچان و هەر سێ بوتڵەکە، وەک تەپەدووری ڕاگیراوی ژێر ئاو، لە پڕێکدا سەر مێز کەوتنەوە. حوسێن دەستی بۆ ڤۆدکاکە برد و بەرزی کردەوە و ماچی کرد :

- چیتان دەهێنێتەوە یاد ڕەفیقان؟

مەسیفی لە خۆشیان سەر مێزەکە دەکەوێت و هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەشیرێنی :

- حوسە، بە قوربان، چۆن وادەڵێی، تۆ قوولترین برینم دەکوولێنیتەوە.

قژزەردەکە ئەم چوونە سەر مێزەی زۆر لە لا سەیر بوو. ئازاد کە لە تەنیشتی دانیشتبوو، بە فەرەنسی پێی وت :

- لێیگەڕێ مەستە. پەناهەندەیەکی مەستە. سبەی هەموو شتێ دەگەڕێتەوە قالبی خۆی. غوربەتی هەڵساوە. دڵی خۆشە. دڵخۆش لای ئێمە ئەتواری سەیر دەنوێنن! ئێمە یا زیزین یا دڵخۆشین. ئەگەر دڵخۆشیش بین ئەوە دەشیرێنین، چونکە...

لە هەققەت دا، مەسیفی هەندە غەمئامێز و غوربەتی زۆر نەبوو، بەڵکو ویستی شتێک بهێنێتەوە یادی ڕەمزی. بەڵام بۆ ڕەمزی ئەمە تەنها هەر ڕەفتارێکی گەوجانەی بێ مەدلوول بوو. ئەو مەدلوولی

تەنها لە داهاتوو دەبینی. بیری دەکردەوە هەر هەندە نابات دەیکەنە بەڕێوەبەری گەورەترین فیستیڤالی سینەمایی وڵاتەکەی. نەک تەنها ئەمە، بەڵکو هەر خۆی خەڵات دەبەخشێتە سەر ئەکتەر و دەرهێنەر و کامێرامان و پرۆژەکتەر هەڵگر و هتد. ئەو کە وڵاتی جێهێشت لێواولێوی خەون بوو، ئێستاش لێوالێوی خەونە و نیازێتی بگەڕێتەوە. ئەو خەونانەی لە کێشوەرە کۆنەکە بۆی نەهاتنە دی، دەگەڕێتەوە لە وڵات تەحقیقی دەکات. کەسانی وەکو ئەو لە کێشوەرە کۆنەکە زۆر بوون.

دەنگی شمشاڵژەنەکە هێور ببووەوە، گۆرانییەکی کوردی دەوترا. پێی دەچوو موسەجەلێکیان هەڵکردبێ. یەک دوو چراش کووژابوونەوە، دیمەنی چێشتخانەکە بە بارێک دەچوو کە کۆمەڵێ هاوڕێ بە کرێیان گرتبێ. لە قەد دیوارەکە دوو تابلۆ هەڵواسرا بوون، یەکێکیان دیمەنێکی شاخاوی بوو، شتێکی زۆر تەقلیدی. ئەوەی دیکەش لە شێوەی جاجمێک بوو. لە نێوان هەر دوو تابلۆکەش، پەنجەرەیەکی پچووکی لێ بوو، پەردەی پێوە نەبوو، شەو دەبینرا.

پەیمان بادەیەکی بە دەستەوەیە و هەڵدەستێتە سەر پێ. چاکەتەکەی دادەکەنێ لە سەر ئەسکەمبیلەکە دایدەنێ و بە نێو ریستۆرانەکەدا دەست دەکات بە پیاسە کردن. لەپەنجەرەکە نزیک دەبێتەوە و قەدەرێک سەیری شەو دەکات. پەنجەرەکە دەکاتەوە بایەکی مەیلە و سارد دێتە ژوورەوە. بۆنی شەو دەکات. پاشان دەکشێتەوە و سەرنجی تابلۆکان دەدات. سەیری زنجیرە چیاکان دەکات و پاشان لە رەنگی جاجمەکان ورد دەبێتەوە. لچێک خوار دەکاتەوە. بە لایەک دا وەردەچەرخێ و جارێکی دیش دەست بە

پیاسە شیعرییەکانی خۆی دەکاتەوە.

ئەو هەشت کەسەی کە دەمێننەوە، تا درەنگی دادەنیشن و دەخۆنەوە قسان دەکەن و جگەرە دەکێشن. زەرەنگیش پێش ئەوەی بچێت بخەوێ، بە رەمزی دەڵێت کە ژوورەکەی ژمارە نەوەت و شەشە. رەمزیش سەر رادەوەشێنێ و پەنجەی کەڵە بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە. واتە ئۆ کەی.

تەنها یەک دوو پەنجە مەشرووب لە سێ بوتڵەکە مابوونەوە، چێشتخانەکەش بە دووکەڵ قانگ درابوو. گڵۆپ و چراکانی دەرەوە کووژابوونەوە. مەسیفی بە تەواوی مەست بووبوو و بە بێ ئەوەی شەوباش لە کەس بکات کەمێک بە لادا دەهات و بەرەو دەرەوەی چێشتخانەکە دەرۆیشت. گەیشتە بەردەم دەرگاکە، یەکێکی بینی، کراسێکی تا ئاودامانی رەشی لە بەر بوو، دەستی بە گوریسێکەوە بوو، بە بەردەمیا تێپەڕی. ئەویش ئاوڕێکی دایەوە و بەرە و ژووری ئەکسەسوارەکان چوو. زەرەنگ بە کلیل داینەخستبوو، پاڵێکی بە دەرگاکەوە نا و دەستی بۆ سویچەکە برد و چلچراکەی داگیرساند. سەیرێکی ئەو شەوقەی کرد کە لە چلچراکانەوە وەکو باران رێژنەیان دەکرد. بەرەو دۆلابەکان چوو و یەک بە یەک کردینەوە و کشایەوە دواوە و سەیری دەکردن. چوو چوارمشقی بەرامبەریان دانیشت و دەیڕوانی.

دەیڕوانییە ناخی کوێرەوە بووی خۆی. پاش قەدەرەێک هەڵدەستێ و بەرەوە دۆلابەکان دەڕوات. کۆمۆکەیەک بەرامبەر با ئاوێنە باڵانوێنەکە رادەوەستێ و کراسەکەی دادەکەنێ، پاشان پانتۆڵەکەی و دوا بە دوای ئەمەش، دەرپێکەشی دادەکەنێ. بەمجۆرە جارێکی دوقەتی خۆی دەدات. هەست دەکات بە رووتی گەلێ جوانترە.

هەستی بە لەشسووکی دەکات. هەست دەکات باریکی لە سەر لا چووە. دەرگای دۆلابەکا بەرەو خۆی رادەکێشێ و بە تەواوی دەیکاتەوە. دەست بۆ دەرپێیەکی نارنجی دەبات. لەو دەرپێیانەیە کە لەم وڵاتە تەنگەی پێ دەڵێن. بە ئاستەم ئەوەی هەیە دایدەپۆشێ. لە راستی دا ئەم دەرپێیە بۆ داپۆشین دروست نەکراوە، بەڵکو بۆ دەرخەستن ئافرێندراوە. وەکو دەڵێن لە هەموو شاردنەوەیەک دا چمکی دەرخستنیش یەکئالا دەکاتەوە. پشت لە ئاوێنەکە دەکات و سەیری پشتەوەی خۆی دەکات. خەتێکی نارنجی هەردوو سمتی شەق کردووە و ئەمەشی لە لا جوانە. پاشان مەمکلغێکی زەردی کاڵ هەڵدەبژێرێ. قەراغەکانی بە گوڵی ورد چنراون. دەیکاتە بەر. لەش دەداتە سینەی و مەسیفی کەمۆکەیەک سەر هەڵدەبڕێ و شانازی بە خۆیەوە دەکات. ئاوڵکراسێکی رەشیش بە پشتی دەرگاکەوە هەڵواسرابوو. لە ئاوریشمی ئەسڵ دەچوو. لە سەر ئاستی سینە گوڵێکی سوور فڕێ درابوو. گوڵێکی قرمزی لە سەر تەختاییەکی رەش. دوای ئەوەی ئەملاو ئەولای پێدەکات، دەیکاتە بەری. پاشانیش کراسێکی سوورمەداری بە جریوە دەکاتە بەر و دوا بە دوای ئەمەش سوخمەیەکی بە گۆبەرە و بارۆکەیەکی ئاڵتوونیش دەکاتە سەر. دوا بە دوای ئەمەش کەوایەکی بەنەوەشەیی تێر. شیرازەکانی سەوزێکی زەیتوونی بوون. کەمۆکەیەک قورس دەکەوتە سەر کراسەکە و قەوارەی دەدایە لەش. جووتێ پێڵاوی پاژنە بەرزی ئەتلەسیش دەکاتە پێ و دەست بۆ پاکەتێ سووروسپیاو دەبا و هەڵیدەگرێ و دەست دەکات بە ئاڵکردنی گۆنا و رەشکردنی چاو هتد.

جارێکی دەکشێتەوە و سەر لە نوێ لە ئاوێنەکەوە سەیری خۆی

دەکات. هەست دەکات قەیرە خانمێکی ئارەزوو بەخشە. دەچێتە ژێر چلچراکان و جارێکی دیش سەیری ئاوێنەکە دەکاتەوە. جوانییە دێرینەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. هەستی دەکات بووەتە خەجەکەی جاری جاران و هەر ئێستاش ئامادەیە بچێتە سەر شانۆ. "دەق ئا لێرەیە". دەستێک بۆ لاجانگی دەبات. "هەموویم لەبەرە تا لە ژیان ماوم ئەم دەقە وەک پێستی دووەممە، لە گەڵ خۆم دەیبەمە ژێر گڵ". سەیری خۆی دەکات و بە خۆی دەڵێ "هەتیم جوانی، تۆ قەد ناشرین نابیت.." دەداتە قاقا و پێدەکەنێ و خۆی با دەدات. تیشکی چلچراکە هەندەی دیکە نووراو لە دەوری ئەو هەموو رەنگانە دروست دەکات.

***

هەندەی نەبرد زەرەنگ شەوباشی لە جەماعەت کرد و رۆیی و قژزەردەکەش جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو و مژیی لێ دەدات و جار نا جارێکیش بە دەستێک چەند مێشێکی قژەکەی کە دەکەوتە سەر تەوێڵی فڕێی دەدایە پشتەوە و هەست دەکرا کە تامێکی تایبەت لەم دانیشتنە دەبینێ. دەمێک بوو هەندە بە تامەزرۆوە نەیخواردبووە و هەندەش بە تامەزرۆوە قسەی نەکردووە. کاتێ دەستی بە قسە دەکرد ئەوانی دیکە بە تەواوی گوێیان بۆ شل دەکرد و سەیریان دەکرد. لە راستی دا ئەم قژزەردە دوو جوانیی هەبوو، جوانییەکی مۆدێرنە و جوانییەکی سروشتی، بگرە منداڵکارانە. لە سەر لێوی چەند گەندەموویەکی زێڕین، کاتێ دەکەوتنە بەر تیشکی چراکە، لە گەڵ سووری لێوە ئەستوورەکانی، جۆرە ئاوازێکی ترسناک دەبووژانەوە. دوگمەیەک ترازاوە و سینەیەکی بلوورین ڕێگای بۆ شەقی دوو مەمکی توندوتۆڵ چۆڵ کردبوو. هەست دەکرێت لەشێکی تورتی هەیە، هەر کە پەنجە بخەیتە سەر شوێنێک، خوێنی تیا دەزێت.

ڕەمزی دیققەتی دەدا و خەونی دەبینی.
کاکلیش بیریی لە زۆر شت دەکردەوە. بە سمکۆی وت:
- تۆ بە تەما نیت دوای شەڕەکە بچیتەوە؟
- نازانم. بۆ کوێ بچمەوە. باوکم نەبینیوە. دایکمیش ساڵی پار عەمری خوای کرد و هەموو هاوڕێکانیشم لە دەرەوەن. با کێشەی ئیسپێرانساش لەوێندەرێ بوەستێت. مەبەستم ئەوەیە، بڕوا ناکەم لە گەڵما بێت. نازانم...زەحمەتە بڕیار دان...
ڕەمزی وەکو شۆڕشگێڕەکەی جاران بە بێ سێ و دوو:
- کاکە هەموو شتمان بۆ تەرخان دەکەن، هەر خوا خوایانە عەناسریی وەکو ئێمە بگەڕێنەوە. قەولیان پێ داوم هەموو شتێکم بۆ تەسخیر بکەن. هەر بگەمەوە جێ...یەکەم شت ئەوەیە کامێراکە دەخەمە شان و تێی دەتەقێنم...
کاکل هەستی دەکرد ئەوەی ڕەمزی دەیگێڕێتەوە هەر وا بە سانایی نییە، ویستی هەندێ شت ڕوون کاتەوە:
- هەر سەرەتاکەی خۆشە. هەر چەند ساڵێکی خۆشە، بە خوای پاشان وەکو کەلاش سەیرت دەکەن. نموونەمان هەیە... هەمووی حیزبایەتییە. بە بیرت دێت کاتێ دکتۆرێ بگەیشتایە شاخ دەبووە چ فەرتەنەیەک...بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی بەکار دەهات...هەمان عەقلییەتە...من موتلەقەن بڕوام نییە شتی گرینگ لای ئێمە بگۆڕێت. هەندەی کورد ئیمڕۆ باسی دیموکراسییەت دەکات، وڵاتە دیموکراسییەکان هندە باسی دیموکراسی ناکەن...کاکی خۆم خێڵ و دیموکراسی دوو شتی نەقیزی یەکترن.
حوسێن کە لە ناو جەماعەت کەم دوو بوو، بە توڕەییەوە وەڵام دەداتەوە:

- ئێمە دەبینە نموونە بۆ ئایندەی ڕۆژھەڵات.... خێڵ خێڵ...نەبڕایەوە ئەم قسە قۆڕانە...جاران ڕاستە، بەڵام ئێستا ھەموو چاکەت و پانتۆل و بۆینباغ و زمانی بێگانە و.... خۆ واستە و واستەکاری لێرەش ھەیە....

تا دەھات تەنھا قسە بە کوردی دەکرا، پێی دەچوو قژزەردەکە کەمێ سەغڵەت بووبێت، خەواڵووانە وەکو شازادەیەک ھەڵسایە سەر پێ و نە نازەوە سەیری ڕەمزی و پاشان سەیرێکی سمکۆ و حوسێن و ئازادی کرد، کاتێکیش گەیشتە ئاستی کاکل دەستی بۆ ھەڵبڕی و پێی وت :" شەوباش".

ئازاد ویستی سەنتێزی بیرکردەوەکان بکاتە سەرئەنجام و وتی:

- چوونەوە زۆر باشە، ئەگەریش نەلوا، ئەوە ھەوڵدانە لە دەرەوە...بۆ نموونە ئەمەی کە ئێمە دەیکەین یەکێکە لەو ھەوڵانە... دەشبینن چۆن لە وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان باس دەبێتە باسی خەج و سیامەندەکەی برۆکسل...دەبینن چۆن شاکارەکان دەبووژێنینەوە، بە فۆلکلۆر و درامای نوێ...!

***

قژزەردەکە چێشتخانەکە جێدەھێڵێ، سەیری سەعاتەکەی مەچەکی دەکات، شەو بە تەواوی ڕاشکاوە، نە پاس ماوە نە قیتار. لە دەرگای چێشتخانەکە ئاودیوی ژێر شەپێتوکە دەبێت. لە چەند لەحزەیەک دا ھەستی کرد ریتمی ئەو ڕۆژەی تایبەتە. دەستێک بۆ گژەکەی دەبات و بە ھەردوو دەست ھەمووی لە سەر تەوقی سەر کۆ دەکاتەوە و پاشان بەرەڵای دەکات و وەکو سۆلاف دەرژێنە خوارەوە و بە بزەیەکەوە بە خۆی دەڵێ " با بچمە ژووری لە ژووران. کوردان حەز لە موفاجەئە دەکەن!" لە سەر خۆ، بە پێپلیکانەکانا سەر دەکەوێت.

ریزی ژوور دەبینی.

سەر هەڵدەبڕێ ژمارەکە دەخوێنێتەوە. "من خۆ بڕوام بە سیحر و جادووی ژمارە نییە!" پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێت و سەرەتا دەچێت لە سەر ئەسکەمبیلێک دادنیشێ و جگەرەیەک لە پاکەتەکەی دەردەکات و دادەگیرسێنێ. سەیرێکی قەرەوێڵەکە دەکات و چاکەتەکەی دادەکەنێ، دەستێک بۆ دەسکی پەنجەرەکە درێژ دەکات و دەیەڵێ هەندێ هەوا بێتە ژوورەوە و دەگەڕێتەوە سەر ئەسکەمبیلەکە و بە دەم جگەرە کێشانەوەی خەون دەبینێ. دەوری فلتەرەکە ئاڵ هەڵگەڕابوو.

هەڵدەستێتە سەر پێ. بە نووکی پێڵاوی پێی راستی، پێڵاوی پێی چەپ دادەکەنێ و بە پێچەوانەشەوە. بە گۆرەوییە کورتەکەی لە سەر مۆکێتەیە. پاشان کراسەکە و مینیجۆبەکەی دادەکەنێ. تەنها دەرپێیە رەشەکەی و مەمکلغەکەی لە بەرە. پەنجەرەکە دادەخات و پەردە تەنکەکە دادەداتەوە و سەر قەرەوێڵەکە دەکەوێت. خۆشی بە تەواوی سەر لەم بڕیارە کتوپڕەی خۆی دەرناکات. بەڵام بە خۆی دەڵێ "حەز لێیەتی" دەچێتە سەر قەرەوێڵەکەی پاڵ دەکەوێت و چەرچەفەکە رادەکێشێتە سەری. نەهاتووە بۆ خەوتن بەڵکو چاوەڕێی رەمزی دەکات.

***

دوای ئەوەی ئازاد و سمکۆ و حوسێن و کاکل باسی هەموو شتێک دەکەن و کێشەکانی دونیا دەهێننە سەر مێزەکەیان و هەر کەسە و بە کەیفی خۆی چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە و ئەوانیش یەک لە دوای یەکتر دەگەڕێنەوە بۆ ژوورەکانیان. سبەی رۆژی کارکردنە و ئەم ئێوارەیەشیان بە خۆشی بردە سەر. بێگومان ئێوارانی

نادییەکانی وڵات قەد لە دووره وڵات دووباره نابێتەوە، بەڵام دەکرێ بەو ئامەزرۆ و یادانەوە، پەیمانی لە گەڵ وڵات نوێ بکەنەوە.

رەمزی سەیری برادەره کۆنەکانی دەکات و دەڵێ :

- سبەینێ بە هەمان وزه و حەزی جارانەوه دەبێ لە خەی هەڵسین برادەرینە.

کاکلیش ئاوها وەڵامی رەمزی دەداتەوە :

- هەڵدەسین، بەڵام وەعدت نادەمێ کە بە هەمان وزەی جارانەوە بێت!

- دەی شەو باش...تا بەیانی...

لەسەر خۆ و وەکو کارێکی قورس، قەمسەڵەکە هەڵدەگرێ و دەیداتە سەر شانیا و لە سەرخۆ، وەکو ئەوەی بە ژێر لێوەوە گۆرانییەکی فەرامۆشکراو بڵێتەوە و مێزەکە جێدەهێڵی. دەگاتە بەر دەرگا و سەیری راست و چەپ دەکات. شەوێکی کپ دیاره. بە ناردەوانەکانا سەردەکەوێت ژمارەی ٩٦ لە ژێر لێوەوە دووباره دەکاتەوە. " ٩٦، ٩٦، ٩٦، ٩٦، ٩٦ ئا ئەمەتا" بە دوو پەنجە پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێت. گڵۆپەکە نەکووژاوەتەوە و سەیری دۆشەکەکەی دەکات دەبینێ یەکێک لە ژێر چەرچەفەکە دایە. پێش ئەوەی چمکێکی چەرچەفەکە بگرێت و بە ئاسپایی هەڵیدەداتەوە، چاوێک بە ژوورەکەدا دەخشێنێ، کراسە شینەکە و مینیجۆبەکە و پێڵاوەکانی قژزەردەکە دەبینێت و لە دڵی خۆی دەڵێت "بە خوا دەمزانی".

بە هێواشی لە قەرەوێڵەکە نزیک دەبێتەوە و پێش ئەوەشی چەرچەفەکە لا دەدات، لێوی لە لێوی قژزەردەکە نزیک دەکاتەوە و پاشانیش بە ئاسپایی وکو ئەوەی پەردە لە سەر تابلۆیەکی هونەری لا دات و لە سەر خۆ هەست دەکرێت پێستی دەریایە و بەرەو

خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە. قژێکی ئاڵتوونی بەملاو ئەولای بالیفەکەدا پەرشوبڵاو بۆتەوە و دوو چاوی خەواڵووی شینیش مینا لێوەکانی تووشی بزە هاتوون. رەمزیش بزەیەکی بۆ دەکات و پێی دەڵێ : " وا دیارە نایەڵی بخەوم!"

- کەیفی خۆتە!

قژزەردەکە هەڵدەستێت و لە سەر قەرەوێلەکە دادەنیشێ. پەنجەی کەڵە بۆ سیمای رەمزی دەبات وەکو ئەوەی بیەوێ بە پەنجە رەخساری بخوێنێتەوە. پەنجە دەخاتە سەر تەوێڵی و وردە وردە شۆڕی دەکاتەوە سەر لووتی و پاشانیش لە ناوەندی سمێڵە تاشراوەکەی و کومۆکویەک لەو قۆرتە رایدەگرێ و پاشان لە سەر لێوی هەڵوێستەیەک دەکات و قەراغ لێوی بەسەر دەکاتەوە و بە پەنجە یەک دوو دوگمەی کراسە رەشەکەی رەمزی دەترازێنێ و سینە تووکاوییەکەی سینەی دەبینێ. بە ناولەپ تووکەکان بە سەر دەکاتەوە. سەری نزیک دەکاتەوە و روومەتی دەخاتە سەر سینەی و رەمزیش دەست دەکات بە نەوازشکردن لە گەڵ قژە ئاڵتوونییەکەی دەکات و دەست دەخاتە سەر پشتی و دەگمە لاستیکە بچکۆلەکەی مەمکلغەکەی وەکو مەعلان دەترازێنێ و هەردوو ئۆیەکانی بەملاو ئەو لادا شۆڕ دەبنەوە و بە پەنجەیەک رایدەکێشێت و دوو کۆتر سپی دەنووک پەمەیی دەردەکەون. وەکو ئەوەی لەوەوە پێش کەسی دیکە دەسی بۆ نەبردبن. ئەویش ناولەپ دەخشێنێتە سەر گۆی مەمکی و قژزەردەکە کراسە رەشەکەی رەمزی دادەکەنێ و سەیری مەچەکی دەکات. شوێن برینێکی چاکبووە دەبینێ و بە پەنجە بەسەری دەکاتەوە. کە لە شێوەی " ئاخ" ێکە. کاتی خۆی شوێنی کووتان بووە، هی سەردەمی هەرزەکاریی. تا دەهات قەبە دەبوو و

دزێویش دەهاتە پێشچاوی. ئەمە جگە لە توانجی برادەرە کۆنەکانی و پرسیاری هەمیشەیی ئەورووپیان. ئەویش بڕیار دەدات کە بیکوژێنێتەوە و بەڵام شوێنەکەی ماوە. مووی لێ نایەت و لووسە. ئاخێکە بە قەد دەمی کێردێک لووسە.

- ئەمە جێی برینە؟ قژزەردەکە لێی دەپرسێ.

ڕەمزیش نازانێ چۆن وەڵامی بداتەوە. دەڵێ :

- هی سەردەمی پێشمەرگایەتییە.

قژزەردەکەش لەو ماوەیەی کە لای ئازاد و زەرەنگ ئیش دەکات، چەند کورتە شتێک لە مەڕ مێژووی کوردانەوە دەزانێ، بۆیە لێو دەکاتە سەر ئاخەکە و ماچی دەکات. بەڵام بە شێوەیەکی زۆر حەشەرییانە ماچی دەکات. ماچی برینێک دەکات کە سارێژ نابێتەوە. ڕەمزیش دەست دەکات بە هەڵگلۆفینی ئەو لەشە تورتە و بۆنی دەکات و دەست دەکات بە هەڵمژینی شیلەی ئەو کچەی کە دەمێکە باوەشێکی گەرمی وای نەبینیوە.

***

مەسیفی بە جلوبەرگە نوێکەیەوە زۆر دڵخۆش دیارە. لە ژووری ئەکسەسوارەکە خەریکە بە دەور خۆی دەخوولێتەوە و نەرمە سەما دەکات. بە ژێر لێویشەوە منگەی دێت. جارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە پێش ئاوێنەکە و سەرنجی خۆی دەدات. خۆی بە دڵە، هەست دەکات جوانە، هەست دەکات گەنجە، هەست دەکات پڕ لەشی وزەیە. بیر لەوە دەکاتەوە کە هەر ئاوها سەرێک لە ژوورەکەی ڕەمزی بدات. زۆر بە باشیش نازانێ بۆچی، بەڵام حەزێکە تیایا چەکەرە دەکات، جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ سەردەمی جاران. جۆرە زیندوو کردنەوەیەکی زاکیرەیەکی مردووە. هەست دەکات شازادەیەکە و

بەرەو کۆشکی عاشقەکەی دەچێت.

دەرگای ژووری ئەکسەسوارەکە داناخات و گڵۆپەکانیش ناکووژێنێتەوە. بەڵام کاتێک دەچێتە دەرەوە، چراکانی دەوارەکە هەر هەمووی کووژاونەتەوە، تەنها چەند گڵۆپێکی سفر نەبێت، ئەویش هی فریاکەوتنە کە لە بەرزاییەکان، سەوز و سوور پەرتوبڵاوبوونەتەوە. مەسیفی دەتوانێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە و سەر پەیژەکان دەکەوێت و لە سەر خۆ بەرەو ژووری ڕەمزی هەنگاو دەنێت. بە خانمێک دەکات سەر لە دۆستەکەی بدات. بۆنی میخەک و سملی لێ دێت.

لە دەرگا نادات و بە ناولەپ دەرگاکە دەکاتەوە. ڕەمزی و قژزەردەکە دەبینێ کە خەریکی ڕامووسانن و وەکو دوو ماری عاشقەوماشقە لە یەکتر ئاڵاون. مەسیفی بە ئاسپایی، بەڵام خوێن زاوەتە نێو هەردوو چاوانییەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ژووری ئەکسەسوارەکان. سەیری قەد دیوارەکە دەکات. تەورە دەسکرەشەکە دەبینێ و پەلاماری دەدات و بە هەردوو دەست، توند دەیگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی ڕەمزی. ئەمجارەیان بە پێ پاڵێک بە دەرگا نیمچە کراوەکەوە دەنێت و هاوارێک دەکات. هەردووک ڕادەچەڵەکن، قژزەردەکە مەسیفی بە جلوبەرگی کەرنەڤاڵەوە دەبینێ و هیچ تێناگات، هەڵدەستێتە سەر پێ، بەڵام ڕەمزی لە سەر پشت، بە ڕووتی، لە توانای دا نییە بجووڵێتەوە و زارەتەرەک سەیری مەسیفی دەکات لە جلوبەرگی خانمێک و قژێکی ئاڵتوونی ئاڵۆزکا، قژەرەشەکەی جارانی داپۆشییەوە. وەکو پەیکەرێک تەنها کە لە تورەیی دروستکرابێت، چەقی بەستووە و سەیری ڕەمزی دەکات. ئەم لەحزانەش کافین بۆ ئەوەی قژزەردەکە دەرفەتی بۆ برەخسێ و فرتە بکات و مەسیفیش تەورەکە بەرز بکاتەوە و بشیرێنێ و بلێ

"هەی غایەن" و تەورەکە ڕێک و ڕاست بەرەو تەوقی سەری رەمزی شۆڕبێتەوە و خوێن فیچقە بکات.

ئاخێک و نوزەیەک و رەمزی دەکوژێتەوە. مەسیفی تەورەکەی لە دەست بەردەبێتەوە و دەکەوێتە سەر لاشەکەی رەمزی و دەست بە رۆرۆ دەکات. دەزانێ و نازانێ چی رووی دا. مەسیفی زەق زەق دەڕانێتە لاشەکەی و دەکەوێتە سەریا و دەگرێ و دەناڵێنێ: "ئاخر لۆ...لۆ وات لێکردم....دە هەڵسە حەیاتم...بە بێ ئەتوو من هیچ نیم... من هەمیشە لە پاڵ سێبەری ئەتوو خەڵکی دەمیانسیەوە....ئەتوو نەبیت ئەمن هیچ نیمە...ئەتوو لە جێی باب و برامی، ئەتوو کەس و کار و رۆحی رەوانمی، دە توخوا هەڵسەوە. چۆن زیندووت کەمەوە....بەخوای دەتبەمەوە وڵات و لەوێ قەبرێکت لۆ هەڵدەکەنم لە مەرمەری سپی تاشرابێت. وا دەکەم هەموو خەڵکی سەردانت کەن. ئەتوو هونەری کۆچبەری هەتاهەتاییت..."
مەسیفی وەکو ژنێک قژە دەستکردەکەی دەڕنییەوە و دەداتە سەر چۆکی روومەتە ناسکەکانی بە چرنووک بە تەواوی بریندار دەکات.

قژزەردەکەش بەروە ژوورەکەی ئازاد و زەرەنگ وەکو شێت رادەکات. پاڵ بە دەرگاکانەوە دەنێت و ئازاد وەکو ئەوەی دەرزیلەیان کردبێتە قەبرغەی، ئەویش رادەپەڕی و قژزەردەکەی دەبینی وا بە رووت وقووتییەوە هاتۆتە ژوورەکەی لە هیچ ناگات.
- چی بووە؟
- رەمزی...رەمزی.. هەردووک بە غاردان دەگەنە ژوورەکەی رەمزی...مەسیفییان بینی کەوتۆتە سەر لاشەکەی رەمزی و دەگرێ...

***

هەر بەو سەرلەبەیانییە، کاکل بریار دەدات بگەڕێتەوە بۆ پاریس. زەرەنگ بە تەلەفۆن تەکسییەکی بۆ بانگ دەکات. سوار دەبێت و دەڵێ:" تکایە بۆ فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی". سایق تەکسییەکە ئاوڕ ناداتەوە، هەر بە سەر راوەشاندن پێی دەڵێ "باشە".

دەگەنە بەردەم فرۆکەخانە، سایقەکە ئاوڕێک دەداتەوە. دەمامکورچەکەیە. دەستێک بۆ دەمامکەکەی دەبات و لای دەدات. هەمان شۆفێرەکەی خەڵکی سارییە. بێ بزە، کەمێ سەری شۆڕ دەکاتەوە و لووتە زلەکەی بە تەواوی دەردەکەوێت و بە کاکل دەڵێت "پێم وتی شانۆ لە عورفوعاداتی ئێمە شوومە!"

***

دوای ماوەیەکی زۆر کاکل نامەیەکی بۆ دایکی نووسی. نامەکەیان بۆ دایکی خوێندەوە و هەندێ گریا. بەڵام دەمێک بوو فرمێسک چاوانی هیشکی کردبوو. بە وشکی گریا. لە مەبەستی تەواوی نامەکە تێنەگەیشت. لەوە تێنەگەیشت کە کاکل ناوەکەی گۆڕییە و ناوی خۆی ناوە ئەنتوان. نامەیەکی کورت و پڕ مەبەست بوو. ویستی تەنها شتێک بە دایکی بڵێ کە ئیتر بێسوودە چاوەڕوانی بکەن. وتبووی :" منی ئەنتوان وا لە ژێر میچی ماڵی هاژە دەژیم. ژیانم سادەی و سەدەها لاپەڕەی نووسراوی ژیانم دڕییوە. رابردوو وەکو خەونێک هەندێ جار بە بەردەم خەیاڵما تیدەپەڕێ و خۆم ناکەمە خاوەنی. هەندێ جاریش رابردووم تەنها ئەم بیست و پێنج ساڵەیە. ئەگەر چی تەمەنم پەنجا بە سەرەوەیە، بەڵام هەست دەکەم تەنها بیست و پێنجی هی منە. ئەوەی دیکە وەکو پینە بە سەر تەوێڵمەوەیە. لە تەلەفۆن پرسی بووت چی دەکەی؟ دایە هیچ ناکەم

دەزانی هیچ نەکردن یانی چی ؟

گەلاویژی ٢٠٠٤
گەلاویژی ٢٠٠٥



# PENAHENDE

EHMEDI MELA

RANJ